هەرێمی کوردستان - عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی باخچەی منداڵان


# ڕەفتاری بزێوی منداڵ و پەیوەندی بە شێوازی کۆنترۆڵکردنی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان

پێشکەشە بە ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی کراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر / لە دەروونزانی گەشەدا


لەلایەن

ئاشنا ابراهیم سلیم

بەسەرپەرشتی

پ.د.صابر بکر مصطفی



2722 کوردی        2022 زایینی        1443 کۆچی

بسم الله الرحمن الرحيم

**فَكَيْفَ تَتَّقُونَ إِن كَفَرْتُمْ يَوْمًا يَجْعَلُ ٱلْوِلْدَٰنَ شِيبًا**

صدق الله العظيم

المزمل : 17

# پێشکەشە بە:

فریشتەی میهرەبانی دایکم.

باوکی خۆشەویستم.

دڵە میهرەبانەکان، دەستە بەخشندە و دڵسۆزەکان، هاندەرو یارمەتیدەرەکان.

ئازیزانم خوشک و براکانم.

هاوژیان و هاوکارم، هاوسەرەکەم.

بە هەموو ئەوانەی خولیای زانستن.

توێژەر

# سوپاس و پێزانین

## سوپاس و پێزانینم بۆ:

- یەزدانی مەزن کە کۆسپ و تەگەرەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەی بۆ ئاسانکردم.

- بەڕێز سەرۆک بەشی باخچەی منداڵان و مامۆستای ئازیزم(پ.د.سابیر بكر مصطفى) کە بەوپەڕی دڵسۆزیەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەمی گرتە ئەستۆ، بە تێبینییە وردو جوانەکانی نامەکەمی دەوڵەمەندترکرد

- بەڕێز ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت (پ.د.علی قادر عثمان)کە هەمیشە هاوکاربوون.

-بەڕێز یاریدەدەری ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت(پ.ی.د.حسن فخرالدین خالد)کە هەر لە سەرەتای ئەنجامدانی توێژینەوەکە هاوکاری کردووم.

-بەڕێزان پڕۆفیسۆر(د.سۆلاڤ فائق محمد،د.محمد تاتان)کە هاوکاربوون لە وەرگێڕانی ئامرازەکانی توێژینەوەکە

- بەڕێزان (م.عادل محمد ، م.کاوە عزالدین) کە هاوکارم بوون لە شیکارکردنی داتا و زانیارییەکان

بە پڕۆگرامی ئاماری (SPSS)

- بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)ی شاری سلێمانی، کە هاوکارم بوون لە پێدانی داتاو زانیاری مامۆستایانی باخچە.

- سەرجەم بەڕێوبەران و مامۆستایانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی، کە هاوکارم بوون لە بەشی مەیدانی توێژینەوەکەم.

- ئەو بەڕێزانەی کە هاوکارییان کردووم ناویان نەهاتووە.

توێژەر

## بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بەناونیشانی (ڕەفتاری بزێوی منداڵ و پەیوەندی بە شێوازی کۆنترۆڵکردنی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان) بەسەرپەرشتی و لە ژێر چاودێری مندا لە لایەن خوێندکاری ماستەر (ئاشنا ابراهیم سلیم) لە زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە دەرونزانی گەشەدا، لەو پێناوەدا واژۆمان کردووە.

واژۆ

پ.د.صابر بکر مصطفی

سەرپەرشتیار

ڕێکەوت: / / 2022

بەپێی ئەم پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ

پ.د.صابر بکر مصطفی

سەرۆک بەشی باخچەی منداڵان

ڕێکەوت: / / 2022

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئـێمە ئەنـدامانی لیــژنەی گفتوگــۆ و هەڵســەنگاندن، ئەم نـامەیە بە ناونیشــانی (**ڕەفتــاری بزێــوی منــداڵ و پەیوەنــدی بە شــێوازی کــۆنتڕۆڵکردنی پــۆلەوە لای مامۆســتایانی بــاخچەی منــداڵان**) لەگەڵ خوێنــدکاری ماســتەر (**ئاشــنا ابــراهیم ســلیم**) گفتوگۆمــان دەربــارەی نــاوەڕۆك و لایەنەكــانی دیــكەی كــرد و بڕیارمانــدا كە شایســتەی ئەوەیە بە پــلەی (نایــاب) بڕوانــامەی ماستەر لە دەرونزانی گەشەدا پێ بدرێت، لەو پێناوەدا واژۆمان كردووە.

| | |
|---|---|
| واژۆ | واژۆ |
| پ.د.یوسف حمەصاڵح مصطفی | پ.ی.د.جوان نوری رسول |
| سەرۆكی لیژنە | ئەندام |
| ڕێكەوت: / / 2022 | ڕێكەوت: / / 2022 |
| واژۆ | واژۆ |
| پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد | پ.د.صابر بكر مصطفی |
| ئەندام | ئەندام و سەرپەرشتیار |
| ڕێكەوت: / / 2022 | ڕێكەوت: / / 2022 |

واژۆ

ناو:پ.د.علی قادر عثمان

ڕاگری كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

ڕێكەوت: / / 2022

| ژمارەی لاپەڕە | پێڕستی ناوەڕۆک |
| --- | --- |
| .I | ناونیشان |
| .II | ئایەتی قورئان |
| .III | بڕیاری سەرپەرشتیار |
| .IV | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ |
| .V | پێشکەشکردن |
| .VI | سوپاس و پێزانین |
| .VII | پێڕستی ناوەڕۆک |
| .VIII | پێڕستی خشتەکان |
| .IX | پێڕستی پاشکۆکان |
| .X | پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی |
| 1-11 | بەشی یەکەم پێناسی توێژینەوە |
| 2-3 | ١- ١ کێشەی توێژینەوەکە |
| 3-7 | ١- ٢ گرینگی توێژینەوەکە |
| 7-8 | ١-٣ ئامانجی توێژینەوەکە |
| 8 | ١-٤ سنوری توێژینەوەکە |
| 8-11 | ١-٥ پێناسەی چەمکەکان |
| 12-48 | بەشی دووەم چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە |
| 13-15 | ٢-١ ڕەفتاری بزێوی |
| 15-16 | ٢-١-١ نیشانەکانی ڕەفتاری بزێوی |
| 16-17 | ٢-٣ -٢هۆکارەکانی ڕەفتاری بزێوی |
| 18-21 | ٢-٤ -٣چارەسەری ڕەفتاری بزێوی |
| 22-26 | ٢-٥-٤ تیۆری تایبەت بە ڕەفتاری بزێوی |
| 26-27 | ٢-٢ پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی پۆل |
| 27 | ٢-٢-١ ئامانجەکانی کۆنترۆڵکردنی پۆل |
| 27-32 | ٢-٢-٢ شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی پۆل |
| 32-33 | ٢-٢-٣ تیۆرەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵیکردنی پۆل |
| 34 | ٢-٢-٤ باخچەی منداڵان |
| 34-35 | ٢-٣ڕۆڵی پەروەردەی باخچەی منداڵان |
| 35-36 | ٢-٣-١ ئامانجەکانی باخچەی منداڵان |
| 36-39 | ٢-٣-٢ فەلسەفەی باخچەی منداڵان |
| 39-42 | ٢-٣-٣ توێژینەوەکانی پێشوو تایبەت بەڕەفتاری بزێوی |
| 42-45 | ٢-٣-٤ توێژینەوەکانی پێشوو تایبەت بە کۆنترۆڵی پۆل |

| ژمارەی لاپەڕە | پێڕستی ناوەڕۆک |
| --- | --- |
| 45-46 | ٢-٣-٥ گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو تایبەت بەڕەفتاری بزێوی |
| 47-48 | ٢-٣-٦ گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو تایبەت بە شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل |
| 48 | ٢-٣-٧ سوودی توێژینەوەکانی پێشوو |
| 48 | ٢-٣-٨ئامرازە ئامارییەکان |
| 49-69 | بەشی سێیەم ڕێبازی توێژینەوە و ڕێکاییەکانی |
| 50 | ڕێکارییەکانی توێژینەوە |
| 50 | ٣-١ میتۆدی توێژینەوە |
| 50-51 | ٣-٢ کۆمەڵگای توێژینەوەکە |
| 52-54 | ٣-٣ نموونەی توێژینەوەکە |
| 55-68 | ٣-٤ ئامادەکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە |
| 68-69 | ٣-٥ ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان |
| 70-84 | بەشی چوارەم ئەنجامەکانی توێژینەوەکە |
| 71-82 | ٤-١ خستنەڕوو ئەنجامەکان |
| 82-83 | ٤-٢ دەرئەنجامەکان |
| 83-84 | ٤-٣ ڕاسپاردەکان |
| 84 | ٤-٤پێشنیارەکان |
| 85-91 | لیستی سەرچاوەکان |
| 85 | سەرچاوەکان بەزمانی کوردی |
| 85-89 | سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی |
| 90 | سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی |
| 90-91 | سەرچاوەی ئینتەرنێت |
| 92-138 | پاشکۆکان |
| 138-140 | پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی |
| A | پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی |

# پێرستی خشتەکان


| ژمارەی لاپەڕە | ناونیشانی خشتە | ژمارەی خشتە |
|---|---|---|
| 51 | کۆمەڵگای توێژینەوە بەپێی ژمارەی مامۆستا | 1 |
| 51 | کۆمەڵگای توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز | 2 |
| 54 | نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوەکانی ( جۆری باخچە، ڕەگەز، بڕوانامە، پسپۆڕی، تەمەن، ساڵانی خزمەت) | 3 |
| 56-58 | هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ ڕەفتاری بزێوی | 4 |
| 59-60 | هاوکۆلکەی پەیوەندی بۆ ڕەفتاری بزێوی | 5 |
| 62 | جێگیری بۆ پێوانەی ڕەفتاری بزێوی | 6 |
| 64-65 | هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل | 7 |
| 66-67 | هاوکۆلکەی پەیوەندی بۆ شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل | 8 |
| 68 | جێگیری بۆ پێوانەی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل | 9 |
| 71 | دەستنیشانکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی | 10 |
| 72 | دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز) | 11 |
| 74 | دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی (جۆری باخچە) | 12 |
| 75 | دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی( بڕوانامە) | 13 |

## پێرستی خشتەکان


| | | |
|---|---|---|
| 76 | دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی( پسپۆڕی) | 14 |
| 77 | دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی(تەمەن) | 15 |
| 79 | دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی (ساڵانی خزمەت) | 16 |
| 80 | دەستنیشانکردنی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی(حکومی و ناحکومی). | 17 |
| 82 | پەیوەندی ڕەفتاری بزێوی منداڵ لەگەڵ شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی(حکومی و ناحکومی) | 18 |

## پێڕستی پاشکۆکان


| ژمارەی پاشکۆ | ناونیشانی پاشکۆ | ژمارەی لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| 1 | نوسراوی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت بۆ پشتگیریکردنی توێژەر | 87 |
| 2 | لیستی ناوی شارەزایان بەپێی ڕیزبەندی پلەی زانستییان دەربارەی هەڵسەنگاندنی ڕاستی ئامرازەکانی توێژینەوە | 88 |
| 3 | لیستی ناوی پسپۆڕانی وەرگێڕ | 89 |
| 4 | فۆڕمی تایبەت بە وەرگێڕ | 90 |
| 5 | پێوانەی (ڕەفتاری بزێوی)بەشێوەی سەرەتایی | 91-94 |
| 6 | وەرگێڕآن(عەرەبی –کوردی-عەرەبی | 95-99 |
| 7 | پێوانەی ڕەفتاری بزێوی دوای گەڕانەوەی لای پسپۆڕان | 100-104 |
| 8 | فۆڕمی ڕاپرسی شارەزایان | 105-109 |
| 9 | فۆڕمی ڕاپرسی بۆ مامۆستایانی باخچە | 110 |
| 10 | وێنەی پێوەری(ڕەفتاری بزێوی) بەشێوەی کۆتا | 111-114 |
| 10 | پێوانەی (شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل) بەشێوەی سەرەتا | 115-123 |
| 11 | وێنەی (شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل )بەشێوەی کۆتا | 124-132 |
| 12 | ئامادەکردنی توێژینەوەکە لەسەر CD | 132 |

# پوختەی توێژینەوەکە

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی ڕەفتاری بزێویە لای منداڵانی باخچەی (حکومی و ناحکومی) لای مامۆستایانەوە و بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەی بە ناوەندی گریمانەی، پاشان دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی به پێی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز, تەمەن,بڕوانامە، پسپۆڕی، ساڵانی خزمەت، جۆری باخچە).

هەروەها دەستنیشانکردنی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی (حکومی و ناحکومی) بەشێوەیەکی گشتی بەراوردکردنی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لە نێوان مامۆستایانی باخچەی (حکومی ، ناحکومی)، دواتر دۆزینەوەی پەیوەندی ڕەفتاری بزێوی منداڵ لەگەڵ شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی (حکومی و ناحکومی)،بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە،کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتی بوو لە سەرجەم مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوایی سەنتەری شاری سلێمانی، نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە(٢٨٥) مامۆستای باخچە، بەشێوازی هەڕەمەکی چینایەتی ، توێژەر دوو پێوەری ئامادەکرد بۆ هەردوو گۆڕاوی توێژینەوەکە، توێژەر بۆ دەرهێنانی ڕاستی ئامرازی توێژینەوە ،ڕاستی وەرگێڕان و ڕواڵەتی دەرهێناوە،بۆ جێگیریش ڕێگای دووبارەکردنەوەی بەکارهێناوە،لە کۆتایدا توێژەر بەم ئەنجامانە گەیشتووە کەبریتین لە

- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە،ئەمەش ئەوە دەردەخات ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە لە ئاستێکی نزمدایە.
- هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نیە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز لە دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە.
- جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە دیاریکردنی ئاست و جۆری ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی جۆری باخچە و جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی باخچەی ناحکومیدایە.

- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی بڕوانامە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی بڕوانامەی بەکالۆریۆسدایە.

-هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نییە بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی لە دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە .

- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی تەمەن جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی تەمەن (21-31)ساڵدایە.

- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی سالانی خزمەت جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی (1-10,11-20,21-30) ساڵدایە.

- بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت کە شێوازی دیموکراسی باوترین شێوازی کۆنترۆڵی پۆلە کە لەلایەن مامۆستایانی باخچەوە بەکاردێت، هەروەها جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە بەکارهێنانی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچە جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی باخچەی ناحکومیدایە.

- بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت کە پەیوەندییەکی پێچەوانەی نەرێنی هەیە لە نێوان ڕەفتاری بزێوی منداڵ لەگەڵ شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی (حکومی و ناحکومی).

توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا چەند دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارێکی خستووەتە ڕوو .

# بەشی یەکەم

## پێناسی توێژینەوەکە

## کێشەی توێژینەوەکە

## گرنگی توێژینەوەکە

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە

## سنووری توێژینەوەکە

## دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان

# بەشی یەکەم
# پێناسی توێژینەوەکە

**کێشەی توێژینەوەکە:-**

**بۆئەوەی دەست بکرێت بە باسکردنی کێشە و گرفتە ڕەفتارییەکان پێویستە ئاماژە بە نەبوونی هێڵی جیاکەرەوە بکرێت لە نێوان ڕەفتاری دروست و ڕەفتاری نادروست، بەهۆی بوونی جیاوازی پێوەرەکانی دەستنیشان کردنی ڕەفتار،کەئەمەش یەکێکە لەو گرفتە باوانەی ڕووبەڕووی توێژەران دەبێتەوە،بەهۆی بوونی جیاوازی بیرو بۆچوونەکان بەرامبەر بە ڕەفتاری پەسەند و ناپەسەند بەپێی جۆری کۆمەڵگاکە دەگۆڕێت.**
**ڕەفتار بابەتی سەرەکی توێژینەوەکانی دەرونزانییە، چالاکی بونەوەری زیندووە کە بواری سەرنجدان و تێبینیکردنی هەیە، ئەم چالاکییەش گشتی و لێکدراوە و سێ لایەن لەخۆ دەگرێت و بریتین لە مەعریفی و هەڵچوونی و جوڵەیی، هەرچی لایەنی مەعریفییە پرۆسە عەقڵییەکانی (بیرکردنەوە، یادکەوتنەوە، لە یادچوونەوە، فێربوون، چارەسەری کێشە، زیرەکی)دەگرێتەوە. لایەنی هەڵچوونیش(ترس و توڕەبوون و پێکەنین و گریان و شەرم و غیرە)لەخۆدەگرێت. لایەنی جوڵەییش سەرجەم جوڵەی ئەندامەکانی لەش دەگرێتەوە بەجیا یان جوڵەی ئەندامێک یان زیاتر بەیەکەوە وەک(ڕۆیشتن، مەلەکردن، تایپکردن) کەواتە هەر ڕەفتارێکی مرۆڤی ئاسایی بەو سێ لایەنە ئاوێتەیە، بەڵام لایەنێک زیاتر زاڵە، بۆ نموونە ڕۆیشتن کە زیاتر ڕەفتارێکی جوڵەییە، بەڵام خاڵی نییە لە مەعریفە و هەڵچوون. (بۆکانی،٢٠٢٠، ل ل:١٩٦-١٩٧)**
**منداڵان بەگشتی ڕووبەڕووی چەندین شڵەژان و کێشەی ڕەفتاری دەبنەوە، دەگونجێت هۆکارەکەی ئەندامی بێت یاخود ژینگەیی بێت وەک مامەڵەی نادروستی باوان، بەتایبەت منداڵانی باخچە کە دەناڵێنن بەدەست چەند کێشەیەکی ڕەفتاری وەک (بزێوی ،فرەجوڵەیی، کەمی ئاگایی، شەڕانگێزی) هەموو ئەمانەش دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەخشینی چێژ بە منداڵ لە باخچەدا.(عبدالجواد،٢٠١٨: ٢)کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لەڕەفتاری بزێوی کە ئەم ڕەفتارەش یەکێکە لە باوترین و ناڕێکترین ڕەفتار لای منداڵان کە وای کردووە سەرنجی توێژەران بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، لاوازی ئاگاییان یەکێکە لەئاستەنگەکان کە دوچاری ئەم جۆرە منداڵانە دەبێتەوە وا دەکات منداڵ نەتوانێت پەیوەندییەکی باش دروست بکات لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تیایدا**

دەژی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تواناى شیکردنەوە و وەڵامدانەوەی بۆ ڕوداوەکانی دەوروبەری نەبێت،و هەروەها تواناى خۆگونجاندنی لەگەڵ خۆی و دەوروبەرەکەیدا لاواز بێت. (عبدالله،٢٠١٨: ٤٨٥)

کۆنترۆڵی پۆل بەشێکی دیکەیە لە کێشەی توێژینەوەکە، یەکێکەلە گرفتە باو و سەرەکییەکان کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی باخچە دەبێتەوە، ئەوان سەختییەکی زۆر دەچێژن لە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو مندالانەی ڕەفتاریی بزێویان هەیە ئەمەش وایان لێدەکات کە زیاتر هەوڵیان لەگەڵ بدەن و شێوازی گونجاو بەکاربهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی پۆل.(عبدالله،٢٠١٨ :484).سەرباری هەموو ئەوانەی باسکران توێژەر خۆی هەستی بە کێشەی ڕەفتاری بزێوی کردووە لە باخچەدا، بەو پێیەی ساڵانێک بەڕێوبەرو مامۆستای باخچەیە و نزیکە لە دنیای منداڵ و ئاشنایە بە کێشەکانی منداڵ بەتایبەتی کێشە ڕەفتارییەکان، لەئەنجامی تێبینیکردنی بەردەوام و هەستکردن بەکێشە ڕەفتارییەکانی منداڵ، توێژەر ئەنجامدانی توێژینەوەی لەسەر ئەم بابەتە بەپێویست زانی، بۆ دەستنیشانکردنی ڕەفتاری بزێوی و دەستنیشانکردنی شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی پۆل لەلای مامۆستایانی باخچە.

باخچەی مندالان کاردەکات لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان و گەشەکردنی منداڵ لەهەموو لایەنەکانی (عەقلی، کۆمەلایەتی،هەڵچونی،هەستی جوڵەیی،....هتد) هەروەها دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ دەوروبەردا و پەرەدان بە توانا شاراوەکانیان و بەرزکردنەوەی ئاستی زیرەکییان، هەروەها باخچەی مندالان جەخت دەکاتەوە لە سەر بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکان و گرنگی بە لایەنی زمانەوانی و جەستەیی و زانستی و هونەری و کۆمەلایەتی دەدات. (العمرانی، ٢٠١٤،ل ل: ١٩-٢٠)

## گرنگی توێژینەوە:

بەشێوەیەکی گشتی قوتابخانەکانی دەروونناسی کۆکن لەسەر ئەوەی کە شەش ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵ پڕ بایەخە، ئەم قۆناغە قۆناغی دروست بوونی جەستەی مرۆڤەو لەو ماوەیەدا تێگەیشتنەکانی دەست نیشان دەکات لە میانەی تێکەڵ بوونی بە ژینگەی دەوروبەری لە ماددی و مرۆییەکان و دەرونییەکانەوە (فرۆبڵ) لە بارەی ئەمەوە دەڵێت :(( ئەم ماوەیە ماوەی گەشەکردن و فێربوون و دروسبوونی ڕاستەقینەیە

**بۆ خودی مرۆڤ لە لایەنی جەستەیی و دەروونی ئەقڵی و کۆمەڵایەتی ئەگەر لەم ماوەیەدا بە شێوەیەکی دروست و پەروەردەییانە ڕەفتار لەگەڵ منداڵ دا بکرێت، لە داهاتوودا کەسایەتییەکی بەهێز و خاوەن ئەزموون و تەندروستی لێ دروست دەبێت وە بە پێچەوانەوە.**

**قۆناغی پێش قوتابخانە چوار چێوەی کەسایەتی دادەڕێژێت، بیرمەندی ئەمریکی (دورنسی لونولت) لەم بارەیەوە دەڵێت :((کاتێک منداڵ هان ئەدرێت، فێری بەرەوپێش چوون و متمانە بە خۆبوون ئەبێت، ستایش ئەکرێت، فێری ڕێز و سەرسام بوون ئەبێت. هەست بە یەکسانی ئەکات فێری دادپەروەری ئەبێت. لەئاسایشدا دەژێت، فێری متمانە بەخۆبوون دەبێت. کرداری باش دەبینێت، فێری یەکتر قبوڵکردن دەبێت. لە پەیوەندی هاوڕێیەتی و یەکتر قبوڵکردندا دەژێت، فێری دەربڕینی خۆشەویستی دەبێت بۆ هەموو کەسێک. لە ژینگەیەکدا دەژی لێبوردەی تێدایە، فێری ئارامگرتن دەبێت.**

**بەڵام ئەگەر هاتوو ژینگەی منداڵ پێچەوانە بوو بەم شێوەیە:**

**- کاتێک منداڵ لە ژینگەیەکدا ژیا بەردەوام ڕەخنەی ئاڕاستەکرا، ئەوا فێری سەرکۆنە کردن و تاوانبارکردنی کەسانی دیکە دەبێت. لە ڕق و کینەدا ژیا، ئەوا فێری توندو تیژی دەبێت. دووچاری گاڵتە پێکردن ببێتەوە، فێری شەرمکردن دەبێت. بەردەوام تاوانبار دەکرێت و بە هۆکاری ڕوداوەکان دەزانرێت هەستی گوناهباری لا دروست دەبێت.بەم شێوەیە کاریگەرییەکانی دروستبوونی کەسایەتیەکی باش یاخود خراپ پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە چۆنیەتی پەروەردەکردنی تاک لە قۆناغی منداڵیدا.**

**(ملحم،٢٠٠٢: ٣٣)**

**توێژینەوەکان دەریانخستووە کە قۆناغی منداڵی واتا قۆناغی بەر لەچوون بۆ قوتابخانە، کە قۆناغێکی خێرایە لە گەشەکردندا بەتایبەت گەشەی عەقڵی، Bioom پێی وایە لە (٥٠%) گەشەی عەقڵی مرۆڤ لە لەدایک بوون تاکو تەمەنی چوار ساڵییە و(٣٠ %) لە تەمەنی چوار بۆ هەشت ساڵییدایە وە لە(٢٠%) لە تەمەنی لە هەشت بۆ حەڤدە ساڵیدایە، واتا ڕێژەی (٧٠%) گەشەی عەقڵی مرۆڤ لە تەمەنی منداڵیدایە، بەو پێیەش منداڵ لەم تەمەنەدا دەتوانێت زانیارییەکی زۆری بینراو و بیستراو لە مێشکیدا تۆماربکات و جێگیری بکات و لە داهاتوودا سودی لێوەر بگرێت، ئەمەش بە بانکی زانیاری ناودەبرێت، هەروەها قۆناغی منداڵی بە قۆناغی گەشەی یەکلاکەرەوە ناو دەبرێت کاتێکی زۆر هەستیارە، لەبەر ئەوەی گەشە لەم تەمەنەدا هەمەلایەنە پێویستە سەرجەم پێداویستییەکان و حەزو و ویستەکانی منداڵ تێربکرێت، هەروەها زۆر گرنگە منداڵ هان بدرێت و ڕاهێنانی پێ بکرێت، ئەگەر هاتوو**

له کاتێکدا باوان یاخود پەروەردکاران  کەمتەرخەم بوون لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکە، ئەوا گەشەی منداڵ کەم و کورِی دەبێت زانایانی دەروونناسی جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کە چەند کاتێک هەیە پێویستە ڕاهێنان بە منداڵ بکرێت، هەر بۆیە بە پێویستی دەزانن کەسێک بێتە پێشڕەو و پێشەنگی، دەگونجێت ئەو کەسە دایکی بێت یاخود باوکی یان مامۆستاکەی بێت تاوەکو منداڵ لاسایی بکاتەوە و شوێن پێی هەڵبگرێت، بەمەش منداڵ دەتوانێت گەشەیەکی ئاسایی و تەندروستی هەبێت وەک گەشەی زمان و قسەکردن. (ملحم،٢٠٠٢، ٢٩)

ڕەفتار لایەنێکی گرنگی ژیانی مرۆڤە بەگشتی و ژیانی منداڵ بەتایبەتی، لەبەر ئەوەی دەتوانین لەرِێگەی ڕەفتارەوە دەستنیشانی زۆر شت بکەین وەک: جۆرەکانی کەسایەتی،شێوازەکانی بیرکردنەوە،تێگەیشتن لە کێشە و گرفتەکان، تاکو بەپێی جۆری ڕەفتارەکە مامەڵە بکەین بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە،گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە لەوەدایە کە چۆن بتوانین ئەم ڕەفتارەی منداڵ بناسینەوەو دەستنیشانی بکەین ئایا ئەم ڕەفتارە بوونی هەیە یاخود نا تاکو باشێوەیەکی تەندروست مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، گرنگە باوان و مامۆستایانی باخچە بزانن کە ڕەفتاری بزێوی تاکو چ ڕادەیەک ئاساییە وپێویست بە نیگەرانی ناکات،هەروەها بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکەی(موسی، ٢٠١٦)ئاماژە بەبوونی ڕەفتاری بزێوی دەکات و پەیوەندی بە دڵەڕاوکی دەخاتەڕوو،هەر بەپێی دەرئەنجامەکانی ئەوە دەردەخات کە ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی کوڕ بەرزترە بە بەراورد بە منداڵانی کچ.

گۆڕاوێکی دیکەی توێژینەوەکە بریتییە لە شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی پۆل لای مامۆستایانی باخچە، وەک ئاشکرایە شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل بایەخێکی زۆری هەیە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ منداڵان بەگشتی و منداڵانی بزێو بەتایبەت، مامۆستایانی باخچە کاردەکەن لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان، کە یارمەتییان دەدات لە هەڵبژاردنی شێوازێکی گونجاو بۆ کۆنترۆڵکردنی پۆل، بوونی شێوازی جۆراوجۆر پێویستە بۆ کۆنترۆڵکردنی پۆل، چونکە مامۆستا مامەڵە لەگەڵ بونەوەرێکی زیندوودا دەکات ئەویش منداڵە کە بەردەوام لەگۆڕاندایە، ڕۆڵ و بایەخی مامۆستای باخچە لەوەدایە،کە پێشەنگە لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵاندا،یەکێک لە ئەرکە گرنگ و سەرەکییەکانی  مامۆستا ئەوەیە کە چۆن بتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەو منداڵانە بکات کە کێشەی ڕەفتارییان هەیە. (النداوی،2018: 462).کۆنترۆڵکردنی منداڵ لە پۆلدا بەشێکە لە بەدیهێنانی ڕەفتاری شارستانی و گرنگییەکی گەورەی هەیە لە ئامادەکردن و تەواو کردنی

پرۆسەی فێربوون،لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، درێژەدان بە پرۆسەی فێرکردن و هێشتنەوەی منداڵ لە پۆلدا بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن هۆکارە بۆ دروست بوونی پەشێوی ناو پۆل، منداڵ لەم تەمەنەدا توانای گوێگرتن و دانیشتنی بۆ ماوەیەکی زۆر نییە، ئەگەر پۆل کۆنترۆڵ نەبێت ئەوا ناتوانرێت هەموو منداڵەکان بەشداربن و چێژ لە چالاکییەکانی ناو پۆل وەربگرن، بەشێکی دیکە لە ئەرکی مامۆستای باخچە چارەسەرکردنی کێشەکانی منداڵە بەگشتی و کێشە رەفتارییەکان بە تایبەتی. (قندل،1993:212) کۆنترۆڵی ناو پۆل جیاوازییان هەیە، لە رووی شێواز و جۆر و رێگاکانییەوە و تارادەیەک ئاڵۆزە مامۆستا بەرپرسیارە لەو گۆڕانکاری و رووداوانەی کە لە پۆلدا روودەدات، وەک پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و رەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە راستەوخۆ پەیوەستە بە مامۆستاوە، جگە لەمەش پێویستە مامۆستا منداڵەکان ئاگاداربکاتەوە بۆ پاراستنی کەل و پەلەکانی ناو پۆل و پێداویستییەکان و ئامرازەکانی فێرکردن (ابوجادو،٣٥١:٢٠٠٦). کۆنترۆڵی پۆل مەرجێکی سەرەکییە بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، بۆ ئەوەی مامۆستا سەرکەوتوبێت لەم پرۆسەیە، لە کاتی پلاندانان رەچاوی سەرجەم لایەنەکانی زانستی و کارامەییەکانی منداڵ بکات، ئەگەر هاتوو مامۆستا رەچاوی ئەم خاڵانە نەکات ئەوا پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی هێز و سزا و خۆسەپاندن کە ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی زانستی و لاوازبوونی کەسایەتی منداڵ، ئەگەر هاتوو پۆل کۆنترۆڵ نەبوو ئەوا دەبێتە هۆی، بە فیڕۆدانی کاتی وانەکە و دروست بوونی پشێویی و نا ئارامی ناو پۆل هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیە کۆنترۆڵی پۆل گرنگە بۆ مامۆستایان. (بارون،٦،٢٠٠٦) جێبەجێ کردنی چەند بنەمایەکی ستراتیژی گرنگ بەدڵنیاییەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی سیستەمێکی باش لەپۆلدا، لەمیانەی ئەوانەی باسمان کرد بۆمان دەرکەوت کە بابەتی کۆنترۆڵی پۆل لە لای مامۆستایان یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکان،کە پەیوەندیدارە بە کرۆکی پیشەکەیەوە، بە رەچاوکردنی توانا و ئاستی زانیاری تایبەت بە پسپۆرییەکەی خۆی، دەتوانین بڵێن یەکێک لە نیشانەکانی مامۆستای سەرکەوتوو ئەوەیە کەتوانای کۆنترۆلکردنی پۆلی هەبێت، گرنگە مامۆستا منداڵ فێری سیستەم و پلان و هەروەها گیانی هاوکاری بکات کە ئەمانەش هۆکارن بۆ سەرخستنی پرۆسەکە.(محمد،٢٠١٤: ٥).

### گرنگی تیۆری:

گرنگی تیۆری ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستە دەبێت،( ئەوەندەی توێژەر ئاگاداربێت ) تاکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەک لەسەر هەمان بابەت لە کوردستان کە بەزمانی کوردی بێت ئەنجامنەدراوە، گرنگی قۆناغی

باخچە بەو پێیەی قۆناغێکی پەروەردە و فێرکاریی بنەڕەتییە بۆ قۆناغەکانی دیکەی خوێندن ، دامەزراوەیەکی پەروەردەییە بۆ پێگەیاندنی نەوەکانمان .پاشان پێشکەش کردنی شێوازی جۆراوجۆر بۆ کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی پۆل لای مامۆستایانی باخچە،بەوپێیەی مامۆستایانی باخچە بنەمای سەرەکی و سەنتەری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی منداڵانن لە باخچەدا.

## گرنگی پراکتیکی:

گرنگی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کە هەوڵدەدات بەشێوازێکی ئەکادیمی وپێوەرێکی زانستی هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی ڕەفتاری بزێوی منداڵ و پەیوەندی بە شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی پۆلەوە لای مامۆستایانی باخچە بکات،کەسەرجەم مەرج و تایبەتمەندییە زانستییەکان بخاتەڕوو بۆئەوەی توێژەرانی بواری باخچەی منداڵان و خوێندکارانی خوێندنی باڵا و پسپۆڕانی بواری دەرونزانی بەگشتی و دەرونزانی گەشە بەتایبەتی،مامۆستایان و پسپۆڕانی پەروەردە،خوێندکارانی بەشی دەرونزانی و باخچەی منداڵان سوود لە هەردوو بەشی تیۆری و پراکتیکی وەربگرن.

## ئامانجەکانی توێژینەوە :-

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا لەهەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە دایە:-

١- دەستنیشانکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچەی (حکومی و ناحکومی)لە لای مامۆستاکانیانەوە و بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی لەگەڵ ناوەندی گریمانەیی.

٢- دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوەکانی :

- ڕەگەزی مامۆستا (نێر، مێ)
- تەمەنی مامۆستا (٢١-٣١ساڵ، ٣٢-٤٢ساڵ، ٤٣-٥٣ساڵ،٥٤-٦٤ساڵ)
- بڕوانامەی مامۆستا(دبلۆم، بەکالۆریۆس)
- پسپۆڕی مامۆستا (باخچە، پسپۆڕی تر)
- ساڵانی خزمەتی مامۆستا (١-١٠ساڵ، ١١-٢٠ساڵ،٢١-٣٠ساڵ،٣١-٤٠ساڵ)
- جۆری باخچە (حکومی، ناحکومی)

**٣- دەستنیشانکردنی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی(حکومی و ناحکومی)و بەراوردکردنی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لەنێوان مامۆستایانی باخچەی(حکومی و ناحکومی) .**

**٤- دۆزینەوەی پەیوەندی ڕەفتاری بزێوی منداڵ لەگەڵ شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی (حکومی و ناحکومی).**

**سنووری توێژینەوە :-**

**سنوری مرۆیی / بریتی یە لە مامۆستایانی باخچە حکومی و ناحکومیەکانی (سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی شاری سلێمانی).**

**سنوری جوگرافی / سەرجەم باخچەکانی منداڵان لە سەنتەری شاری سلێمانیدا بە حکومی و ناحکومییەوە لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا).**

**سنوری زەمەنی / ساڵی خوێندنی** 2020-2021

**دیاریکرنی چەمکەکان :-**

**أ) پێناسەی ڕەفتار :** Behavior

**١-الزعبي (٢٠١٩) :-"بریتییە لە هەر چالاکییەک کە لە بوونەوەری زیندوو دەربچێت یان سەرچاوە بگرێت، جا ئەگەر ئەو چالاکییە خۆویست بێت یان خۆنەویست.(الزغبي،٢٠١٩: ٢٤)**

**٢- عبد العظيم(**2013**):- بریتییە لە سەرجەم ئەو چالاکییانەی کە لەلایەن مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێت، جا ئەگەر بەشێوەی کرداری هەست پێکراوبێت وەک چالاکی فسیۆلۆجی ، جوڵەیی، یاخود چالاکییەکی هەست پێنەکراو بێت، وەک بیرکردنەوە، بیرهاتنەوە، ...هتد.( عبد العظيم،٢٠١٣:٢١)**

**ب) پێناسەی ڕەفتاری بزێوی:**Impulsive Behavior

**١- کاگان (١٩٧٣) :- بریتی یە لەو ڕەفتارەی کە تاک بە شێوەیەکی خێرا وەڵام دەداتەوە و بڕیار دەدات کە زۆر جار هەڵە دەکات.(کاجان،١٩٧١: ٣)**

٢- رضوان (٢٠٠٢) :- ڕەفتارێکی چاوەڕواننەکراوی منداڵە و توانای کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکانی نییە. (رضوان، 2002 : 548)

٣- شعلان ( 2014) :- منداڵانی خاوەن ڕەفتاری بزێوی، وەڵامدانەوەی خێرایان هەیە بۆ هەر وروژێنەرێک و ناتوانن وەڵامێکی ڕاست و دروست بدەنەوە. (شعلان، 2014: ١٥).

٤- ممادي(2015) :- بریتیە لە پەلەکردن و بێ سەروبەری منداڵ لە کاتی قسەکردن و ئەنجامدانی ڕەفتارەکان و وەڵامدانەوە بەشێوەیەکی خۆنەویستانە.( الممادي،٢٠١٥،ل ل: ١٥٢-١٥٣)

٥- الشبول(٢٠١٧):- بریتییە لە کەمی بیرکردنەوەی منداڵ لە کاتی وەڵامدانەوە لە هەلومەرجی جیاوازدا، وەڵامدەداتەوە پێش ئەوەی پرسیارەکە تەواو ببێت، توانای چاوەڕوانیکردنی نییە.(الشبول،٢٠١٧: ١٠)

٦- Legg (٢٠٢٠) :- بریتییە لەو ڕەفتارەی کە تاک بەخێرایی و بەبێ بیر کردنەوە لە ئاکامەکەی، ئەنجامی دەدات .( 2020, pietrangelo )

**پێناسەی ڕێکاریی ڕەفتاری بزێوی:** بریتییە لەو نمرەیەی کەلە ڕێگەی ئەندامانی سامپڵی توێژینەوە بۆ پێوانکاری ڕەفتاری بزێوی لای منداڵی باخچە دەست دەکەوێت کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە.

ج) **پێناسەی منداڵی باخچە:** Child Kindergarten

١- صایغ(2006):- ئەو جۆرە منداڵانەن کە تایبەتمەندی و پێداویستی جودای خۆیان هەیە، دەتوانین ووردتر بڵێین منداڵانی هەردوو پۆلی یەکەم و دووهەمی باخچە کە تەمەنیان کەوتووەتە نێوان( 3-6 ) ساڵانەوە. (الصایغ،٢٠٠٦: ٢)

٢- خطاب(2011):- ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە لەسەرەتای قۆناغی منداڵیان لە ساڵی سێیەم دەستپێدەکات تاکو دەگاتە ساڵی پێنجەم یاخود سەرەتای ساڵی شەشەم کە بە سەرەتای قۆناغی منداڵی ناودەبرێت.(الخطاب، 2011: ٢١)

١- العمرانی (2014 )-:  ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە نێوان (٤-٥) ساڵدایە و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە باخچە دەمێننەوە .(العمرانی،٢٠١٤: ١٩)

ء ) پێناسەی باخچەی منداڵان :Kindergarten

١- ڕەمەزان (2003):- ئەو دەزگا پەروەردەییە تایبەتمەندەیە کە لەکەش و هەوایەکی کراوە و پاک و خاوێنانە بایەخ بە منداڵ دەدات، ڕایاندەهێنێت و بواری چالاکی ئەوتۆیان بۆ دەڕەخسێنێت کە کاتەکانیان بە یاری و چالاکی سودمەند بەسەر دەبەن.(ڕەمەزان،٣:2003).
٢- عەلی و ئەوانی تر(٢٠١٣):- بریتییە لەدەزگایەکی پەروەردەیی کە ئامانجی بەدواداچوونی تەواوی گەشەی منداڵە،لەگەڵ بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان ڕەفتاری خۆیی و خۆڕسکانەی منداڵان پابەندبوون بە بەهاکانی کۆمەڵگاوە.(عەلی و ئەوانی تر،٢٠١٣: ٩)

٣- حەمەدەمین (2016):- بریتییە لە ناوەندێکی پەروەردەیی، کە رووێکی ئامانجی پەروەردەکردنی منداڵە، لە لایەنی جەستەیی و دەروونی، رووێکی دیکەی ئامانجی چارەسەرکردنی گرفت و حاڵەتە نەخوازراوەکانی منداڵە. (حەمەدەمین،2016: 126)

٤- بۆکانی (٢٠٢٠):- دەزگایەکی پەروەردەیی کۆمەڵایەتییە ئامانجی گەشەیەکی تەواو و هاوسەنگە لە هەموو لایەنە جۆراو جۆرەکانی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و هەروەها ئامانجی بەرزکردنەوەی تواناو بەهرە جیاوازەکانە لەڕێگەی یاری و چالاکی ئازادانەوە،ئەم دامەزراوە پەروەردەییە چەندین چالاکی جۆراو جۆری تێدایە، تاکو دەرفەتی خۆدەربڕینیان بۆ بڕەخسێنێت و مەشقیان لەسەر چۆنیەتی ژیان و کارلێکی کۆمەڵایەتی پێبکەن.(بۆکانی،٢٠٢٠: ٥٦)

ه)پێناسەی کۆنترۆڵی پۆل: Classroom Control

١- الحراشه و الخوالدو (٢٠٠٩):-بریتییە لە پابەندکردنی منداڵ بە ڕەفتاری خوازراو و ئاڕاستەکردنیان بۆ ئەنجامدانی چالاکی ناو پۆل.(الحراشه و الخوالدة،٢٠٠٩: ٤٥٠)

**٢- عبدلهادی(٢٠١١):- بریتییە لە ڕێکخستن و ڕونکردنەوەی یاساکانی پۆل، کە مامۆستا و منداڵ ڕێککەوتوون لەسەر جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە و ئاڕاستەکردنی منداڵ بۆ ڕەفتاری خوازراو و دروست و دورکەوتنەوە لە ڕەفتاری نەخوازراو و نادروست.(عبدلهادی،٢٠١١: ١).**

**٣- مونس (٢٠١٥):- بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا و سیستەم کە مامۆستایان بە کاریدەهێنن لە ناو پۆلدا ، پێویستە منداڵ پێوەی پابەند بێت، بە ئامانجی دروست کردنی کەشێکی ئارام لە پۆلدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجی پەروەردەیی.(مونس،٢٠١٥: ٤٤)**

**٤- حقار (2018 ): بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێکاری کە مامۆستا دەیگرێتەبەر بۆ یارمەتیدان و پەرەپێدانی توانای خوێندکاران و بەدیهێنانی ئامانجی پەروەردەیی. (حقار،2018: 6)**

**٥- محمد و الباسط (2018):- بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای پۆل، کە مامۆستاو خوێندکار لەسەری ڕێککەوتوون و خوێندکارانیش پێوەی پابەندن.(محمد و الباسط،2018: 96) .**

**پێناسەی ڕێکاریی کۆنترۆڵی پۆل:بریتییە لەو نمرەیەی کەلە ڕێگەی ئەندامانی سامپڵی توێژینەوە بۆ پێوانکاری کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچە دەست دەکەوێت کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە.**

**و) پێناسەی مامۆستای باخچە:Kindergarten Teacher**

**١-عبدالرؤوف (2008):- کەسایەتییەکی پەروەردەییە هەڵبژێردراوە بە چەند پێوەرێک و پێویستە چەند تایبەتمەندییەکی تێدابێت لە لایەنی جەستەیی و عەقڵی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و هەڵچوونی کە گونجاوبێت لەگەڵ پرۆسەی پەروەردەدا.( عبدالرؤوف،٢٠٠٨:٦)**

**٢- بۆکانی (2020):- ئەو کەسەیە لە قۆناغی باخچە دا بەپەروەردەکردنی منداڵ هەڵدەستێت، و لەهەوڵی هێنانەدی ئامانجە پەروەردەییەکاندایە بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی تەمەنی منداڵان، هەروەها بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی چالاکییەکان لە ناو پۆل و دەرەوەدا لەئەستۆی ئەودایە، بوونی کۆمەڵێک تایبەتمەندی کەسێتی و کۆمەڵایەتی پەروەردەیی لە خەسڵەتە پێویستییەکانی ئەو مامۆستایەن، کە جیای دەکاتەوە لە مامۆستای قۆناغەکانی تری خوێندن.(بۆکانی،٢٠٢٠،ل ل: ٣٢١-٣٢٢)**

# بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

## ڕەفتاری بزێوی

## باخچەی منداڵان

## چەمکی کۆنترۆڵی پۆل

## شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل

## توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

**ڕەفتاری بزێوی:-**

**قۆناغی منداڵی بەگرنگترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ دادەنرێت، بەو پێیەی قۆناغی دروستبوونی کەسایەتی منداڵە لەداهاتوودا، جا ئەگەر ئەم کەسایەتییە تەندروست بێت یاخود ناتەندروست، پەیوەندی بەشڵەژاویە دەروونیەکانەوە هەیە، کە لە دەرئەنجامی مامەڵەی نادروستی دەوروبەردا دروست دەبێت، ئەم قۆناغە تایبەتمەندی خۆی هەیە جیاواز لە قۆناغەکانی تری ژیانی مرۆڤ.(خلف،٢٠١٤: ٥)**

**بزێوی زۆرکات دەبێتە هۆی دروست بوونی مەترسی پێشبینی نەکراو، ئەو منداڵانەی ڕەفتاری بزێویان هەیە بەردەوام ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبنەوە لەلایەن کەسانی ترەوە بەهۆی زۆر قسەکردن و درێژەدان بە بابەتەکان، هەروەها بەردەوام لە بەربەرەکانێ و ململانێدان لەگەڵ دەوروبەردا، گرنگی بە هەستی کەسەکان و ڕەفتارەکانیان و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان نادەن، بەگشتی ئەم جۆرە منداڵانە خۆشەویست نین لای هاوڕێکانیان لە باخچەو دەرەوەی باخچەش، بەشێک لە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەو و مامەڵەی نادروستی خێزان و پەروەردکاران، کە لە ئەنجامی رق و کینەوە دروست دەبێت لەئاکامی شکاندن و ڕەتکردنەوە و توڕەبوون لەبەردەم چوار دەورەکەیدا ئەم ڕەفتارە سەرهەڵدەدات. (الحیاری،٢٠١٢: ٤١٠ ).**

**کاگان(kagan)لە ١٩٦٦ پێی وایە منداڵانی بزێو بەشێوەیەکی خێرا وەڵامدەدەنەوە بەبێ ئەوەی بیربکەنەوە، لەلایەکی ترەوە لایەنی کۆمەڵایەتییان زۆر لاوازە و تێکەڵی دەوروبەر نابن ، ئەمە لە کاتێکدا تێدمان(Tedman)لە 1989 باس لە تایبەتمەندی منداڵانی بزێو دەکات و پێی وایە کە ئاستی خۆگونجاندنیان لەگەڵ دەوروبەردا لاوازە . ئەنجامی توێژینەوەکەی بوب(pope) لە١٩٨٦ ئاماژە بەبوونی پەیوەندی نێوان فرەجوڵەیی و شەڕانگێزی دەکات لەلای منداڵ، هەروەها لاوازی ئاگایی یەکێکی ترە لە ئاستەنگەکان بەتایبەت لە بەجێ هێنانی ئەرکەکانیان لە پۆلدا لەگەڵ ئەوەشدا منداڵانی بزێو توانای ئەنجامدانی ڕەفتاری جوان و جوڵەیی ئاساییان هەیە ، بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین ئەم جۆرە منداڵانە لە خوێندندا لاوازن و دوچاری شکست دەبن. (عبدلله،٢٠١٨: ٤٨٥).**

توێژینەوەکان دەریانخستوە منداڵان و هەرزەکاران زیاتر دووچاری ئەم حاڵەتە دەبنەوە، هەروەها ئەم منداڵانە بیر لە دەرئەنجامی نەرێنی کارەکانیان ناکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زیرەکن و کاتێک وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە بەشێوەیەکی زۆر خێرا وەڵامدەدەنەوە، بەبێ ئەوەی هیچ توانایەک بخەنە کار، سەرئەنجام دەکەونە هەڵەوە، ئەم جۆرە منداڵانە توانای بەرەنگار بوونەوەی ئەو گیرو گرفتانەیان نییە کە رووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو خۆڕانەگری و بێ پلانیەی کە هەیانە، ئەم ڕەفتارە بەشێوەیەکی بەرچاو لە منداڵانی تەمەن خوار هەشت ساڵ بەدی دەکرێت، زۆرجار ڕەفتاری سەرەڕۆیی دەبێتە بنەمایەک بۆ سەرهەڵدان و دروستبوونی ڕەفتاری دوژمنکاری لای منداڵ. (القشاعلە،٢٠١٢،پ پ : ٧٥-٧٦) ئەم ڕەفتارە بە یەکێک لە ڕەفتارە باوەکان دادەنرێت کە لە نێو منداڵاندا بڵاوە و بەپێی توێژینەوەکان بە ڕێژەی لە (٤٠-٥٠%)کێشە ڕەفتارییەکان پێکدەهێنێت. (ابوغزالە والدبلجی،٢٠١٤: ٢٠٢).

ئەم ڕەفتارە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەفتاری شەڕانگێزی بنوێنێت و گوێڕایەڵی دایک و باوک نەبێت و حەز بە وانەکان نەکات و خۆی بەشتی لاوەکییەوە سەرقاڵ بکات، بەپێی توێژینەوەکان ڕێژەی توشبوون لە کوڕاندا زیاترە بە بەراورد بە کچان.(زینب،٢٠١٩: ٧٢) ڕەفتاری بزێوی لای منداڵان لە تەمەنی سێ ساڵ بۆ سێ ساڵ و نیوە وە دەردەکەوێت، بەردەوام دەبێت تاکو ساڵەکانی سەرەتای گەنجی، ئەم ڕەفتارەش جۆرێکە لە شڵەژانە ڕەفتارییەکان لای منداڵان، هاوشێوەی شڵەژانەکانی دیکە وەک: فرەجوڵە و کەمی بەئاگایی، هەروەها ئەم شڵەژانە بەڕێژەی لە(٣-٥%) کاریگەری هەیە لە سەر منداڵانی تەمەن (٥-١٨) ساڵاندا، ڕێژەی توشبون لە کوڕاندا زیاترە بە ڕێژەی (٤,١) بەراورد بە کچان. (هنداوی،٢٠٢١)، بەشێک لە ئەنجامی توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە ڕێژەی (٤٠-٥٠%) ئەو منداڵانەی ڕەفتاری بزێویان هەیە سەردانی سەنتەرەکانی چارەسەری دەروونی دەکەن بەمەبەستی چارەسەرکردن، ئەمە لەلایەکی دیکەوە توێژینەوەکان گرنگییان داوە بەوەی ئایا ڕێژەی توشبوون بەم ڕەفتارە لەلای کوڕان زیاترە یاخود کچان؟ئایا منداڵانی لادێکان زیاتر دووچاری ئەم کێشەیە دەبنەوە یاخود شارەکان؟ ئەم کێشە ڕەفتارییە بەشێوەیەکی بەرچاو بەربڵاوە لە نێو منداڵان وهەرزەکاراندا، ئەمانەش پێویستییان بە ڕێنمایی و بەدواداچوون هەیە بۆ گرفتەکانیان ، لە پێناو کەمکردنەوەی ئاستی توندی ئەم حاڵەتە، بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بۆ ساڵی (٢٠١٥)ئاماژە بە زیاد بوونی کێشەو گرفتە ڕەفتارییەکان دەکات بەتایبەت لای خوێندکارانی کچ بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو،هەروەها ئاماژەش بەگرنگی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکانی منداڵ دەکات هەر لەقۆناغی سەرەتاییەوە تا قۆناغی ناوەندی وئامادەیی و تەنانەت

زانکۆش،بەڕەچاوکردنی داواکارییەکانی بەپێی قۆناغ و تەمەن، لەگەڵ ئەوەی کە شێوازەکانی ڕەفتاری منداڵ کاریگەری هەیە لەسەر چارەسەرکردنی زانیارییەکان و بیرکردنەوەی خودییەتی، منداڵی بزێو سەرکێش و بەپەلەیە لە ئەنجامدانی کارەکانی، دەرئەنجامی ئەم ڕەفتارانەش دەبێتەهۆی دروست بوونی کێشەو گرفت و بێزارکردنی دەوروبەر و هیچ سودێک ناگەیەنن بە تاک و کۆمەڵگە،بەپێی دەرئەنجامی توێژینەوەکان لەبواری پەروەردەیی و دەروونی، ئاماژە بەوەدەکەن کە شەڕانگێزی توندڕەوی جۆرێکە لە ڕەفتاری بزێوی لای منداڵ.(زینب،٢٠١٩: ٢).

**نیشانەکانی ڕەفتاری بزێوی:-**

- بەبێ بیرکردنەوە وەڵامدانەوەی خێرای هەیە بۆ هەڵوێستە جیاوازەکان.
- وەڵامدەداتەوە پێش ئەوەی پرسیارەکە تەواو بێت.
- قسە بە ئەوانی تر دەبڕێت و خۆی دەدوێت.
- بیر لە دەرئەنجامی ئەو کارە ناکاتەوە کە ئەنجامی دەدات.
-زۆر قسەدەکات و درێژە بە بابەتەکان دەدات.
- توندوتیژە.
- دەست وەردان  لە کاروباری کەسانی تر.
- هەڵپەکردن لە کاتی قسەکردندا بێ ئەوەی ڕەچاوی کات و شوێنی گونجاو بکات.
-بەردەوام ناڕازییە و ڕەخنە و گلەیی ئاڕاستەی کەسانی دیکە دەکات.
-پەلەکردن لە کاتی ڕۆیشتن وپەڕینەوە لە شەقامەکاندا.
-کەمتەرخەمە لە جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی.
-خۆی بەدور دەگرێت لە ئەنجامدانی ئەو کارانەی پێویستی بە سەرنجدان هەیە.
- فرەجوڵە و گێرەشێوێنە.
- کارەکەی بە ناتەواوی جێدەهێڵێت و دەست بە ئەنجامدانی کارێکی دیکە دەکات.
-جوڵەکانی خێرایە.
-توانای چاوەڕوانی کردنی نییە و ناتوانێت نۆرەبگرێت بەتایبەتی لەکاتی یاری و چالاکیدا.
-بەهۆی ڕەفتارەکانییەوە سەرچاوەی دروست بوونی کێشەیە لە ماڵ و باخچە و شوێنە گشتییەکاندا.
-ناتوانێت چاوەڕێی نۆرەی خۆی بکات لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەکان.

-بەدەگمەن هاوكاری هاوڕێ و مامۆستاكەی دەكات لە پۆلدا.

(النابلسی،٢٠١٣: ٣٦)،(عبدلله،١٩٩٣،ل ل:٩٩-١٠٣ )،(معوض،٨٢٩:2011)،(ابو سعد،٢٠٠٦: ١٤٧)

(الزيات،٢٠٠٦: ٨)،(عبيد،٢٠١٥: ١٥٠)

**هۆكارەكانی ڕەفتاری بزێوی:-**

**یەكەم: هۆكارە بۆماوەییەكان:-**

**یەكێك لەو هۆكارانەی كە ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە دووچار بوونی منداڵ بەم حاڵەتە، هۆكارە بۆماوەییەكان یاخود جینییەكانە ،كە لەباوانەوە دەگوێزرێنەوە بۆ نەوەكانیان ، ئەگەرهاتوو ئەم ڕەفتارە لە خێزاندابوونی هەبێت، ئەوا بەڕێژەی لە (٣٠%)ئەگەری دووبارە بوونەوەی هەیە لەنێو منداڵانی هەمان خێزاندا.(الهنداوی،٢٠٢١).**

**دووەم:هۆكارە دەمارییەكان (مێشك):**

**زانایانی بواری دەمارناسی پێیان وایە یەكێك لەهۆكارەكان كە منداڵ دووچاری ئەم ڕەفتارە دەبێتەوە، بوونی گرفتە لە بەشی پێشەوەی مێشك كە دەكەوێتە سێ یەكی پێشەوەی مێشك لەبەشی خوارەوەی نێوچاوان، كە ئەمەش دەكرێت بە سێ بەشەوە كە بریتین لەمانەی خوارەوە:**

**-بەشی تەنیشت دوور لەتەوەر .**

**-بەشی پشتێنەی سوڕاوە، بەشی خوارووی ڕووی پێشەوەی مێشك.**

**-لول پێچی سەرەوە ،كەبە ناوەڕاستی بەشی پێشەوەی مێشك دا تێدەپەڕێت، ناودەبرێت بە لاتەنیشتی دور لە تەوەری لول پێچ لە ناوەڕاست، ئەم بەشەی مێشك بەرپرسە لە چاودێری كردن و سەرپەرشتی و سەركردایەتی كردن و توانای بەڕێوەبردنی كات و كۆنترۆڵكردنی، هەڵچونەكان و پلان دانان و ڕێكخستنی بیركردنەوە و ڕەخنە گرتن و بەئاگایی ڕاگرتنی هاوسەنگی كیمیایی و گواستنەوەی بۆ دەمارەكان و ڕێكخستنی چالاكییەكان .(الهنداوی،٢٠٢١) دروست بوونی گرفت لەم بەشەی مێشك بەهۆی چەند هۆكارێكەوەیە، دەكرێت بەهۆی بوونی ڕوداوێكەوە بێت و زەبر بەر ئەو بەشەی مێشك كەوتبێت ،جا ئەگەر لەكاتی لە دایك بوون بێت یاخود دوای لەدایك بوون بێت . (الزغول،٢٠٠٦: ١٢١).**

**سێیەم:هۆکارە دەروونییەکان:**

**بەشێوەیەکی گشتی لایەنی دەروونی کاریگەری خۆی هەیە لەسەر ڕەفتاری منداڵ بەگشتی و بەتایبەت ڕەفتاری بزێوی ،ئەمەش بەهۆی بوونی فشارە جۆراوجۆرەکان لەو ژینگەیەی تیایدا دەژی دروست دەبێت،بەشێکی دیکە لە هۆکارە دەروونیەکان پشتگوێخستن و دانەنانی ڕێز و بەهایە بۆ منداڵ ،کە ئەمەش دەبێتە هۆی لاواز بوونی متمانەی خودی لای منداڵ بەتایبەت لە قۆناغی باخچەدا،کە بەقۆناغی دروستبوونی کەسێتی دادەنرێت،ئەمەش فاکتەرێکە بۆ دروست بوونی کەسێتیەکی لاواز لەداهاتوودا،وەک پێویست نەتوانێت خاوەن بۆچوون و بڕیاری خۆی بێت لەسەرجەم کایەکانی ژیانیدا.( ابو سعد،٢٠٠٦: ١٤٧)**

**چوارەم:هۆکارە ژینگەییەکان:**

**هۆکارە ژینگەییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر شڵەژانەکان و شڵەژانە ڕەفتارییەکان بەتایبەتی، کە هۆکارە ژینگەییەکانیش ئەمانە دەگرێتەوە:**

**- فشارخستنەسەر منداڵ بەتایبەتی لەکاتی پەروەردەکردندا.(زينب،٢٠١٩: ٧٢)**

**- جۆرەکانی خواردن کاریگەری هەیە لەسەر ئەم ڕەفتارە بەتایبەت ئەو خۆراکانەی دەوڵەمەندن بە مادده دەستکردەکان، ڕێژەی شەکری زۆرە وەک شوکولاتە، کە دەبێتە هۆی زیاد بوونی وزەی منداڵ.**

**- توشبوونی منداڵ بە چەند جۆرێک لە ڤایرۆس و بەکتریاو هەوکردن، بەتایبەتیش سورێژەی ئەڵمانی.**

**-زۆر بەکارهێنانی جۆری ئەو یارییە ڕەنگدارانەی کە لە پێکهاتەکەیدا ماددەی ڕەساسی تێدایە.**

**- بەکارهێنانی دەرمان لەکاتی دووگیانیدا، یاخود نەخۆش کەوتنی دایک بە هەندێک نەخۆشی کە کاریگەری لەسەر کۆرپەلە دروست دەکات وەک سورێژەی ئەڵمانی. (الهنداوي ،٢٠٢١)**

**-ئاڵۆزی و نارێکی خەوتن بەشێکە لە هۆکارەکان بۆ دوچاربوونی منداڵ بەم حاڵەتە،بەتایبەت پرخەی شەوانە کە وەکو پێویست خەوێکی ئاسودە نەدات بەمنداڵ و لە ڕۆژدا گرفتی بۆ دروست بکات،ئەمەش کاریگەری لەسەر کرداری تێگەیشتن و سەرنجدان دروست دەکات لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەکاندا. (ابو سعد،٢٠٠٦: ١٤٧).**

**چارەسەرەی ڕەفتاری بزێوی:-**

**بەشێوەیەکی نەریتی، دوو جۆری فراوان لە چارەسەر بەکارهێنراون بۆ چارەسەرکردنی بزێوی: چارەسەری فارماکۆلۆژیک و چارەسەری ڕەفتاری مەعریفی لەم دواییانەدا ڕێگاکانی تری ناساند؛ ئەمانە لە بیردۆزی گەشەپێدانی دەماردا بەستراون و ئاماژە بە نارێکی لە خۆڕێکخستن و ڕێکخستنی سۆزداری دەکەن کە پەیوەستن بەبزێوی.**

**یەکەم:چارەسەری ڕەفتاری مەعریفی:-**

**ئەم چارەسەرە جەخت دەکات لەسەر بەهێزکردنی توانای بیرکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی هەستەکانی منداڵ و هانی دەدات تاکو بە وریاییەوە ڕەفتارەکانی ئەنجام بدات و یارمەتی دەدات بۆئەوەی بەشێوەیەکی ژیرانە وەڵامی وروژێنەرەکانی دەوروبەر بداتەوە، ئەم چارەسەرە کاتێکی زیاتری پێویستە بەبەراورد بە ڕێگاکانی تر(kristanlyn.salters,20.7.2020)یەکێک لە ئامانجەکانی لە چارەسەریی مەعریفی بریتییە لە گۆڕینی بیرۆکەکان دووبارە ڕێکخستنەوەی بیرکردنەوە.(بطرس،2010:١٩٢) هەروەها یارمەتی چارەخواز دەدات تاکو کێشەو گرفتەکانی خۆی دەستنیشان بکات، بتوانێت بیرکردنەوەو هەست و نەستەکانی خۆی بدۆزێتەوە،بەشێکی تر لەم چارەسەرە یارمەتی دانی چارەخوازە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری و فێربوونی ڕەفتاری نوێ، هەروەها یارمەتی دان بۆ بەردەوام بوون لەسەر گۆڕانکارییە ڕەفتارییەکانی و دورکەوتنەوە لە ڕەفتاری پێچەوانە.(العراقی،١٩٩١،ل ل: ٩٠-٩٢) هەست و نەست پاڵنەری سەرەکییە بۆ ئاراستەکردنی ڕەفتارەکان، بۆیە هەرکات بیرکردنەوەکان لە بنەڕەتدا ڕاست و دروست بوون ئەوا ڕەفتارەکانیش بەهەمان شێوە دروست دەبێت و بەپێچەوانەشەوە.هەربۆیە ئەم چارەسەرە بە گرنگترین و پێشکەوتوترین چارەسەری بواری دەروونناسیدا دادەنرێت و بە چارەسەری ڕیشەی و بنەڕەتی دادەنرێت.(عثمان،1978: 43)**

**بیک(beck) پێی وایە لەم چارەسەرەدا پێویستە وەڵامەکان دەستنیشان کراوبن بەجۆرێک ببێتە دروست بوونی ئەزموون لای تاک، بەشێک لە زانایانی چارەسەری مەعریفی چارەسەری فسیۆلۆژی ڕەتدەکەنەوە،لەبەرامبەردا گرنگی دەدەن بە چارەسەری ڕەفتاری و زانینی.(ابو السعود،٢٠٠٢: ٤٤)**

**دووەم:چارەسەری خێزانی:**

**یەکێک لە چارەسەرە گرنگەکان چارەسەری خێزانییە ،یارمەتیدان بۆڕاستکردنەوەی ڕەفتاری منداڵ و کەمکردنەوەی فشار لەسەر منداڵانی بزێو ،باترسون پێشنیاری بەرنامەیەکی فێرکاری کرد بۆ باوان ،**

کەبنەمای سەرەکی بەرنامەکە هاوکاری کردنی منداڵان بوو ،کە بتوانن ڕەفتاری خوازراو ئەنجامبدەن و دوربکەونەوە لە ڕەفتاری نەخوازراو ، هەروەها باوان تێبینی ڕەفتاری منداڵەکە یان دەکرد ،لەکاتی ئەنجامدانی ڕەفتاری دروستدا پاداشتی منداڵەکەیان دەکرد و ئەمەش وەک و هاندانێک بۆ منداڵ تاوەکو بەردەوام بێت لەسەر ڕەفتارە باشەکەو دورکەوتنەوە لە ڕەفتاری نادروست و نەخوازراو.(مصطفى،2010:١٦٤),بەشێکی تر لەچارەسەری خێزانی، ڕوونکردنەوەی بابەتەکان بەوردی و زانینی هۆکاری پاداشتکردن و و سزادان ، جگە لە دانانی سیستەمێکی ڕێکخراو بۆ ژیانی منداڵ،وەک ڕێکخستنی کەلوپەلەکان و بەکارهێنانی ئامرازی ئاگادارکەرەوە وەک زەنگەکان یاخود کاتژمێر،هەروەها دانانی خشتەیەک بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی.

سێیەم:چارەسەری خۆراکی:

ئاشکرایە خۆراک گرنگییەکی زۆری هەیە لە ژیانی مرۆڤدا بەگشتی و منداڵ بەتایبەتی خۆراکی ناتەندروست هۆکاری زۆرێک لە کێشەکانی منداڵە ،بەتایبەتیش ئەو خۆراکانەی کە دەستکردن وڕێژەیەکی زۆر لە شەکریان تێدایە ،زۆرێک لە توێژینەوەکان جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کە ڕێژەی بەکارهێنانی شەکر کەم بکرێتەوە،چونکە ئەنجامی توێژینەوەکان دەریان خستووە کە زۆربەی ئەو منداڵانەی کە دووچاری کێشەی ڕەفتاری دەبنەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زۆر لەشەکر و وادەکات منداڵ وزەیەکی زۆری هەبێت و بەردەوام بجوڵێت بەمەش دەبێتە هۆی بێزارکردنی چواردەوری،پسپۆڕانی خۆراک پێشنیاری بەکارهێنانی جۆری ئەو خۆراکانە دەکەن کە دەوڵەمەندن بەپرۆتین وەک (هێلکە ، ماست، پەنیر). (ابو سعد،٢٠٠٦: ١٥١)، ،دانانی بەرنامەیەکی خۆراکی ڕێکخراو و بانگەشەکردن بۆ گۆڕینی خۆراکی دەستکرد و ناتەندروست بە خۆراکی ئۆرگانی و تەندروست ،هەروەها پێویستە جێگرەوەی خۆراکی هەبێت و منداڵ هەست بە بێبەش بوون لە خۆراک نەکات.(بطرس،2010:١٩٢)

چوارەم:چارەسەر بە دەرمان

ئەمەش یەکێکە لە چارەسەرەکانی ڕەفتاری بزێوی کەپشتی پێدەبەسرێت و کاریگەری دەرمان لەسەر چالاکی بەرگی دەرەوەی مێشک کە کۆنترۆڵی پیکهاتەکانی ژێر ئەو بەشەی مێشک دەکات، کە دەبێتە هۆی کەمی کاریگەری نیشانەکانی ئەم ڕەفتارە لای منداڵ .(بطاطية و بوكاسى،2013)لە توێژینەوە (فاراون و ئەوانی تر،٢٠٠٤) هاتووە کە کاریگەری ڕێژەی بەکارهێنانی دەرمان لەسەر (١٤٠) منداڵ کە ئەم ڕەفتارەیان

هەبووە ،کەڕێژەی (٣,١%) ئەو کەسانەی دژی بەکارهێنانی چارەسەر بەدەرمانن، کەپێیان وایە کاریگەری نەرێنی هەیە،کە وا دەکات ڕێگربێت لە فێربوون و بێ بەرهەمی زانستی و هەروەها  توانای خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی لاواز دەکات، کە دەبێتەهۆی ئالودەبوونی منداڵ بە دەرمان، جگە لەوەی دەبێتەهۆی دروستبوونی چەندین کاریگەری خراپ وەک:( شڵەژانەکانی خەو، سەرئێشە،کرژبوونی ماسولکە، کەمی ئارەزووی خواردن، کەمی گەشەکردن و هەروەها کرداری خۆنەویست).(الحمد،٢٠١٠،ل ل:٢١٥-٢٦٧) ئەمە لە کاتێکدا (رشید)ئاماژە بە بوونی چەند دەرمانێک دەکات کە وەک چارەسەرێک بەکاردێت بۆ منداڵی بزێو وەک ریتالین، دکسیدرین.( رشید،٢٠١٨), بەشێک لە پزیشکە پسپۆڕەکان پێشنیاری هەندێک لە دەرمان دەکەن بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتە کە بریتیین لەمانەی خوارەوە:

١- میثایل فینیدات(ریتالین):ئەمە تاکە دەرمانە کە لە وولاتە ئیسلامییەکاندا بەرهەمدێت،بەڕێژەیەکی زۆر لە جیهاندا بەکاردێت،وە کاریگەرییەکی زۆری هەیە بەڵام ماوەکەی کورتخایەنە،هەرچەندە کاریگەری لاوەکی هەیە بەڵام مەترسی نیە.

٢-دیکسدرین: ئەم دەرمانە هەمان کاریگەری ریتالینی هەیە بەڵام ماوەکەی درێژخایەنە .

٣- ادریال و(کونسیرتا):ئەم دەرمانانە نوێترین جۆری چارەسەری دەرمانن کە بەرهەم هێندراوە،کە زۆرترین کاریگەرییان هەیە بە کەمترین زیان.

٤- دەرمانی تایبەت بە دژەخەمۆکی سێکوچکەیی، ئەم جۆرە دەرمانانە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر مەزاج و هەروەها بەهێزکردنی سەرنج، کە پێویستی بەکاتێکی زۆر هەیە بۆ دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی هەرچەندە کاریگەرییەکەشی دیاریکراوە.

٥- ببروبیون:ئەم دەرمانە دژەخەمۆکییە و توێژینەوەی زۆری لەسەر ئەنجامدراوە ،دەرکەوتوە کە کاریگەری زۆر باشی هەیە.( ابو سعد،٢٠٠٦:١٥٣)

لە نێوان ئەو دەرمانانەی کە بۆ چارەسەری بزێوی بەکارهێنراون، زۆربەی بەکارهێنراوەکان دژە شۆخەکان، بلۆککەرەکانی بیتا ئادێرنەرجیک یان ئەنتاگۆنیست،  لیتیۆم و بریکارەکانی  دژە سایسکۆتیک (Conacher, 1997; Moeller et al.,2001). بۆ توشبوانی ADHD مێتیلفینیدات و دکسترۆمفێتامین و پێمولین دەنوسرێت (فینک و مەککۆن، ١٩٩٣). جگە لەم دەرمانانەی بۆ ڕێگریکردن لە دابەزینی هۆڕمۆنی سیرۆتین (SSRIs)پێشنیارکرد بۆ چارەسەری ئەوانەی کێشەی  کەسایەتییان هەیە،

هەروەها کەمی ئەم هۆرمۆنە کێشە لە خوێن دا دروست دەکات کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر باری دەروونی کەسەکان جێدەهێڵێت. (Rinne, Brink, Wouters and Dyck, 2002).

جگە لەو چارەسەرانەی کە پێشتر باسمان کرد چەند ڕێگەیەکی تر هەیە تاکو گۆڕانکاری لە ڕەفتاری منداڵدا بکەین کە بریتین لە مانەی خوارەوە:

١-پاداشتی ئەرێنی:

پاداشتکردنی بەرز نرخاندنی منداڵ لە بەرانبەر ئەنجامدانی ڕەفتاری دروست و ئەرێنی کە منداڵ هاندەدات لەسەر دوبارەکردنەوەی ڕەفتاری دروست. (ملحم ،٢٠١٠:٢٦٤)

٢- تێچووی وەڵامدانەوە:

بەدەستهێنانی خاڵ لەبەرانبەر ئەنجامدانی ڕەفتاری دروست و لەدەستدانی خاڵ لەبەرانبەر ئەنجامدانی ڕەفتاری نادروست(حسین ، ٢٠١٠،ل ل : ٤٢٥-٤٢٦).

٣- پشوودان:

ڕاهێنانی منداڵ لەسەر ئارامبوونەوە کەدەبێتەهۆی کەمکردنەوەی بیر بڵاوی منداڵ (القمش و المعایطة،2013)بەپێی توێژینەوەکانی پێشوو گرنگی وکاریگەری ڕاهێنان لەسەر پشوودان کە بەیەکێک لە هونەرەکانی چارەسەری ڕەفتاری زانینی دادەنرێت،

بۆ وەڵامدانەوەی ڕەفتاری سایکۆلۆجی و فسیۆلۆجییەکان ،یارمەتی هێمن بوونەوەی منداڵ دەدات، کەمکردنەوەی فرە بیری لای منداڵ و هەروەها دەبێتە زیادبوونی بەئاگای منداڵ و باش بوونی ڕەفتاری منداڵ (مصطفی ،2010:١٦٤) ئەم ڕێگایە پشت دەبەستێت بە گرنگی دانی باوان بە منداڵەکانیان هەروەها بەکارهێنانی پاداشت و سزا ، هاندانی منداڵ لەسەر گۆڕانکاریکردن لەڕەفتاردا ڕاهێنانی منداڵ لەسەر چۆنیەتی بڕیاردان لەسەر خودی خۆیی و گەشەکردنی منداڵ و ئاڕاستەکردنی کەبتوانێت خۆی تێبینی ڕەفتارەکانی خۆی بکات.(المهدی ،٢٠١٠:٩)

## تیۆرەکانی تایبەت بە ڕەفتاری بزێوی:-

یەکەم :-تیۆری کاگان(kagan):- پێی وایە ڕەفتاری بزێوی سەرهەڵدەدات لەمیانەی بەراورد کردنیان بە منداڵانی تر، بەتایبەتی منداڵانی هێمن و لەسەرخۆ ، سەرەڕای ئەوەی کە گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنادرێت و زیاتر ڕووبەڕووی کێشە و گرفت دەبنەوە بەهۆی بێ توانایییان لە بڕیاردان، کاگان لە

**توێژینەوەکانیدا دووپاتی کردووەتەوە کە منداڵانی بزێو زووتر دەکەونە  هەڵەوە و هۆکارە دەرەکییەکان زیاتر کاریان تێدەکات و دەیان وروژێنێت، بە بەراورد بە منداڵانی  ئاسایی، هەروەها پێی وایە کە مرۆڤەکان  لە  ئاست و شێوە و پێکهاتەدا جیاوازن بەجۆرێک چەند سیمایەکی کەسییەتی هەیە بەگوێرەی باگراوندی شارستانی و ڕۆشنبیری دەگۆڕێت، ڕوونیشی دەکاتەوە کە پرۆسە عەقڵییەکان یارمەتی مرۆڤ دەدەن بۆ بیرکردنەوە لە هۆکار و هەڵوێستە جیاوازەکان و کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە بڕیار لەسەر کەسیەتی و ڕەفتاری تاک بدرێت لە هەڵوێستێکی تایبەتدا. (عبدللە،٢٠١٨،ل ل: ٤٩١-٤٩٢)**

**دووەم : تیۆری کەسایەتی :-**

**هانز جۆرج ئیزنک(Eysenck) لە ساڵی (١٩٩٧) جۆرەکانی کەسایەتی مرۆڤی دەستنیشانکرد کە بریتین لە کەسایەتی(سادە،گۆشەگیر،تووڕە،هاوسەنگ،هەڵچونی،ڕاستەقینە،...)ئەم تیۆرە پێی وایە کە بزێوی بەشێکە لەپێکهاتەی کەسایەتی و کاریگەری گەورەی لەسەر ڕەفتار هەیە، پێی وایە کە بزێوی تێکەڵەی سێ جۆری کەسایەتییە(سادە،هەڵچوو،هۆشمەند) جەختیش دەکات لە بوونی بنەمای بیۆلۆجی بۆ ئەم سێ جۆرە لە کەسایەتی، هەروەها ئیزینک پێی وایە کە بزێوی لایەنە هۆشییەکان و ڕاستەقینەکان لەخۆدەگرێت، ئیزینک لە ساڵی(١٩٨٥ )گەیشتە ئەو باوەڕەی کە سیفەتی( ئاسانکار و هۆشمەند) دوو سیمای باش و ئەرێنی منداڵی بزێویە، هەروەها بەپێی زانستی دەروونزانی کەسایەتی و ئەنجامی تیۆرەکەی ئیزیک بزێوی وەک سیمایەک لە سیماکانی کەسایەتی دەناسرێت، و پێی وایە بزێوی بریتیە لە سەرکێشی و هاوسۆزی دەربڕین.** (Eysenck,1985,pp:71-72)

**تیۆرەکانی پەیوەست بە ڕەفتارەوە:-**

**یەکەم :- تیۆری دەروونشیکاری:-**

**سیگمۆند فرۆید( Feud ) خاوەنی ئەم تیۆرەیە بۆ ئەوەی لە سروشتی مرۆڤ تێبگەین پێویستە لە بۆچوونەکانی فرۆید دەربارەی سروشت و گرنگی ڕەمەکەکان تێبگەین کە لە ڕێگای فیسیۆلۆجیاوە ڕاڤە بۆ ڕەفتاری مرۆڤ دەکات پێی وایە جەستەی مرۆڤ کاردەکات لە ڕێگای دروستکردن و بەکاربردنی جۆرێک لە وزەی فیزیکی، خواردن لە جەستەدا دەبێتە جۆرێک لە وزە و بەکاردەهێندرێت وەک سوتەمەنی بۆ کردارەکانی وەک هەناسەدان، سوڕی خوێن، جوڵەی ماسولکەکان و ڕژێنەکان.هەروەها (فرۆید)پێی وایە ئەقڵیش هەڵدەستێ بە ئەرکەکانی خۆی لە**

ڕێگـــای بەکارهێنـــانی وزە فیـــزیکیەکەیەوە ئەرکەکـــانی ئەقـــڵ وەک:بیرکـــردنەوە، وێنـــاکردن،درککردن، یـــادکردن.لەبەرئەوەی وزەی جەســـتەیی توانـــای گـــۆڕینی هەیە بـــۆ وزەی دەروونـــی و هەروەهـــا وزەی دەروونـــیش توانـــای گـــۆڕینی هەیە بـــۆ وزەیەکـــی جەســـتەیی، کەواتـــا وزەی جەســـتە کـــاریگەریی خـــۆی هەیە لەســـەر ئەقـــڵ و دەروون،بە بۆچـــوونی فرۆیـــد بـــازنەی گەیانـــدنی نێـــوان ئەو دوو جـــۆرە وزەیە سـنورەکانی نێـوان دەروون و جەسـتە بـریتییە لە ڕەمەک ئەوانـیش جـۆرێکن لە وزە. وزەیەکـی فیـزیکە گواســتراو هەڵدەســتێت بە بەســتنەوەی پێداویســتییە جەســتەییەکان بە ئارەزووەکــانی ئەقــڵەوە، بــۆ نمـــوونە کاتێـــک پێداویســـتییەک دەوروژێـــت وەک برســـێتی ئەمە دۆخێکـــی گـــرژی فســـیۆلۆجییە لەجەســـتەدا دروســـتدەکات، ئەم پێداویســـتییە جەســـتەییە لە ئەقڵـــدا دەبێـــت بە حەزو و ئـــارەزوو کەواتـــا حەزو و ئـــارەزوو بـــریتییە لە نوانـــدنی پێداویســـتییەکی جەســـتەیی لە ئەقڵـــدا بـــۆیە ڕەمەک یـــا هێـزە جـوڵێنەرەکە خـۆی پـاڵ بە کەسـەکەوە دەنێـت بـۆ ئەوەی هەسـتێت بە ئەنجامـدانی کردارێـک بـۆ تێـــر کردنـــی پێداویســـتییە جەســـتەییەکە کە واتـــا ڕەمەک تەنهـــا دۆخێکـــی جەســـتەیی نیـــیە بەڵکـــو گواســـتنەوەیەکە بـــۆ ئەقـــڵ و حەز و ئـــارەزوو لێـــرەدا (فرۆیـــد) بۆمـــان ڕوونـــدەکاتەوە پرۆســـەکان و ئەرکەکـــــانی ئەقـــــڵ وەک: درککـــــردن و بیرکـــــردنەوە و یـــــادکردن هەمـــــوو پشـــــت بە چـــــالاکییە جەسـتەییەکان دەبەسـتن، (فرۆیـد) دەڵێـت (لە ڕاسـتیدا پرۆسـە ئەقڵییەکـان ڕوخسـارن بـۆ پرۆسـە جەستییەکان).(مصطفى،2019: 35-37)

دووەم:تیۆری مەعریفی:

(جان پیاجێ، piaget )ئەم تیۆرە پێی وایە کە تاکەکان وەڵامدانەوەیان نییە بۆ وروژێنەرو ڕوداوە دەرەکییەکان، هەروەها پێیوایە کە ئاستی هەست کردن بە ڕوداوەکان سروشتی ڕەفتارەکان دەست نیشان دەکات، بۆنموونە کاتێک تاک ماندوو دەبێت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی ،واتا لە ئەرکێکی دیاریکراوی ڕۆژانەی وەک خوێندنەوەی کتێب یاخود چاکردنەوەی ئامێرێک لەوکاتەدا برسییەتی بەجۆرێک کاتێکی زۆر تێدەپەڕێت تا ئەوکاتەی هەست بەبرسییەتی دەکات، ئەم تیۆرە پێی وایە مرۆڤ بونەوەرێکی خۆویستی ژیرە، خاوەن ئیرادەیەکی سەربەستە، هەروەها پێی وایە تاکەکان  چالاک و زەحمەت کێش و کاران، هەروەها پاڵنەری تایبەت بەخۆیان هەیە و هەوڵدەدات بۆ تێگەیشتن لەو ژینگەی تیایدا دەژی و دەست

گرتن بەسەریدا.حەزکردنی تاک بۆ هەوڵدانی خودیەتی لەلایەن تاکەوە بەمەش تاک دڵنیادەبێتەوە بۆ دۆزینەوەو دەست بەسەرداگرتنی ئەو شتەی کە مەبەستیانە.(الزغول،٢٠١٢: ٢٢١)

**سێیەم: تیۆری ڕەفتاری پلان بۆ دانراو:-**

ئاگری ئاجزین لەساڵی (١٩٨٥)لەم تیۆرەداپەیوەندی نێوان هەڵوێستەکان و ڕەفتارەکان دەخاتەڕوو، ئەم تیۆرە هەوڵ دەدات لەپێناو بەدیهێنانی ڕەفتارێکی پەسەند هەروەها جەخت دەکاتە سەر بنەمای مەبەستەکە پێش ئەنجامدانی ڕەفتارەکە لەلایەکی تریشەوە جەخت لە ڕۆڵی تاک دەکاتەوە لە کۆنترۆڵکردنی خۆی لە بەرانبەر ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی تێکدانی مەزاج، دەرئەنجامی تیۆرە نوێیەکان پێیان وایە هەر ڕەفتارێکی گونجاو پەیوەندی بەئاستی کۆنترۆڵکردنی خودییەوە هەیە، ئاجزین پێی وایە توانای تاک گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو هێزەی کە تاک مەبەستییەتی بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارێک، بەگوێرەی ئەم تیۆرە ڕەفتاری مرۆڤ لەڕێگەی سێ بۆچوونەوە ئاڕاستە دەکرێت کەبریتین لە:

١- بۆچوونە پێوەریەکان.

٢- بۆچوونە ڕەفتاریەکان.

٣- بۆچوونی بڕیاردان.

پێشبینی دەکرێت ئەگەر تاک بواری بۆ بڕەخسێت، دەتوانێت ئەو مەبەستەی هەیەتی جێبەجێی بکات ئەگەرچی زۆرێک لەڕەفتارەکان ئەستەمە جێ بەجێکردنیان،لە کۆتاییدا پێویستە تاک کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانی بکات.(غنیم،١٩٧٥: ٤٢٢)

**سێیەم : تیۆری دەرکەوتوو:-**

ئەم تیۆرە گرنگی دەدات بە دیاردەکانی دەوروبەری مرۆڤ پشت دەبەستێت بەو کاریگەرییانەی، کار لە ڕەفتاری مرۆڤ دەکەن، کە ئەمەش دیاردەیەکی ڕاستەقینەیە، ئەم تیۆرە کار دەکات لەسەر ڕەفتارەکانی تاک، یان لە کاردانەوەکانی پەیوەندیدار بە دیاردە ڕاستەقینەکان، کەوا لەلایەن کەسانی ترەوە دەبینرێت، واتا چۆن کەسانیتر ئەو تاکە دەبینن و تاکیش چۆن خۆی دەبینێت. هەروەها ئەم تیۆرە پەنا دەباتە بەر شێوازی تێبینیکردن و پێی وایە تاک بەگشتی کاریگەرە بەڕۆشنبیری کۆمەڵگاو بە تایبەتیش ڕۆشنبیری خێزان و کەسانی چواردەوری، بەگوێرەی ئەم تیۆرە کێشەکە خۆی دەبینێتەوە لە بوونی شڵەژاویی و پەشێوی کەسێتی کەسەکە، ئەمەش وادەکات توانای شیکردنەوە و جیاکردنەوە و جیاوازیەکانی

کەسیەتی خودی خۆی نەبێت، لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە تاک دەتوانێت گەشە بەخۆی بدات بە شێوەیەکی ئەرێنی لە ڕەفتارە کۆمەلایەتییەکاندا لە ڕێگەی دووچار بوونی بە ڕاستەقینە جۆراو جۆرەکانەوە کە دەبنە هۆکار بۆ وەرگرتنی شارەزایی هەمەجۆر و ڕزگاربوون لە ڕەفتارە خراپەکان، مانای خودیەتی کرۆکی کەسایەتییە لای لایەنگرانی ئەم تیۆرە بەجۆرێک لەپێگەی سەرەکی تیۆرەکەیان داناوە، ئەم تیۆرە لایەنێکی تری ڕەفتار دەستنیشان دەکات ئەویش کرداری هەستکردنی تاکە بۆ خۆ دەرخستنی خۆی نەک ئەو بابەتەی کە مەبەستە بۆ خستنەڕوو، قوتابخانەکانی بواری دەروونناسی مرۆڤ زانایانی بیردۆزی خودیەتی وەک(روجرز و ماسلۆ) گرنگی دەدەن بە سروشتی مرۆڤ و شارەزاییەکانی لە ژیاندا، کە ڕۆلێکی گەورە و کاریگەری هەیە لەسەر کرداری فێربوون وەرگرتنی شارەزایی، پێیان وایە مرۆڤ خاوەنی ئازادی و ویست و ئیرادەی هەلبژاردنە،هەروەها خاوەن توانایە بۆ خۆ گونجاندن و گەشەکردنی ڕەفتار.(الربیعی،١٩٩٤ : ٤٦)

**چوارەم : سینگ کومپس:-**

سینگ کومپس لەسالی (١٩٤٩) پێی وابوو کە هەموو ڕەفتارێک بەبێ جیاوازی سەرچاوەکە بۆ کەسایەتی تاک دەگەڕێتەوە، واتا لایەنی ڕووکەش و ڕوالەتی کرداری کەسەکە دەگۆڕێت، بەگوێرەی جۆری پێویستییەکان و ئەو چالاکییەی پەیوەندیدارە پێوەی، هەروەها هۆشیاری تاکیش سەرچاوەی سەرەکییە بۆ ئاڕاستەکردنی ڕەفتارەکانی تاک، وادەکات کە تاک هەست بەڕوداوەکانی دەوروبەر بکات و مامەلەیەکی دروست لەگەل ڕوداوەکان بکات.(غنیم،١٩٧٥،ل ل: ٦٨٧-٦٨٨)

**پێنجەم:تیۆری کەسایەتی:-**

(هاری ستاک سویلیڤان، Sullivan)بیردۆزکارێکی کەسایەتییە جەختدەکاتەوە لەسەر هۆکارە کلتوری و کۆمەلایەتییەکان و کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەی کەسایەتی، تێگەیشتنی (سویلیڤان)بۆ کەسایەتی جیاوازە لە زانایانی تر لە چوارچێوەی کۆمەلایەتی- دەروونی دیاریدەکرێن، پێی وایە بریتییە لە تێکەلەیەک و کۆکردنەوەیەکی دەگمەن لە پزیشکی دەروونی و دەروونزانی کۆمەلایەتی، کەواتە بریتییە لە لە لێکۆلینەوە لە پەیوەندی نێوان کەسەکان و لە پرۆسەکانی کارلێککردنی نێوان خەلک،(سویلیڤان)پێی وایە ناکرێت لێکۆلینەوە لە کەسایەتی تاک بکرێت بە بێ خەلک لەبەرئەوە کەسایەتی تاک بە تەنیا نییە و جیاناکرێتەوە لەکەسایەتییەکانی تر، هەر لایەنێک لە لایەنەکانی کەسایەتی تاک دەرئەنجامی کەسایەتییەکانن کە لە ژیاندا هەستی پێکردوون لە ساتی لەدایک بووندا کەواتە کەسایەتی دیاردەبێت و

دەربڕینی لێدەکرێت تەنها لە ڕێگەی کارلێکردن لەگەڵ ئەوانیتر.هەروەها پێشی وایە گرژی ڕۆڵێکی زۆر لە کەسایەتیدا دەبینێت ئەوکەسانەی بەردەوام هەوڵدەدەن لە پێناو کەمکردنەوەی گرژی، ئەو هەوڵە لە دوو سەرچاوەوە سەرچاوە دەگرێت، پێداویستییە بایلۆجییەکان و نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئامانجی هەموو جۆرەکانی ڕەفتار، لانەبردنی گرژی دەبێتە هۆکارێک بۆ دڵەڕاوکێ.هەروەها جەختێکی زۆر دەکاتەوە لەسەر پەیوەندی نێوان منداڵ و دایک پێچەوانەی بۆچوونی (فرۆید) کە دەڵێت (٤-٥)ساڵی یەکەم دروستبونی کەسایەتی مرۆڤە،سولیڤان بڕوای وایە لەقۆناغی هەرزەکاریدا گۆڕانکاری سەیر و زەق لە کەسایەتیدا ڕوبدات.( مصطفی،٢٠١٩: ١٨٣-١٨٥)

## پرۆسەی کۆنترۆڵی پۆل:

بەواتای بوونی کۆمەڵێک ڕێکار دێت، کە مامۆستا دەیگرێتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی پۆل، هەروەها گرنگییەکی زۆری هەیە لای مامۆستا و بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوە و بەکارهێنانی شێوازی گونجاوە، کاتێک مامۆستا کۆنترۆڵی پۆل لە دەست دەدات، بەوهۆیەوە کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەچێت، دەبێتە هۆی دروست بوونی پشێوی و نا ئارامی ناو پۆل کە ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆسەی فێرکردن هەیە و ڕێگر دەبێت لە بەردەم پێشکەوتنی پرۆسەکە، پەروەردەکاران و شارەزایانی ئەم بوارە گرنگییەکی زۆریان بە کۆنترۆڵی پۆلداوە و دەستەواژەی کۆنترۆڵکردن هەمان مانای دەستەواژەی سیستەمە کە مامۆستا بەکاری دەهێنێت، لە ناو پۆلدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ،جا ئەگەر بە ویستی خۆی بێت یاخود بە هاندان بێت یان بە پاداشتکردن بێت،بە بەکارهێنانی ترس و تۆقاندن و سزا بێت. (الکثیری،٢٠٠٨: ٦٨)دەتوانین بڵێین بۆ ئاڕاستەکردن و ڕێنمایی کردنی منداڵە، ئاسانکارییە بۆ بەجێ هێنانی ئەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە (الکسوانی،٢٠٠٥:٣٢)

## ئامانجەکانی کۆنترۆڵی پۆل:

کۆنترۆڵکردنی پۆل خۆی لەخۆیدا ئامانجێکە، پێویست دەکات چەند کار و چالاکییەک تایبەت بە کارامەیی مامۆستا ئەنجامبدرێت، لێرەدا چەند ئامانجێک دەخەینە ڕوو کەبریتین لە:-

دروستکردنی کەشێکی پەروەردەیی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی پەروەردەیی، بەئامانج گەیاندنی کۆنترۆڵی خودی لای منداڵ،بەڕێوەبردنی پرۆسەی پەروەردەکردن و لابردنی ئەو کۆسپ تەگەرانەی، کە دەبنە هۆی پەکخستنی پرۆسەکە و گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان،گەڕان و دۆزینەوەی ڕێگای نوێ بەئامانجی

بەرەو پێشچوونی پرۆسەکە،دروستکردنی گیانی هاوکاری لە نێوان مامۆستا و منداڵدا.ڕاهێنانی منداڵ لەسەرگوێ گرتن و بەئاگایی، هەروەها ئاسانکاری کردنیش لەپرۆسەی پەیوەندی و گەیاندندا،خستنەگەڕی هەموو تواناکان بۆ باشترکردنی فێرکردنی ناوپۆل، و کەمکردنەوەی ئەو هەڵە ڕەفتارییانە کە دەبێتە هۆی دواکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن . (سکیک و المزین،٢٠١٢: ١١).

## شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی پۆل:

مامۆستای باخچە بەگشی چەندین ڕێگا و شێوازی جیاواز بەکاردەهێنێت بۆ وانە وتنەوە و کۆنترۆڵکردنی پۆل کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

### یەکەم :شێوازی دیکتاتۆری (خۆسەپاندن ):

ئەم شێوازە بریتییە لە خۆسەپاندنی مامۆستا لە پۆلدا و بەکارهێنانی پێگەی خۆی بۆ جڵەوگرتن و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی ناو پۆل، بە بەکارهێنانی ترس و تۆقاندن و ، ڕێگەنەدان بە گفتوگۆکردنی منداڵان لەپۆلدا، بەرپەرچدانەوەی هەر ڕەفتارێکی نامۆ و نادروست کە لەلایەن منداڵەوە ئەنجامدەدرێت، هەروەها لەم شێوازەدا هیچ گرنگی بە حەز و ئارەزووی منداڵ نادات و هەروەها مامۆستا بڕیاردەرە و منداڵ بۆی نییە ڕەخنە بگرێت ، یاخود دەکرێت بڵێین شێوازی دەسەڵاتداری بریتییە لەسەپاندنی بیروڕا بەسەر منداڵاندا، لەم شێوازەدا مامۆستا تاکە سەرچاوەی زانیارییە، هەر خۆشی پلان دادەڕێژێت و سەرچاوەکان دەستنیشان دەکات، هیچ بایەخ بە پەیوەندی نێوان خۆی و منداڵ نادات.(الدویک،٢٠٠١: ١٨) دەتوانین بڵێین شێوازی دیکتاتۆری بەو شێوازە دەوترێت کە لەلایەن بەشێک لە مامۆستایانەوە پەیڕەو دەکرێت، کە پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخواز بە تەواوی پشتگوێ خراوە، هەروەها مامۆستا بۆ کۆنترۆڵکردنی پۆل هێزێکی زۆر بەکاردەهێنێت لەم شێوازە دا زۆرترین سزا و کەمترین پاداشت بەکاردێت.

(الزیدو والاخرون،١٩٩٩: ٩٣)

## تایبەتمەندییەکانی مامۆستا لە شێوازی دیکتاتۆری(خۆسەپاندن)

لەم شێوازەدا مامۆستا خۆسەپێنەرە، ڕێگا بە گفتوگۆی نێوان خۆی و منداڵ نادات،بیرو بۆچوونی منداڵ بەهەند وەرناگرێت، شێوازی ناچار کردن و ترس و تۆقاندن لەبەرامبەر منداڵەکان بەکار دەهێنێت.خۆی بڕیار دەدات و پلان و شێوازی فێرکردن دادەڕێژێت، بەسەر منداڵەکاندا دەیسەپێنێت.چارەسەری گرفتەکانی

منداڵ ناکات( منسی،٢٠٠٠: ٢٧). پێی وایە تاکە سەرچاوەی زانیاری خۆیەتی.دژی گۆڕانکارییە و پێی وایە گۆڕانکاری دژی ئەوەو بە لەکەدارکردنی کەسایەتی دادەنێت. (المقيد،٢٠٠٩: ٥٠)

## کاریگەرییەکانی شێوازی دیکتاتۆری (دەسەڵاتداری)لەسەر منداڵان:-

منداڵ دڵنیایی و ئاسایشی نامێنێت، بارودۆخی دەروونی دەشێوێت و بەردەوام لەترس و دڵەڕاوکێدا دەژی.لاوازبوونی متمانە بەخودی خۆی و لە دەستدانی توانای بەرپرسیارییەتی هەڵگرتن،لە دەستدانی سەربەخۆیی منداڵ،جێبەجێکردنی داواکارییەکانی مامۆستا بە هۆی ترسەوە، بەبێ ڕەزامەندی خۆی.نەمانی حەزو ئارەزووی خوێندن و لاوازی و نەبوونی توانا بۆ بەدەست هێنانی نمرەیەکی باش.دروست بوونی پەشێوی لە پۆلدا لەکاتی ئامادە نەبوونی مامۆستا. (الادارة الصفية في الروضة،٢٠٢١)لە دەستدانی کەسێتی منداڵ.مامۆستا وانەکە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا دەڵێتەوە.کات بەفیڕۆنادات.ئاستی دەسکەوتی فێرخواز بەرزە(توبە،٢٠١٩).

## دووەم :شێوازی دیموکراسی:

لەم شێوازەدا مامۆستا هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی ئەو ڕەفتارانەی کە گوزارشت لەم شێوازە دەکەن، ئەویش لە میانەی بەشداری کردنی منداڵان لە گفتوگۆکان و وەرگرتنی بۆچونی منداڵەکان دەستنیشانکردن و دانانی ئامانجەکان، چۆنیەتی جێبەجێکردنی، هەروەها پلانداناو و ڕەخساندنی هەلی بەشداری کردنی هەموو منداڵەکان، خستنەڕووی تواناکانیان، لەم شێوازەدا پەیوەندی مامۆستا و منداڵ لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستییە (قادری ،٢٠١٢: ١٨) دەتوانین بڵێین شێوازی دیموکراسی بریتییە لە :گفتوگۆکردن لەنێوان مامۆستاو منداڵدا ، وەرگرتنی بۆچونی منداڵ لەسەر بابەتەکە، لەم شێوازەدا سەرەڕای هەبوونی ئازادی سنوریش بوونی هەیە،پێویستە منداڵ پابەندی یاساو ڕێساکانی ناو پۆل ببێت، لەم شێوازەدا پەیوەندی نێوان مامۆستا و منداڵ لەسەر بنەمای ڕێزو خۆشەویستییە. (الكيكى ،١٩٩١: ٢٩)

## تایبەتمەندییەکانی مامۆستا لە شێوازی دیموکراسی:

لەم شێوازەدا مامۆستا چەند ڕەفتارێکی دیاریکراو ئەنجامدەدات لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکاندا، ناتوانین بڕیار لەسەر شێوازی دیموکراسی بدەین تا ئەوکاتەی مامۆستا بەشێوەی کرداری ئەنجامی دەدات، کە خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

پەیڕەوکردنی بنەمای هاوبەشی کردنی بەکۆمەڵ لە بڕیاردان و جێ بەجێ کردندا،باوەڕی بەبوونی توانای منداڵ هەیە کە دەتوانن داهێنان بکەن و بگەن بە ئامانجەکانیان، هەر بەو هۆیەشەوە بەشدارییان پێدەکات لە پلان دانان و جێ بەجێ کردنی،فەراهەمکردنی ژینگەیەکی ئارام و پڕ لە ڕێز و خۆشەویستی لە ناو پۆلدا، کە ئەمەش هۆکارە بۆ دروست کردنی حەزوو ئارەزوی منداڵ بۆ پەروەردە و فێربوون و وابەستە بوونی بەژینگەی ناو پۆل، مامۆستا بەشدارە لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی منداڵ هاوشێوەی خێزان مامۆستا فشار بۆ منداڵ دروست ناکات، بەڵام ئاسانکاری ڕەهای بۆ ناکات، مامۆستا بەردەوام ڕێز و بەها بۆ منداڵان دادەنێت.(برهم،٢٠٠٥،ل ل: ١٢-١٣)

## کاریگەرییەکانی شێوازی دیموکراسی لەسەر منداڵان:

ئاستی فێربوون و دەستکەوتی فێرخواز بەرزە،لەکاتی ئامادەنەبوونی مامۆستا، پۆل ئارام و سەقامگیردەبێت، لەبەر ئەوە منداڵ پێشتر فێری ئارامی و بێدەنگی کراوە، بوونی گیانی هاوکاری لە نێوان منداڵەکان،منداڵ فێری گەشبینی دەبێت و هەوڵ دەدات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی.(العمايرة، ٢٠٠٧ : ٦٦) هاندانی منداڵان بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانیان، بەدەستهێنانی لێهاتوویی و سوود وەرگرتن لە هەڵەکانیان،منداڵ حەزو پەرۆشی بۆ فێربوون زیاتر دەبێت. (مخامرة و ابوسمرة،2012: 258)خۆشویستنی مامۆستاکەی و حەزکردن بە بینینی و قسەکردن لەگەڵیدا،لەم شێوازەدا هەماهەنگی و تێکەڵی زیاترە لە نێوان منداڵ و مامۆستا، لە ناوەوە و دەرەوەی باخچەدا.ئارەزووی ئەنجامدانی چالاکییەکان دەکات، بەهۆی بوونی خۆشەویستی بۆ مامۆستاکەی،هەستکردنی منداڵ بە بەرپرسیارییەتی و زانینی ئەرکەکەی و جێ بەجێکردنی، بوونی گیانی هاوکاری وخۆشەویستی لەنێوان منداڵەکاندا و بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانیان بە باشترین شێوە،بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان، ئاڕاستەکردنی منداڵ بۆ ڕەفتاری خوازراو و دروست. (الادارة الصفية في الروضة،٢٠٢١)

## سێیەم: شێوازی پەشێوی یان بێسەروبەری

توێژەران لەمیانەی ئەو توێژینەوانەی ئەنجامیان داوە بۆ ئەم شێوازە، زۆر ناویان بۆ ئەم شێوازە داناوە لەوانە شێوازی سەربەخۆیی، لەبەرئەوەی هیچ دەسەڵاتێک لە کارەکەدا بوونی نییە هەروەها بەشێک

له تویژەران به شێوازی بێسەروبەری ناوی دەبەن، لەبەئەوەی فێرخواز بەچ شێوەیەک بیەوێت بەو شێوەیە ڕەفتار دەکات، بێ ئەوەی پابەندی هیچ یاساو ڕێسایەک ببێت ئەمەش دەبێتە هۆی نارێک و پێکی لە کارەکاندا.(الاسطل، 2009: 194) دەکرێت بڵێین لەم شێوازەدا مامۆستا هیچ گرنگی و بایەخێک نادات بە کۆنترۆڵی پۆل و بەرێوه چوون و پێشخستنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، تەنها پشت بەو چالاکییانە دەبەستێت کە منداڵەکان ئەنجامی دەدەن، منداڵ ئازادە لە ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی ئەرکەکەی، وە ئازادیشە لە پابەند بوون یاخود پابەند نەبوونی یاسا و ڕێساکانی ناو پۆل بڕیارەکان بۆ فێرخواز جێ دەهێڵێت، هەموو داواکارییەکانی منداڵ جێ بەجێ دەکات و هەوڵنادات بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری منداڵ.(العاجز،٢٠٠٧: ١٦) لەم شێوازەدا مامۆستا ئازادییەکی تەواو دەدات بە منداڵ، بەشێک لە منداڵان ئارەزووی ئەم شێوازە دەکەن وەک حەزێکی خودی، ئەو مامۆستایانەی پەیڕەوی ئەم جۆرە شێوازە دەکەن خاوەن کەسایەتییەکی لاوازن، بەردەوام تووشی گرفت دەبن لەگەڵ دەستەی کارگێڕی باخچە، هۆکارەکەشی نەبوونی حەزوو ئارەزوو بۆ پیشەکەیان.(العشی،٢٠٠٨، ٣١)لەم شێوازەدا کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەچێت بە دەسکەوتێکی کەم، هەروەها منداڵ هەست بە تواناکانی خۆی ناکات و ئامانجەکەی بەدی نایەت.(اسماعیل،٢٠٠٩: ٤٩)

## تایبەتمەندییەکانی مامۆستا لە شێوازی پەشێوی:

کەسێکی کاریگەر نییە،خاوەن کارامەیی سەرکردایەتی نییە، بە جۆرێک هیچ کارامەیی و ئەزموونێکی ئەرێنیان پێ نا بەخشێت، بێ پلانە و بەبێ بنەما کاردەکات، واتا کارەکانی شپرزەیی و بێسەروبەری پێوە دیارە،گرنگی نادات بە ئامادە نەبوونی منداڵ لە پۆلدا، و بەدواداچون ناکات و لە هۆکارەکەی ناکۆڵێتەوە. گوێ بە کێشە و گرفتەکانی منداڵ نادات،ئازادی ڕەها بە منداڵان دەدات.کار ناکات بۆ داهێنان و پێشکەوتنی منداڵ.کەمترین پێشنیاز و ڕێنمایی پێشکەش دەکات.کەسایەتییەکی لاوازی هەیە و بێ توانایە لە بەڕێوبردنی پۆل، ئامانجی سەرەکی ڕازی کردنی منداڵەکانە.(العمایرة،٢٠٠٧،ل ل: ٦٦-٦٧).

## کاریگەرییەکانی شێوازی پەشێوی لەسەر منداڵان:

نەبوونی بەرهەمی زانستی لە لای منداڵ، بەفیڕۆدانی کات، بەهۆی بەکارنەهێنانی ڕێگای گونجاو بۆ وانە وتنەوە، منداڵ لەم شیوازەدا فێری بەرپرسیارییەتی نابێت، منداڵ ئاراستە ناکرێت بۆ دۆزینەوەی توانا و حەزوو ئارەزووەکانی،جێبەجێ نەکردنی ئەرکەکانی ماڵەوەی ،چونکە دەزانێت مامۆستا هیچ لێپێچینەوەیەکی

نییە، بەفیڕۆدانی کات بە پێدانی زانیاری ناپێویست،منداڵ پابەندی یاساکان نابێت ،بە هۆی نەبونی یاسایەکی ڕێکخراو لە پۆلدا،نەبوونی ئاسودەیی دەرونی و بێزاربوون ، بەهۆی گرنگی پێنەدانیان لەلایەن مامۆستاوە. (البدری،٢٠٠٥: ١٠١)بەها و ڕێز و دادپەروەری و متمانە بە یاسا بوونی نییە. (حمیدە و أخرون،2000: 238).

## چوارەم:شێوازی نەریتخوازی:

ئەم شێوازە درێژەدانە بە شێوازی پەروەردەی خێزانی و کۆمەلایەتی و پشت بەستن بە بەهاکانی کۆمەڵگا.(شفشق و أخرون ،1995: 11) هەروەها مامۆستا پێویستی بە ڕێزگرتن هەیە، پێویستە لەسەر منداڵەکان ڕێزی بگرن، لەبەر ئەوەی ئەم شێوازە درێژە پێدەری پەروەردەی خێزان و کۆمەڵگەیە، کەوا مامۆستا بەتەمەن گەورەترە و لە پێگەی دایک و باوکییانە، و مافی چاودێریکردنی هەیە بەسەرییانەوە، پێویستە منداڵیش لەژێر فەرمان و داواکارییەکانی مامۆستا بێت. (الادارة الصفية في الروضة ٢٠٢١) هەروەها لەم شێوازەدا منداڵ ئازاد نییە، و هەروەها لە کاتی بوونی هەر هەڵوێستێک چاو پۆشی لە هیچ منداڵێک ناکات.(منسی،١٩٩٦،ل ل: ٢٩-٣٠)

## تایبەتمەندییەکانی مامۆستا لە شێوازی نەریتی:

پەیوەندی نێوان مامۆستا و منداڵ پەیوەندییەکی فەرمییە،لەکاتی ڕودانی هەر کێشەیەک لەپۆلدا سزای بە کۆمەڵ دەدات، پارێزگاری لە ڕێکخستنی پۆل دەکات،لەکاتی دیاریکراوی خۆی وانەکە کۆتایی دێت، پابەندی سەرجەم ئەو بابەت و چالاکییانە دەبێت کە لە پرۆگرامی دیاریکراودا هەیە، تەنها لەماوەی وانەکەدا زانیاری دەدات بە منداڵ.(حمدان،١٩٩٩،ل ل: ٨-١٥)

## کاریگەرییەکانی شێوازی نەریتی لەسەر منداڵان:

بەرپرسیارییەتی بەمنداڵ نادرێت، بەردەوام چاودێری دەکرێت.ناچاردەکرێت گوێڕایەڵی مامۆستا بین و فەرمانەکان جێبەجێ بکەن،ناتوانن هیچ بڕیارێک بدەن، و مامۆستا تاکە بڕیاردەر دەبێت،تەنها گرنگی بە

دەسکەوتی زانستی منداڵ دەدرێت، ڕەچاوی هەست و سۆزی منداڵ ناکرێت،منداڵ بە پێی داب و نەریتی کۆمەڵگاکەی فێردەکرێت،دەبێت کۆمەڵگا ڕازیبکات. ( السیریراتی،٢٠٢٠)

## تیۆرەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵی پۆل:

## یەکەم:تیۆری هەڵبژاردنی عەقڵانی ولیم گلاسر:

ولیم گلاسر گرنگی دا بە باشترکردن و بەرەوپێش بردنی پرۆسەی فێرکردن لە نێو قوتابخانەدا، بەجێبەجێ کردنی تیۆرەکەی بەهەڵبژاردنی عەقڵانیەت لە زۆربەی قوتابخانەکاندا، زۆر بڵاوکراوەی هەیە لەوانە، قوتابخانەی بێ شکست، و کۆنترۆڵی پۆل، گلاسر پێی وابوو تێگەیشتن لە دوای ئەو ڕەفتارە خراپەی کە منداڵ دەینوێنێت یان ئەنجامی دەدات، دەتوانێت قبوڵی بکات هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە وا منداڵ بوونەوەرێکی عاقڵە، دەکرێت سەرقاڵ بکرێت بە ڕەفتارو کرداری باشە و بەشداری پێ بکرێت لە کار و کرداری سود بەخش کە پێی دەسپێردرێت، مامۆستا سەرکردەو پێشڕەوە بۆ منداڵ، دەکرێت چاوپۆشی بکات لە کارو ڕەفتارە خراپەکانی ڕابردوو، لەگەڵ ڕەفتارو واقعیی ئێستادا هەڵسوکەوت بکات، کە ناسراوە بۆ نموونەی چارەسەری واقعی گلاسر پێی وایە دەکرێت مامۆستا کۆنترۆڵی پۆل بکات بە بێ بە کارهێنانی فشار، لە میانەی دانانی بنەمای بەشداری پێکردنی هەموو منداڵەکان، دواتر ئەم تیۆرە بە تیۆری کۆنترۆڵی پۆل ناسرا، بیرۆکەکانی گلاسر زیاتر گەشەی کردوو بڵاوبویەوە، پێی وابوو کە چوار پێویستی بنەرەتی هەیە، دەبێت مامۆستا ئاگاداری بێت بۆ ڕێگریکردن لە دروست بوونی کێشە و گرفت لە ناوپۆلدا، و دروستبوونی کاریگەری نەرێنی لەسەر منداڵ ئەوانیش بریتین لە:

- بوونی خۆشەویستی لەنێوان مامۆستاو منداڵ.
- بوونی ئازادی .
- چێژوەرگرتن.
- بوونی کۆنترۆڵی پۆل.

هەروەها گلاسر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی باشییان هەیە لەسەر چارەسەکردنی ڕاستەقینە، هەروەک چۆن دڵنیایی دەدات کە گرنگە بەشداریکردنی فێرخوازان، بۆ ئەوەی ئەو هاوکاریکردنە بێتەدی، مەرجە پەیوەندی نێوان مامۆستا و منداڵ گەرم و گوڕ بێت و پڕبێت لە ڕێز و خۆشەویستی.(النداوي،٢٠١٨: ٤٦٧)

## دووەم:تیۆری زانین و ڕێکخستن:

یعقوب کونین بە دامەزرێنەری ئەم تیۆرە دادەنرێت، لەگەڵ هاوڕێکانی زۆرترین توێژینەوە یان ئەنجامدا لەسەر ژینگەی ناو پۆل، گەیشتن بە کۆمەڵێک تەکنیک بۆ بەکارهێنانی ڕەفتاری خراپ و نەخوازراوی منداڵ لە ناو پۆلدا، کونین هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ لە میانەی ئەنجامدانی توێژینەوەی لەسەر کاری بەکۆمەڵ، بۆ ڕێگرتن لە لەکێشە و گرفتەکانی ناو پۆل و ئەنجامنەدانی ڕەفتاری نەخوازراو، بەجۆرێک کۆمەڵێک هەنگاوی بۆ مامۆستا خستۆتە ڕوو پێویستە جێ بەجێی بکات، جا بە تیۆری بێت یاخود بە پراکتیکی بێت، ئامانجی ئەم تیۆرەش سەرقاڵکردنی منداڵە لە پۆلدا، مامۆستای بەتوانا چەند ڕێگایەک بەکاردەهێنێت بۆ بەڕێوەبردنی پۆل، کە بریتین لەمانەی خوارەوە :

- چارەسەری خێرا لەکاتی ئەنجامدانی ڕەفتاری نەخوازراو.
- ئەگەر هاتوو زیاتر لە هەڵەیەک ڕوویدا لە هەمان کاتدا، ئەوا مامەڵەی مامۆستا توندترە بە بەراورد بە جاری پێشوو.
- مامۆستا چارەسەری ڕەفتارە هەڵەکە دەکات پێش ئەوەی بڵاوببێتەوە لە نێو منداڵەکان.

(النداوي،٢٠١٨: ٤٦٧).

## باخچەی منداڵان:-

چەمکی باخچەی منداڵان لە (Kindergarten) ی ئەڵمانییەوە وەرگیراوە کە بە تەواوەتی بە واتای باخچە دێت و مەبەست لێی گەشەی منداڵە بە ئازادی وەک چۆن گوڵان لە باخچەدا گەشە دەکەن. بۆ یەکەمجار لە مێژوودا لە ساڵی (١٨٣٧)دا زانای پەروەردەیی ئەڵمانی فریدریک فرۆبڵ لە شاری بلانکبێرگ لە هەرێمی بروسیا یەکەمین باخچەی منداڵانی دامەزراند، وەک ئەزموونێک بۆ گواستنەوەی منداڵ لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە، باخچەی منداڵان دامەزراوەیەکی فێرکاریی پەروەردەییە، لە پێش خوێندنی تەوزیمییەوە و لە زۆربەی وڵاتاندا منداڵانی تەمەن سێ بۆ پێنج ساڵان وەردەگرێت، سیستمی ئەم دامەزراوە پەروەردەییە منداڵ بە کۆمەڵگایەکی فراوانتر دەناسێنێت لە گەڵیدا ڕایدەهێنێت، هەروەها لە ڕێگەی یارییەوە فێری دەکات و زیاتر جەخت لەسەر یاری داهێنەرانە و کارلێکی کۆمەڵایەتی و گوزارشتی سروشتی دەکاتەوە، فێرکردنی خوێندنەوە و نوسین و بیرکاری لە پرۆگرامەکانی باخچەدا نین بەو جۆرەی لە قۆناغی بنەڕەتیدا هەن. (بۆکانی،٥٦:٢٠٢٠),باخچەی منداڵان دامەزراوەیەکی پەروەردەیی کۆمەڵایەتییە، پرۆگرامی پلاندار

پێشکەش دەکات بۆ دابینکردنی پێداویستییە(جوڵەیی، کۆمەڵایەتی، هزری، دەرونی و زمانییەکانی) منداڵان، کە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٤-٦) ساڵان.(وەزارەتی پەروەردە،٢٠١٨: ٤)

**ڕۆڵی پەروەردەی باخچەی منداڵان:-**

گومان لەوەدا نییە کە پەروەردە ڕۆڵێکی سەرەکی و پڕ بایەخی لە باخچەدا هەیە، ئەگەر پەروەردە ئەرکی پێگەیاندنی تاکێکی بەسوود و هاوکار بێت لە بنیاتنان و پێشخستنی کۆمەڵگا خاوەن کەسایەتیەکی بەهێزبێت لە هەموو لایەنەکانەوە، ئەوا باخچەش گرنگی بە گەشەی منداڵ دەدات لە لایەنەکانی(جەستەیی،ئەقڵی،جووڵەیی، هەڵچوونی و زمانەوانی، کۆمەڵایەتی، دەروونی) هەروەها یارمەتی منداڵ دەدات تاکو بتوانێت هەستەکانی دەرببڕێت، لە ئاماژەکان تێبگات و خەیاڵ و ئەندێشەی فراوان بکات، هاوکات بایەخدان بە بەها کۆمەڵایەتییەکان و مافی خاوەندارێتی تایبەت و گشتی لای منداڵ و زیادکردنی توانای منداڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانەی ڕوبەڕویان دەبێتەوە، هەروەها دروستکردنی هەستی متمانە بەخۆبون و دروستبونی کەسایەتییەکی بەهێز لای منداڵ، و فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵ لەسەر چۆنیەتی گرنگیدان بەجەستەی خۆیان و پاراستنی و بەکارهێنانی ئەندامەکانی جەستە بەشێوەیەکی دروست. (الحریری،٢٠١٠) هەروەها (بدر لە ٢٠١٢) ئاماژەی بە هەندێک لە ئامانجەکانی باخچەی منداڵان کرد کە بریتین لە ڕەچاوکردنی شێوازەکانی بیرکردنەوە لای منداڵ و یارمەتی دانیان لە دروستکردنی کارامەییەکانیان گرنگی دان بە هەستەکانیان، و تێرکردنی پێداویستیەکانی منداڵ و ڕەخساندنی ئازادی بۆ منداڵ تاکو بتوانێت بەبێ هیچ فشارێک کارو چالاکیەکانی جێبەجێ بکات، هەروەها گرنگیدان بە بابەتەکانی زمان و بیرکاری و زانست وهونەر، پەیوەستکردنی بابەتەکان بەو ژینگەیەی تێیدا دەژی، ئامادەکردنی منداڵ بۆ قۆناغی فێربوونی ڕێکخراو، قۆناغی باخچە قۆناغی ئامادەکارییە بۆ چونە نێو ژیان و لە هەمان کاتیشدا درێژەپێدەری قۆناغی منداڵییە، بۆیە بەقۆناغی سەرەتا و دەستپێک ناو دەبرێت، وە هەروەها یەکێکە لە قۆناغە هەستیارەکان بۆ فێربونی کارامەیی و پێشکەوتنی گەشەی عەقڵی لەم قۆناغەدا.(عبدالرؤوف،٢٠٠٨:٤٢)

**ئامانجەکانی باخچەی منداڵان:**

یەکەم: بیرۆکەی کارکردن لە ڕێگای یاریکردنەوە پێشکەشی منداڵ دەکات و چەمکێکی پڕ لە سود و کەڵک بەخش دەدات بەیاریکردنەکە و شێوازێکی ئاوێتە بەگیانی چوون بەپیر ئیشەکەوە لە هەستی منداڵدا دروست

**دەکات کە کارەکە بە جدییەوە ئەنجام بدات و هەوڵیش بدات، بواری باش بڕەخسێنێ بۆ سوود وەرگرتن لەو ووزە و توانا (لەشی)یەی کە منداڵ هەیەتی.**

**دووەم: بیرۆکەی چوون بۆ قوتابخانە بە گەرمی و ئەرێنی وەردەگرێت بەوەی ڕایدەهێنێ لەسەر ئەو جۆرە هەڵس و کەوتانە و ڕێنماییانەی کە دەبێت لە قوتابخانە ڕەچاوبکرێت، پێش ئەوەی بچێتە قوتابخانە ئەمە جۆرە پچڕانێکی منداڵە لە ماڵ و خێزان و سەرەتای پەیوەندیکردنی بەکۆمەڵگەوە.**

**سێهەم: چالاک کردنی بیرکردنەوەی لۆژیکییە ئامانجدارەکان بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئامانجێک جا ئەو ئامانجە سەرەو کاریکردنی یاریەک بێت یاخود دۆزینەوەی ڕێگای بەکارهێنانی ئامێرێک بێت و لەگەڵ دابینکردنی دەرگای پرسیارکردن و وەڵامدانەوە و گەڕان بە دوای زانستەکاندا بێت.**

**چوارەم: چالاکی و گڕوتین دەدات بە ئاڕاستە کۆمەڵایەتیەکانی منداڵ، وەک ئەوەی وای لێدەکات درک بەوە بکات کە جگە لە خۆی کەسانی تریش بوونیان هەیە و جۆرە هاوکێشەیەک دەدۆزێتەوە لە نێوان بەرژەوەندییەکانی خۆی و ئەواندا، هەروەها کار دەکات بۆ بەرفراوانکردنی بازنەی کارامەییەکانی خودی خۆی، لەڕێگەی هەڵسان بەگەلێک چالاکی و مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵوێستە جیاجیاکان و جۆرە ژینگەیەک کە فرە هەڵوێست و شتومەک و خەڵکانی جۆراو جۆر بێت.**

**پێنجەم: دابینکردنی پێداویستیەکانی گەشەی جەستەیی، عەقڵی، ویژدانی و کۆمەڵایەتی بۆ منداڵ.**

**شەشەم: خوڵقاندنی کەش و هەوایەک چێژی هونەری و ئەدەبی و مۆسیقی ببەخشێ پێیان لە ڕێگەی سروود، گۆرانی، سەما، چیرۆک، یان دەربڕینی بیرۆکە و(واتا)یان کارامەییەک لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەنگەکانەوە.**

**حەوتەم: هاندانی منداڵ بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسانی نەناسراو و ئەوانەی لە خۆی گەورەترن یان لە دەوروبەری خێزانەکەیین هەڵسوکەوت بکات، یان بەواتایەکی تر بیرۆکەی بەراوردکردن لەنێوان خودی خۆی و یەکێکی نامۆ یان لە نێوان کەسێکی نزیک و کەسێکی دوور یان کەسێکی بچووک یان گەورە، لە نێوان ئاسای و نائاسایدا لا دروست ببێت.**

**هەشتەم: دروستبونی بیرۆکە سەبارەت بەو کۆسپانەی کە دێنە ڕێگەی پرۆسەی فێربون و پەیداکردنی جۆرە کۆنترۆڵێک یان ئاشنابونی بە هەندێک لە هۆکارەکانی وەک بیرۆکەی فێربوونی خوێندنەوە و نوسین.(لیلى السايغ،٢٠١٤:٣٢)**

## فەلسەفەی باخچەی منداڵان:

بەشێوەیەکی گشتی باخچەی منداڵان گەشە ئەدات بە بە هێزکردنی پەیوەندییەکانی منداڵ و دواتر لەداهاتوودا بتوانێت پەیوەندی لە ئاستێکی بەرز برەو پێ بدات لەگەڵ دەوروبەری لە کەسانی باش و خراپ و چۆنیەتی ڕەفتار کردن لەگەڵ تاک و کۆمەڵگە، هەروەها باخچەی منداڵان پێی وایە گرنگە تاک لە سەرەتای قۆناغی منداڵیدا ئاشنا بێت بە ژینگەی باخچە، بۆ دۆزینەوەی توانا دیار و شاراوەکانی منداڵ، کە جەخت دەکات لەسەر ڕێز گرتنی منداڵ وەکو تاکێکی بچوکی ناو کۆمەڵگا، هەروەها باوەڕی بە ئازادی منداڵ هەیە لە جوڵە و وەڵامدانەوە و هەڵبژاردن و یاریکردن و ئازادی لەهەڵبژاردنی شوێن و کات، هەروەها باوەڕی بە پێدانی ئازادی تەواوەتی هەیە بە منداڵ تا ئەو کاتەی زیان بەخۆی و کەسانی تر نەگەیەنێت، هەروەها پێی وایە کە منداڵ زانیاری و کارامەیی وەردەگرێت کاتێک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژینگەی دەوروبەری دەکات و ناسینی شتەکانی دەوروبەری و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، سەرەڕای ئەوەش پێویستە منداڵ ئاگاداری پێشکەوتنە نوێیەکانیش بێت.(ملحم،٢٠١٢: ٢٧) لێرەدا تیشک دەخەینە سەر گرنگی باخچەی منداڵان لەڕوانگەی چەند زانایەکی بواری پەروەردە لە باخچەی منداڵان:

## فریدریک فرۆبل(Froble) :

فرۆبڵ لەساڵی(١٧٨٢-١٨٥٢) بەیەکەم پەروەردکاری ڕۆژئاوای دادەنریت، پێی وایە پەروەردە کاریگەری لەسەر هەموو قۆناغەکانی ژیانی تاک هەیە هەر لەسەرەتای دروستبوونەوە ، تاکو قۆناغی منداڵی و گەنجی و تەنانەت قۆناغی پیریش، فەلسەفەی فرۆبڵ دەربارەی پەروەردە بەم جۆرەیە:کۆمەڵگا پارچەیەکە جیا نابێتەوە لە تاک و تاکیش بەشێکە لەم پارچەیە.گەشەی ڕۆحی لەلای تاک نایەتەدی، تەنها لە ڕێگەی بەژداری کردن لە کارو چالاکییە بە کۆمەڵەکانەوە نەبێت، کە منداڵ لە ڕێگەیەوە فێری بەها ڕەوشتییە بیستراوەکان دەبێت.ئامانجی سەرەکی فەلسەفەی فرۆبڵ پەروەردەیە، هەر ئەویش بانگەشەی بۆ دەکات، پێی وایە پەروەردە بەستەری نێوان تاک و سروشتە و پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خود دا، هەر لەبەر ئەم هۆکارانە گەیشت بەچەند بنەمایەکی سەرەکی کە تایبەتە بە پەروەردەی منداڵ لە باخچەدا کە بریتین لەمانە: پەروەردە لەباخچەدا هاوکاری منداڵە بۆ گەیشتن بەو مەبەستەی هەوڵی بۆ دەدات.منداڵ هەموو

کاتێک حەز بە یاریکردن و کارکردن دەکات ئەمەش بەشێکە لە سروشتی منداڵ.سەرەتا پێویستە منداڵان فێری زمان و زانست و پەروەردەی وەرزش بکرێن. سەرەکیترین شت لای فرۆبڵ دەربڕینی هەست وسۆزە.

فرۆبڵ پێی وایە سروشتی ژن زیاتر گونجاو ترە بۆ لەخۆ گرتن و پەروەردەکردنی منداڵ لە باخچەدا، لەبەر ئەوە ژن بە سروشت ئارام ترە و بەتوانا ترە لە تێبینیکردن و سەرنجدانی منداڵ.پێویستە کچان و ژنان زیاتر فێری رێز و خۆشەویستی بکرێن بۆ ئەوەی بتوانن نەوەیەکی باشتر پەروەردە بکەن.هەر لە ئەنجامی تێبینیکردنی منداڵ بۆی دەرکەوت، کاتێک منداڵ لە کەش و هەوایەکی پاک و بێگەرد دا یاری دەکات، ئەو یاریکردنە دەبێتە هۆی گەشەکردن و بەهێزکردنی توانای عەقڵی و جەستەی منداڵ، هەر لەرێگای یاریکردنەوە لەم تەمەنە کەمەدا دەتوانێت هەستەوەرەکانی بەکاربهێنێت، کە سەرئەنجام دەبێتە هۆ بەهێزبوونی گەشەی عەقڵی و هەستی منداڵ، ئەمەش لەرێگەی بینینی سروشتەوە دەبێت لە کاتی یاریکردندا، هەروەها کرداری فێربوونیش ئاسان دەکات، هەر بۆ ئەم مەبەستە یارییەکی هێنایە کایەوە ناوی نا (دیارییەکان) لای فرۆبڵ لە پەروەردەدا ناچار کردن نیە، بەڵکو رێز لە منداڵ دەگرێت وەکو تاکێک گونجاندنی لەگەڵ باخچە و ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژی ، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە فەلسەفەی پەروەردەی فرۆبڵ دژی پەروەردەی هاوچەرخ نیە، ئەگەرچی باخچەی منداڵان لە ئێستادا مامۆستایانی پیاویش هاوشێوەی مامۆستایانی ژن، لە باخچەکاندا خزمەت دەکەن ئەوەش بۆ قەرەبوکردنەوەی منداڵ بە هۆی دوورکەوتنەوەیەتی لە باوک و دایکی لەو ماوەیەی کە لە باخچەیە. (بدران،٢٠٠٣: ٤٣-٤٤)

## ماریامۆنتسۆری(Montessori):

ماریا مۆنتسۆری لەساڵی(١٨٧٠-١٩٥٣) ئەنترۆپۆلۆجیست و پزیشک و پەروەردکاری ئیتاڵی بەڕابەری جوڵانەوەی زانستی نوێ دادەنرێت، هەندێک پێیان وایە کە شێوازی پەروەردەکردنی تەواو جیاوازە لە پێش خۆی، ئەم رێگایەی کە مۆنتسۆری گرتیەبەر، لە بۆچوون و هەوڵەکانی (رۆسۆ،بستالۆزی، فرۆبڵ)سەرچاوەی گرتووە هەروەها هەستا بە داڕشتنەوەی زانستی دەرونی و پەروەردەیی، باشترینەکانی لێوەرگرتن، گرنگی دا بە جیاوازی تاکایەتی لە نێوان منداڵاندا، چەندین ئامرازی فێرکردنی نوێ هێنایە کایەوە بۆ فێرکردنی منداڵەکان، هەروەها بەشێک لە هەوڵە پەروەردەییەکانی تایبەت بوو بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، بێگومان ئەم هەوڵەشی سەرکەوتوو بوو، بە جۆرێک منداڵانی خاوەن پێداویستی توانیان

ئەزموونەکانیان بەسەرکەوتوویی تێپەڕێنن هاوشێوەی منداڵانی ئاسایی، هەروەها چەندین یاری بۆمنداڵان دانا بۆگەشەدان بە هەستەوەرەکانی منداڵ، فەلسەفەکەی مۆنتسۆری پێی وایە کە هەستەوەرەکانی منداڵ لە سەرەتای لە دایک بوونەوە تا دەگاتە تەمەنی شەش ساڵی کاریگەرە بە ژینگەی دەوروبەر ئەم ئاگادارکردنەوە هەستیانەش هۆکارە بۆ فێربوونی منداڵ لەم تەمەنەدا، ئەمەش هاندەرێکی باشبوو بۆ بەردەوام بوون و دۆزینەوەی شێوازو ڕێگای نوێ بۆ پەروەردەکردنی منداڵان.(بدران،٢٠٠٣: ٤٧)

گرنگترین ئەو بنەما پەروەردەییانەی مۆنتسۆری(١٨٦٩-١٩٥٢)جەختی لەسەرکردەوە بریتی بوون لەمانە:

باشترین ڕێگا بۆ ئامادەکردنی منداڵ بۆ ژیان و تێرکردنی هەموو پێداویستییەکانی لە قۆناغی منداڵیدا. منداڵانیش هاوشێوەی گەورەکان خاوەن هەست و سۆزو و توانای بیرکردنەوە یان هەیە لە شتە دروستکراوەکان و پەیوەندی نێوان جەستەو عەقڵ.ناکرێت منداڵ لە بابەتەکانی خوێندن وەک بیرکاری و هونەر بێبەشبکرێت، بەڵکو پێویستە بە شێوەیەکی زۆر سادە و سەرەتایی فێر بکرێت.منداڵان بەئاسانی و باشتر فێردەبن ئەگەر هاتوو هەستی بەرپرسیاریەتییان پێ ببەخشین ڕێگەیان پێبدەین هەڵبژاردن بکەین لە نێوان ڕاست و هەڵە.پێویستە منداڵەکانمان ڕابهێنین لەسەر پشت بەستن بە خۆیان.ئەم قۆناغە لەژیانی منداڵدا زۆر هەستیارە و لە توانایدا هەیە زۆر شت فێر ببێت بە ماوەیەکی کەم .دیاری کردنی بابەتە ئاسان و گرانەکان کە لە توانایدایە فێری ببێت یاخود فێر نەبێت.ئەندێشە و داهێنان، ئەنجامدانی چالاکی جۆراو جۆر وەک :خوێندنەوە ، نوسین ، وێنەکێشان، سەماکردن، مۆسیقا ، ژماردن و بنەماکانی یاریکردن و هونەری گفتوگۆکردن.(بدران،٢٠٠٣: ٥١)

## توێژینەوەکانی پێشوو

### یەکەم :توێژینەوەکانی تایبەت بەڕەفتاری بزێوی:

توێژەر هەوڵ دەدات چەند توێژینەوەیەکی پەیوەست بخاتەڕوو کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە :

١- (شعلان ،٢٠١٤)

بەناونیشانی " کاریگەری یارییەکان لەسەر کەمکردنەوەی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە "

لەشاری بغداد ئەنجامدراوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری یارییەکان لەسەرکەمکردنەوەی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە، سامپڵی توێژینەوەکە (٤٠٠)منداڵی کچ و کوڕی باخچە بوو، لە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای بغداد، پێوەری توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٤٧)بڕگەو(١٦) جۆر یاری، لە کۆتایی توێژینەوەکە توێژەر گەیشت بەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:
- بوونی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە کە تەمەنیان لە نێوان (٤-٦)ساڵیدایە.
- یارییەکان کاریگەری ئەرێنییان هەیە لەسەر کەمکردنەوەی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە.

٢- (کاظم،٢٠١٤)

بە ناونیشانی " ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە و پەیوەندی بە هەندێک گۆڕاوەوە " ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە و پەیوەندی بە هەندێک گۆڕاوەوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە منداڵانی باخچە لە پارێزگایی بغداد و سامپڵی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٤٠٠) منداڵی کوڕ و کچ، پێوەری توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٤٧)بڕگە کە چوار لایەنی لەخۆ گرتبوو(لایەنی جوڵەیی،عەقڵی ، کۆمەڵایەتی ، دەروونی) توێژەر بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی،ڕاستی ڕواڵەتی و بنیاتنەری بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی جێگیریی ڕێگای بە دووبارەکردنەوە و ئەلفا کرونباخ بەکارهێنا، لەکۆتاییدا گەیشت بەم ئەنجامانەی خوارەوە:-
- بوونی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە تەمەن (٤-٦)ساڵ.
- هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە بەپێ گۆڕاوی تەمەن (٤-٥) و (٥-٦) ساڵ.
- جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز و جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێر دایە.

٣- (کاتیبی و المغوش،٢٠١٥)

بەناونیشانی " شێوەکانی شەڕانگێزی لەلای منداڵانی باخچە "

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەزانینی شێوەکانی ڕەفتاری شەڕانگێزی لای منداڵانی باخچە، و پەیوەندی بەهەندێک گۆڕاوی وەک(ئاستی ڕۆشنبیری دایک،ڕەگەزی منداڵ) کۆمەڵگای توێژینەوەکە سەرجەم باخچە حکومییەکانی سەر بەپارێزگای دیمەشق، سامپڵی توێژینەوەکە(١٠٠) منداڵ، کە تەمەنیان لەنێوان

(٥-٦)ساڵدایه، لەهەردوو ڕەگەزی کچ و کوڕ، توێژەر هەستا بەبەکارهێنانی میتۆدی وەصفی شیکاری، هەروەها ئامرازی تێبینیکردنی بەکارهێنا،لە کۆتاییدا توێژەر بەم دەرئەنجامانە گەیشتووە:-

- بەکارهێنانی باوترین شێوازی شەڕانگێزی لای منداڵانی باخچە،بریتییە لە شێوازی دەربڕین دواتر شەڕانگێزی جەستەیی و بەکارهێنانی هێما کە گوزارشت لە شێوەکانی شەڕانگێزی دەکات.

- بوونی جیاوازی ڕەگەز لە بەکارهێنانی شێوازەکانی شەڕانگێزی لای منداڵانی باخچە،لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێردایە.

- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی(٠,٥)هەیە، لە ڕۆشنبیری دایک و شێوازەکانی شەڕانگێزی لەلای منداڵی باخچە.

٤- (موسى، حسين،٢٠١٦)

بەناونیشانی " ڕەفتاری بزێوی و پەیوەندی بە دڵەڕاوکێ لای منداڵانی باخچە "

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، زانینی پەیوەندی نێوان ڕەفتاری بزێوی و دڵەڕاوکێ لای منداڵانی باخچە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتی بوو لە(١٢٢٠٠)منداڵانی باخچە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رصافە دووەم لە پارێزگای بەغداد، سامپڵی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٣٠٠)منداڵی باخچە، بەشێوەی هەڕەمەکی، توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی میتۆدی ئەزموونی، لە کۆتایی توێژینەوەکە توێژەر گەیشت بەم دەرئەنجامە، کە پەیوەندی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان ڕەفتاری بزێوی و دڵەڕاوکێ لەلای منداڵانی باخچە.

٥- (ترکی،٢٠١٨)

بەناونیشانی " کاریگەری بەکارهێنانی یارییە جوڵاوەکان لەکەمکردنەوەی فرەجوڵەیی لەلای منداڵانی باخچە لە پارێزگای خلیل "

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی کاریگەری بەکارهێنانی یارییە جوڵاوەکان لەکەمکردنەوەی فرەجوڵەیی لەلای منداڵانی باخچە لە پارێزگای خلیل، وە زانینی پەیوەندی چەند گۆڕاوێک (باری ئابووری خێزان، ڕیزبەندی لەدایک بوون، ژمارەی ئەندامانی خێزان)بە کێشەی فرەجوڵەیی لای منداڵانی باخچە، وە کۆمەڵگای توێژینەوەکە سەرجەم منداڵانی باخچە لە بیت القدس لە پارێزگای خلیل کە پێکهاتووە لە ( ١٣٥) منداڵی کوڕ و کچ، سامپڵی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٤٠)منداڵی کوڕ و کچ، توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی میتۆدی ئەزموونی، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی، هەروەها توێژەر بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی پشتی بەست بەڕاستی ڕواڵەتی و گونجانی ناوەکی و ڕاستی بنیاتنەری، هەروەها

ڕێگای بە نیوە کردنی بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی جێگیریی، لەکۆتاییدا بەم دەرئەنجامانە گەیشت کە بریتین لە:

- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٥) هەیە لە نێوان نمرەی ناوەندی ژمێرەیی و تاکەکانی کۆمەڵگای ئەزموونی، لە پێوەری پێشەکی و پاشەکی لە پێوانی ڕەفتاری فرەجوڵەیی و کەمی ئاگایی لەڕوانگەی دایکانەوە.

- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (٠,٥)هەیە لە نێوان نمرەی ناوەندی ژمێرەیی و تاکەکانی کۆمەڵگای ئەزموونی ،بەپێی ڕەهەندی ڕەگەز و پێوەری فرەجووڵەیی نمرەی گشتی لە ڕوانگەی دایکانەوە.

- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (٠,٥) هەیە لە نێوان نمرەی ناوەندی ژمێرەیی و تاکەکانی کۆمەڵگای ئەزموونی، بەپێی ڕەهەندی ئابووری خێزانی پێوەری فرەجووڵەیی نمرەی گشتی لەڕوانگەی دایکانەوە.

- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (٠,٥) هەیە لە نێوان نمرەی ناوەندی ژمێرەی و تاکەکانی کۆمەڵگای ئەزموونی،بەپێی ڕەهەندی ڕیزبەندی لەدایک بوون پێوەری فرەجووڵەیی نمرەی گشتی لەڕوانگەی دایکانەوە.

- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی (٠,٥) هەیە لە نێوان نمرەی ناوەندی ژمێرەیی و تاکەکانی کۆمەڵگای ئەزموونی، بەپێی ڕەهەندی ژمارەی ئەندامانی خێزان پێوەری فرەجووڵەیی نمرەی گشتی لە ڕوانگەی دایکانەوە.

٦- ( لین و ئەوانیتر،٢٠١٩)

به ناونیشانی " پەیوەندی نێوان هەڵچوونەکان و ڕەفتاری بزێوی لای خوێندکارانی زانکۆ " ئامانجی توێژینەوەکە زانینی پەیوەندی نێوان هەڵچونەکان و ڕەفتاری بزێویە لای خوێندکارانی زانکۆ، سامپڵی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٢٠٤)خوێندکاری کچ و کوڕی زانکۆ، توێژەران هەستان بە بەکارهێنانی (٦) دەستەواژە بۆ ئەو خوێندکارانەی کە دووچاری ڕەفتاری بزێوی بوونەتەوە کە دەستەواژەکان بریتی بوون لە(دڵتەنگی،دڵەڕاوکێ،دڵخۆشی ،تووڕەیی، ترس، گوێ پێنەدان)، لە کۆتایدا گەیشتن بەم دەرئەنجامانە کە بریتین لە :

- ئەو خوێندکارانەی دڵخۆش و دڵەڕاوکێیان هەبوو ئەوانەبوون کە ڕێژەی ڕەفتاری بزێویان کەمتر بوو بە بەراورد بە ئەوانی تر.

- ئەو خوێندکارانەی گوێ پێنەدانیان زۆرە ، ڕێژەی ڕەفتاری بزێویان بەرزە، و دڵەڕاوکێیان کەمترە.

- ئەو خوێندکارانە بزێویان هەیە ڕێژەی توڕەبوونیان بەرزە بە بەراورد بە ئەوانی تر.

- بە گشتی ئەو خوێندکارانەی بزێویان هەیە، دڵخۆش و ئاسوودە و لە خۆڕازی دەردەکەون بە بەراورد بە ئەوانی تر، وە خۆشیان بە گوناهبار و تاوانبار نازانن و پەشیمان نین لەو ڕەفتارانەی کە ئەنجامی دەدەن.

## دووەم : توێژینەوەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵی پۆل:-

١- (المواضية، ٢٠٠٦)

بە ناونیشانی" شێوازەکانی بەڕێوەبردنی پۆل لای مامۆستایانی بنەڕەتی لە ئەردەن بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز و ئەزموون و بڕوانامە "

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی شێوازەکانی بەڕێوەبردنی پۆلە لەلای مامۆستایانی بنەڕەتی لە هەرێمی ڕۆژئاوا کە پارێزگاکانی (الكرک و الطيلة و معان و العقبة) بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز ، ئەزموون و بڕوانامە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتی بوو لە سەرجەم مامۆستایانی بنەڕەتی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاکانی(الكرک و الطيلة و معان و العقبة )کە ژمارەیان (٢٥٣٠) بوو ، سامپڵی توێژینەوەکە (٣٨٠) مامۆستای نێر و مێ بوو، بە شێوەی هەڕەمەکی، توێژەر هەستا بەبەکارهێنانی ئامرازی ڕاپرسی، لە کۆتاییدا گەیشت بەم دەرئەنجامانە کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- شێوازی دیموکراتی یەکێکە لەو شێوازانەی کە کاری پێدەکرێت لەلای مامۆستایان.

- جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان شێوازەکانی بەڕێوەبردنی پۆل بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز شێوازی دیکتاتۆری زیاتر لەلای مامۆستایانی نێر بەکاردێت ،و شێوازی دیموکراسی لای مامۆستایانی مێ بەکاردێت .

- جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان شێوازەکانی بەڕێوەبردنی پۆل بەپێی گۆڕاوی ئەزموون ئەو مامۆستایانەی کە ئەزموونیان کەمتر لە (٥)ساڵە زیاتر پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی شێوازی دیکتاتۆری، ئەوانەشی ئەزموونیان زیاتر لە (١١) ساڵە زیاتر شێوازی دیموکراسی بەکاردەهێنن.

- جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان شێوازەکانی بەڕێوەبردنی پۆل بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە ئەو مامۆستایانەی بڕوانامەی (ماجستێر)یان هەیە پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی شێوازی دیموکراسی ، بەڵام ئەوانەی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)یان هەیە شێوازی دیکتاتۆری بەکاردەهێنن.

٢- (الأفندي،٢٠١٤)

به ناونیشانی " کێشەکانی بەڕێوەبردنی پۆل لە لای خوێندکارانی بازنەی یەکەم لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە "

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی کێشەکانی بەڕێوەبردنی پۆلە لای خوێندکارانی بازنەی یەکەم لەڕوانگەی مامۆستایانەوە، بەپێی گۆڕاوی: (ڕەگەزی، سالانی خزمەت، بڕوانامە، شوێنی قوتابخانە، شێوازی بەڕێوەبردنی پۆل)توێژەر هەستا بەبەکارهێنانی ئامرازی ڕاپرسی، کە لە (٤٦)بڕگە پێکهاتبوو، سامپڵی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە(٢٠٠)مامۆستای نێر و مێ، لە کۆتایی توێژینەوەکە گەیشت بەم دەرئەنجامانە کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

بەکارهێنانی شێوازەکانی بەڕێوەبردنی پۆل بەشێوەی ڕیزبەندی بەم شێوەیە:

- شێوازی نەریتی دواتر شێوازی ڕێگەپێدان و دواتر دیکتاتۆری دواتریش دیموکراسی.
- کەمی ڕێژەی مامۆستایانی ئەکادیمی لە بواری وانەوتنەوە.
- بەکارنەهێنانی ڕێگای نوێ بۆ وانە وتنەوە.
- مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندکارانی بازنەی یەکەم ئاسان نییە .
- بەکارنەهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن، نەبوونی خولی بەهێزکردنی مامۆستایان.

٣- (برکات،٢٠١٥)

بەناونیشانی "ڕۆڵی مامۆستا لە دابینکردنی ژینگەی پۆلێکی پارێزاوی کۆمەڵایەتی بۆمندالانی باخچە لەڕوانگەی لێهاتووی پیشەیی "

ئامانجی توێزینەوەکە زانینی ڕۆڵی مامۆستایە لە دابینکردنی ژینگەی پۆلێکی پارێزراوی کۆمەڵایەتی بۆمندالانی تەمەن (٤-٥)ساڵ لە پارێزگای دیمەشق،توێژەر هەستا بەبەکارهێنانی میتۆدی وەسفی و شیکاری،سامپڵی توێژینەوەکە بریتی بوو لە(٣٤)مامۆستای نێر و مێ ، لەکۆتاییدا توێژەر گەیشت بەم دەرئەنجامانە :

-هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە نێوان ئاستی وەڵامدانەوەی مامۆستایانی باخچە لە ڕوانگەی پیشەییانەوە و دابین کردنی ژینگەی پۆلێکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ مندالانی باخچە.

- هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە نێوان ئاستی وەڵامدانەوەی مامۆستایانی باخچە لە ڕوانگەی پیشەییانەوە دابین کردنی ژینگەی پۆلێکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوی ساڵەکانی خزمەتی مامۆستای باخچە.

-جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان ئاستی وەڵامدانەوەی مامۆستایانی باخچە لە ڕوانگەی پیشەییانەوە و دابین کردنی ژینگەی پۆلێکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵان بە پێی گۆڕاوی بڕوانامەی مامۆستا.

- جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان ئاستی وەڵامدانەوەی مامۆستایانی باخچە لە ڕوانگەی پیشەییانەوە دابین کردنی ژینگەی پۆلێکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵان بە پێی گۆڕاوی ئەزموونی مامۆستا کە لە (٥)ساڵ زیاتر بێت.

٤- (النداوی،٢٠١٧)

بەناونیشانی " کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچە "

ئامانج لەم توێژینەوەیە، زانینی ئاستی کۆنترۆڵی پۆلە لەلای مامۆستایانی باخچە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتی بوو لە سەرجەم مامۆستایانی باخچەی حکومی سەر بەپارێزگای بغداد بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)، سامپڵی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٤٠٠) مامۆستای نێر و مێ، بەشێوەی هەڕەمەکی سادە، توێژەر هەستا بە دروستکردنی پێوەر بەپشت بەستن بە هەنگاوی زانستی دەرونی، بۆ ڕاستی پێوەرەکەش، هەستا بە وەرگرتنی بۆچوونی پسپۆڕانی ئەو بوارە ، پێوەرەکەش پێکهاتبوو لە (٢٦)بڕگە، توێژەر کەرەستەی ئاماری t-test و پیرسون و الفاو کرونباخ ی بەکارهێنا،لەکۆتایدا گەیشت بەو دەرئەنجامەی کە کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچە لە ئاستێکی بەرزدایە.

## گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو

یەکەم:توێژینەوەکانی پێشوو تایبەت بەڕەفتاری بزێوی:

1- لەڕووی ئامانجەوە:-

هەرچەندە هەریەک لە توێژینەوەکان لەڕووی ئامانجەوە جیاوازن، بەڵام بەگشتی جەخت دەکەنەوە لەسەر زانینی ئاست و شێوازەکانی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە، لەگرنگترین ئەو توێژینەوانەش (کاظم،2014)،(ترکي،2016)،(کاتبي و المغوش،2015)،(موسی و حسین)،بەڵام هەریەک لە توێژینەوەکانی (شعلان،٢٠١٤)،(لین و ئەوانیتر،٢٠١٩) ئامانجیان دۆزینەوەی پەیوەندیە لای کۆمەڵگاو و

سامپڵی توێژینەوە،ئەمە سەرەڕای بوونی چەند ئامانجێکی ترتایبەت بە گۆڕاوی توێژینەوەکانیان،ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتی یەلە: دەستنیشانکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچەی (حکومی و ناحکومی)لای مامۆستاکانیانەوە. هەروەها دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، بڕوانامە،پسپۆڕی، ساڵانی خزمەت، جۆری باخچە)ئامانجێکی تری ئەم توێژینەوەیە بریتییەلە دەستنیشانکردنی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی(حکومی و ناحکومی). هەروەها دۆزینەوەی پەیوەندی ڕەفتاری بزێوی منداڵ لەگەڵ شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی (حکومی و ناحکومی).

**٢-لە ڕووی کۆمەڵگاوە :-**

سەبارەت بە هەڵبژاردنی کۆمەڵگای توێژینەوەکان زۆرێک لە توێژەران باخچەی منداڵانیان وەک کۆمەڵگای توێژینەوە هەڵبژارد،کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە سەرجەم باخچە (حکومی و نا حکومییەکان)ی سەنتەری شاری سلێمانی کە کۆی گشتی باخچەکان (٧٥) باخچە بوو.

**٣-سامپڵی توێژینەوەکە:-**

هەریەک لە توێژینەوەکان قەبارەی سامپڵی توێژینەوەکەیان جیاوازە کە دەکەوێتە نێوان (٨٥-٥٠٠) سامپڵ لە هەردوو ڕەگەز ،سامپڵی ئەم توێژینەوەیەش پێکهاتبوو لە (٢٠٧) مامۆستا لە باخچەی حکومی و (٧٨) مامۆستا لە باخچەی ناحکومی ،کە (٢٨٥) مامۆستا بوو لە هەردوو ڕەگەز.

**٤- لە ڕووی میتۆدەوە :-**

بە گشتی میتۆدی ئەزموونییان بەکارهێناوە ،ئەم توێژینەوەیەش میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە ، هەروەها پشت بە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی گشتگیر بەستراوە.

**٥- لە ڕووی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەوە:-**

زۆرێک لە توێژینەوەکان شێوازی تاقیکردنەوەیان بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان ،بەڵام ، توێژینەوەی ( کاتبی و المغوش،٢٠١٥ ) ئامرازی تێبینی کردنی بەکارهێنا ،ئەم توێژینەوەیەش بۆ کۆکردنەوەی زانیاری فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێنا .

**٦- له ڕووی ئامرازی ئامارییەوە :-**

**زۆرێک له توێژینەوەکان بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی پەنایان بردووەته بەر ڕاستی ڕووالەتی و بنیاتنەری، بۆ دەرهێنانی جێگیری ڕێگای ئەلفا کرونباخیان بە کار هێناوە ، بەهەمان شێوەی توێژینەوەکانی پێشوو بۆ دەرهێنانی ڕاستیگۆیی توێژەر ڕاستی ڕواڵەتی و وەرگێڕانی بەکارهێنا، بۆ دەرهێنانی جێگیری ڕێگای ئەلفا کرونباخی بەکار هێنا، بەمەبەستی شیکارکردنی داتاکان توێژەر بەرنامەی ئاماری SPSSی بەکارهێناوە .**

**٧- له ڕووی ئەنجامەوە :-**

**سەبارەت بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو ،توێژەر له بەشی چوارەمدا ، ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەراورد بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو دەکات و گفتوگۆیان لەسەر دەکات .**

**دووەم :گفتوگۆیی توێژینەوەکانی تایبەت بە شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل :**

**١-له ڕووی ئامانجەوە :-**

**هەریەک له توێژینەوەکان له ڕووی ئامانجەوە جیاوازن له توێژینەوەکانی (النداوي،٢٠١٦ ) ،(المواضية، 2006 ) ئامانجیان زانینی ئاست و شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆله لای کۆمەڵگای توێژینەوەکە .**

**ئەمە له کاتێکدا توێژینەوەی (الأفندي ،٢٠١٤) ئامانجی زانینی کێشەکانی کۆنترۆڵی پۆله لای کۆمەڵگای توێژینەوەکە و هەروەها توێژینەوەی (برکات ،٢٠١٤-٢٠١٥) ئامانجی زانینی ڕۆڵی مامۆستایە له بەڕێوەبردنی پۆلدا ، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتی یەلە: دەستنیشانکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچەی (حکومی و ناحکومی)لای مامۆستاکانیانەوە. هەروەها دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، بڕوانامە، پسپۆڕی، ساڵانی خزمەت، جۆری باخچە)ئامانجێکی تری ئەم توێژینەوەیە بریتییەلە دەستنیشانکردنی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی(حکومی و ناحکومی). هەروەها دۆزینەوەی پەیوەندی ڕەفتاری بزێوی منداڵ لەگەڵ شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی (حکومی و ناحکومی).**

**٢-له ڕووی کۆمەڵگەی توێژینەوە:-**

**هەریەک له توێژینەوەکان له کۆمەڵگەیەکی جیاواز ئەنجامدراون ،له توێژینەوەی (النداوي ، ٢٠١٦) ، (برکات،٢٠١٤-٢٠١٥) کۆمەڵگای توێژینەوەکەیان بریتییە له مامۆستایانی باخچە ، بەڵام له توێژینەوەکانی (المواضية ،٢٠٠٦)،(الأفندي ،٢٠١٤) کۆمەڵگای توێژینەوەکەیان بریتییە له مامۆستایانی قۆناغی**

بنەڕەتی،کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەش بریتی یە لە سەرجەم مامۆستایانی باخچەی (حکومی و ناحکومی) سەنتەری شاری سلێمانی کە بریتی بوو لە (٧٥) باخچە .

**٣- لە ڕووی سامپڵی توێژینەوە:-**

هەریەک لە توێژینەوەکان قەبارەی سامپلی توێژینەوەکانیان جیاوازە کە دەکەویتە نێوان (٣٤-٤٠٠ ) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و مێ .

**٤-لەڕووی میتۆدی توێژینەوە:-**

بە گشتی توێژینەوەکان میتۆدی وەسفییان بەکارهێناوە ،ئەم توێژینەوەیەش هاوشێوەی ئەو توێژینەوانە میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە کە تیایدا پشت بە ڕووپێوی کۆمەلایەتی گشتگیر بەستراوە .

**٥- لە ڕووی ئامرازەکانی توێژینەوە:-**

بەگشتی توێژینەوەکان فۆرمی ڕاپرسییان بەکارهێنابوو بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان،ئەم توێژینەوەیەش هاوشێوەی توێژینەوەکانی تر توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێنا بۆ ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی ئەم توێژینەوەیە ،وە سوودی لە فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرت .

**٦-لە ڕووی ئامرازە ئامارییەکانەوە:-**

بەگشتی توێژینەوەکان پشتیان بەستووە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری SPSS و هەروەها ئامرازی ئاماری Anova t-test بۆ دەرهێنانی جێگیری پشتیان بەستووە بە ئەلفا کرونباخ و ڕێگەی دووبارە کردنەوە .

**سوودی توێژینەوەکانی پێشوو:-**

توێژەر توانی لە لایەنی تیۆری سوود لەسەرجەم ئەو توێژینەوانە وەربگرێت کە بەکاری هێناوە لە توێژینەوەکەدا.

## ئامڕازە ئاماریەکان:

توێژەر بۆ شیکارکردنی داتا و زانیارییەکان پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەلایەتییەکان بەکارهێنا بە ڤێرژنی(22)، بە بەکار هێنانی ئەم ئامڕازە ئاماریانەی خوارەوە:

1-هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (معامل الارتباط پيرسون- Person Correlation Coefficient)بۆئەژمارکردنی جێگیری بەرێگەی دووبارەجێبەجێکردن و ڕاستگۆیی بونیادنان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان بەکار هات.

2-هاوکێشەی جێتمان(Guttman) وسپیێرمان براون(Sperman-Brown) بەکار هات بۆراستکردنەوەی جێگیری پێوانەکان.

3-بەکارهێنانی(Independent Sample T-Test) بۆ دۆزینەوەی توانای جیاکاری بڕگەکان لەنێوان نمرە بەرز ونزمەکاندا.

4-ئەزموونی(t)تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست(Independent Sample T-Test)ئەزموونی(t)بۆیەک نموونە(One Sample T-Test).

5-بەکارهێنانی هاوکێشەی ئەنۆڤا(One way ANOVA).

# بەشی سێیەم

## ڕێبازی توێژینەوەکەو ڕێکارەکانی

## میتۆدی (ڕێبازی ) توێژینەوەکە

## کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

## نموونەی توێژینەوەکە

## ئامرازەکانی توێژینەوەکە

## ئامرازە ئامارییەکان

## بەشی سێیەم

## ڕێبازی توێژینەوەکەو ڕێکارەکانی

ئەم بەشــە پێـک دێـت لەباسـکردنی ســەرجەم ئەو ڕێکارییــانەی کە تــوێژەر گــرتیەبەر بــۆ بەئەنجـام گەیانــدنی تــوێژینەوەکە، خســتنەڕووی میتــۆدی بەکارهــاتوو هەروەهــا کۆمەڵگــاو تایبەیمەنــدییەکانی نمــوونەی توێژینەوەکە، پیشــاندانی ئامرازەکــانی تــوێژینەوە و هەروەهــا چــۆنیەتی دەرهێنــانی ڕاسـتی و جێگیـری، خسـتەڕووی ئـامرازی ئامـاری بەکارهـاتوو بـۆ شـیکردنەوەی داتـاو زانیارییەکـان کە لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتوون.

### میتۆدی توێژینەوەکە:

بــۆ بەدیهێنــانی ئامانجەکــانی تــوێژینەوە تــوێژەر میتــۆدی وەســفی بەکــار هێنــا، چــونکە ڕێــگەیەکە بــۆ باسـکردنی بابەتێـک بە میتـۆدی زانسـتی درووسـت و وێنـاکردنی ئەنجامەکـان لەسـەر شـێوەی دیجیتـاڵی گوزارشـتی دەگەنە ئەنجـام کە دەکرێـت لێـک بـدرێتەوە.( المحمـودی،٢٠١٩: ٤٦) یــاخود دەتــوانین بڵێــین بــریتییە لەو ڕێگــایەی ئامــانجی دیــاریکردنی تایبەتمەنــدی و تــوخمە دیارەکــانی دیــاردەیەکە لەڕووی چەنــدێتی و چۆنیەتییەوە،تــاکو بەئاســانی توانــای دیــاریکردن و بەراوردکردنــی هەبێـت. (ایـوب، ٢٠٢٠:١٨) لە ڕێگــای بەکارهێنــانی ڕووپێــوی کــۆمەڵایەتی گشـتگیر و پەیوەندییە، چونکە گونجاوە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

### کۆمەڵگەی توێژینەوە :Research Population

تــوێژەر بــۆ هەڵبژاردنــی کــۆمەڵگەی تــوێژینەوەکە ســەرجەم بــاخچە حکــومی و ناحکومییەکــان لە ناوەنــدی شــاری ســلێمانی وەرگــرت، کە پێکهــاتبوو لە (35)بــاخچەی حکــومی و (40)بــاخچەی نــاحکومی کە کــۆی گشــتی دەکــاتە (75)بــاخچە، بــۆ ئەوەی بتوانێــت بەباشــی گشــتاندن بــۆ ئەنجامەکــان بکــات ،کــۆمەڵگەی تــوێژینەوەکە پێکهــاتبوو لە ســەرجەم مامۆســتایانی بــاخچەی منــداڵانی حکــومی و نــاحکومی لەناوەنــدی پارێزگــای ســلێمانی، بــۆ ســاڵی خوێنــدنی (2020-2021)کە بریتــی بــوون لە(1118)مامۆسـتای بـاخچە. تـوێژەر ئامـاری مامۆسـتایانی بـاخچەی لە

بەڕێـــوبەرایەتی پەروەردەی ســـلێمانی(ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات)وەرگـــرت. هەروەک لە خشـــتەی ژمـــارە(1) ئاماژەی پێدراوە.

**خشتەی (1)**

**کۆمەڵگای توێژینەوەکە بە پێی(ژمارەی مامۆستایان )لە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی( ڕۆژئاوا – ڕۆژهەلات)،(حکومی- ناحکومی) سەنتەری پارێزگای سلێمانی**

| بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگای سلێمانی | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری باخچە | حکومی | | کۆ | نا حکومی | | کۆ |
| پەروەردە | ڕۆژهەلات | ڕۆژئاوا | | ڕۆژهەلات | ڕۆژئاوا | |
| ژ. مامۆستا | 348 | 468 | 816 | 55 | 247 | 302 |
| ڕێژەی سەدی % | %72.9874 | | | % 27.0126 | | |

-توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی هەستا بەوەرگرتنی ئاماری مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز،لە باخچەی(حکومی و ناحکومی )سەنتەری شاری سلێمانی، کە ژمارەی مامۆستایان لە ڕەگەزی مێ بریتی بوو لە (1032) ، ڕەگەزی نێر بریتی بوو لە (86)مامۆستا .هەروەک لەخشتەی (2)خراوەتە

**خشتەی (2)**

**کۆمەڵگای توێژینەوە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر،مێ)**

| ڕەگەز | ژمارەی مامۆستا | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| نێر | 86 | %7.6923 |
| مێ | 1032 | %92.3076 |
| کۆ | 1118 | %100 |

## نموونەی توێژینەوەکە:Research Samples

تـــوێژەر نمـــوونەی تـــوێژینەوەکەی بە شـــێوازی هەڕەمەکـــی چینـــایەتی دیـــاریکرد، کە پێکهـــاتبوو لە (207)مامۆســـتا لە بـــاخچەی حکـــومی و (78)مامۆســـتا لە بـــاخچەی نـــاحکومی کـــۆی گشـــتی بریتـــی بـــــوو لە (285)مامۆســــــتای بــــــاخچە، بەڕێـــــژەی لە (25.5%) وەرگرت.مامۆســــــتا لەهەردوو

بەڕێـــوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئـــاوا و ڕۆژهەلات، لەهەر دوو بەشـــی حکـــومی و نـــاحکومی لە سەنتەری شاری سلێمانی.

-تـــوێژەر هەســـتا بەوەرگرتنـــی نمـــونەی تـــوێژینەوەکە بە پێـــی گۆڕاوەکـــانی(جۆری باخچە، ڕەگەز، بڕوانامە، پسپۆڕی، تەمەن، ســـالانی خـــزمەت) نمـــوونەی تـــوێژینەوەکە لە بـــاخچەی حکومیـــدا بریتیبـــوو لە (207)مامۆســـتا لە هەردوو ڕەگەز، مـــێ بریتیبـــوو لە(191)، نێـــر بریتیبـــوو لە(16)،نمـــونەی تـــوێژینەوەکە بە پێـــی گـــۆڕاوی بڕوانـــامە(168دبلـــۆم و23 بەکـــالۆریۆس)لە ڕەگەزی مـــێ، ئەمە لە کاتێکـــدا لە ڕەگەزی نێـــردا بڕوانامەکانیـــان بریتیبـــوون لە (9 دبلـــۆم و 7بەکـــالۆریۆس)،نمـــوونەی تـــوێژینەوەکە بە پێـــی گـــۆڕاوی پســـپۆڕی بریتیبـــوو (16پســـپۆڕی بـــاخچە و 175پســـپۆڕی دیـــکە)لەڕەگەزی مـــێ،ئەمە لە کاتێکـــدا لە ڕەگەزی نێـــردا پســـپۆرییەکان بریتبـــوون لە(4پســـپۆڕی بـــاخچە و 12پســـپۆڕی دیکە)،نمـــوونەی تـــوێژینەوەکە بە پێـــی گـــۆڕاوی تەمەن دابەشـــبوو بـــۆ چـــوار گـــروپ لە گروپـــی(31-21)پێکهـــاتووە لە (5مـــێ و 0 نێـــر)،لە گروپـــی (-32 42)پێکهـــاتووە لە (69مـــێ و 8نێر)،لەگروپـــی (53-43)پێکهـــاتووە لە (93مـــێ و 4نێـــر)،لە گروپـــی (64-54)پێکهـــاتووە لە (24مـــێ و 4نێر)،نمـــوونەی تـــوێژینەوەکە بە پێـــی گـــۆڕاوی ســـالانی خـــزمەت دابەشـــبوو بـــۆ چـــوار گـــروپ،لە گروپـــی (10-1) پێکهـــاتبوو لە (11مـــێ و 1نیـــر)، لە گروپـــی (20-11) پێکهـــاتبوو لە(82مـــێ و 10نێـــر)، لەگروپـــی (30-21)پێکهـــاتبوو لە(80مـــێ و 2نێـــر) لە گروپـــی (40-31)پێکهـــاتبوو لە (18مـــێ و 3نێـــر)، نمـــوونەی تـــوێژینەوەکە لە بـــاخچەی ناحکومیـــدا بریتیبـــوو لە (78)مامۆســـتا لە هەردوو ڕەگەز،مـــێ بریتیبـــوو لە (74)، نێـــر بریتیبـــوولە(4)،نمـــوونەی تـــوێژینەوەکە بە پێـــی گـــۆڕاوی بڕوانـــامە بریتیبـــوو لە(27دبلـــۆم و 47بەکـــالۆریۆس)لە مـــێ دا، ئەمە لە کاتێکـــدا لەڕەگەزی نێـــردا بڕوانامەکانیـــان بریتیبـــوون لە (0 دبلـــۆم و 4بەکـــالۆریۆس)،نمـــوونەی تـــوێژینەوەکە بە پێـــی گـــۆڕاوی پســـپۆڕی بریتیبـــوو (5پســـپۆڕی بـــاخچە و 69پســـپۆڕی دیـــکە)لەڕەگەزی مـــێ،ئەمە لە کاتێکـــدا لە ڕەگەزی نێـــردا پســـپۆرییەکان بریتبـــوون لە(0پســـپۆڕی بـــاخچە و 4پســـپۆڕی دیکە)،نمـــوونەی تـــوێژینەوەکە بە پێـــی گـــۆڕاوی تەمەن دابەشـــبوو بـــۆ چـــوار گـــروپ لە گروپـــی(31-21)پێکهـــاتووە لە (62مـــێ و 3 نێـــر)،لە گروپـــی (-32 42)پێکهـــاتووە لە (11مـــێ و 0نێر)،لەگروپـــی (53-43)پێکهـــاتووە لە (1مـــێ و 1نێـــر)،لە گروپـــی (64-54)پێکهـــاتووە لە (0مـــێ و 0نێر)،نمـــوونەی تـــوێژینەوەکە بە پێـــی گـــۆڕاوی ســـالانی

**خـــزمەت دابەشـــبوو بـــۆ چـــوار گـــروپ،لە گروپـــی (1-10) پێكهـــاتبوو لە (72مـــێ و 3نێـــر)، لە گروپـــی (11-20) پێكهـــاتبوو لە(1مـــێ و 0نێـــر)، لەگروپـــی (21-30)پێكهـــاتبوو لە(0مـــێ و 1نێـــر) لە گروپـــی (31-40)پێكهـــاتبوو لە (1مـــێ و 0نێـــر) هەروەک لە خشـــتەی ژمـــارە (3)خراوەتەڕوو.**

## خشتەی (3)

**نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوەکانی(جۆری باخچە، ڕەگەز، بڕوانامە، پسپۆڕی، تەمەن، ساڵانی خزمەت)**

| جۆری باخچە | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حکومی | | | | | نا حکومی | | | |
| 207 | | | | | 78 | | | |
| نێر | | مێ | | ڕەگەز | نێر | | مێ | |
| 16 | | 191 | | | 4 | | 74 | |
| دبلۆم | بەکالۆریۆس | دبلۆم | بەکالۆریۆس | بڕوانامە | دبلۆم | بەکالۆریۆس | دبلۆم | بەکالۆریۆس |
| 9 | 7 | 168 | 23 | | 0 | 4 | 27 | 47 |
| باخچە | پسپۆڕی تر | باخچە | پسپۆڕی تر | پسپۆڕی | باخچە | پسپۆڕی تر | باخچە | پسپۆڕی تر |
| 4 | 12 | 16 | 175 | | 0 | 4 | 5 | 69 |
| 0 | | 5 | | تەمەن 21-31 | 3 | | 62 | |
| 8 | | 69 | | 32-42 | 0 | | 11 | |
| 4 | | 93 | | 43-53 | 1 | | 1 | |
| 4 | | 24 | | 54-64 | 0 | | 0 | |
| 1 | | 11 | | ساڵانی خزمەت 1-10 | 3 | | 72 | |
| 10 | | 82 | | 11-20 | 0 | | 1 | |
| 2 | | 80 | | 21-30 | 1 | | 0 | |
| 3 | | 18 | | 31-40 | 0 | | 1 | |

**ئامرازەکانی توێژینەوە:**

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی ،کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کرابوو فۆڕمەکە لە جۆری فۆڕمی ڕاپرسی نیمچەکراوە یان نیمچە داخراو بوو، واتە بۆ هەر پرسیارێک چەند بژاردەیەک هەبوو نموونە توێژینەوەکە بۆی هەبوو تەنها یەک وەڵام هەڵبژێرێت. کە بژاردەکان پێک هاتبوو لە (هەرگیز،هەندێجار،زۆرجار،بەردەوام)، بۆ هەر بژاردەیەک نمرەی تایبەت بەخۆی هەبو کە بریتیبوون لە (هەرگیز 1)(هەندێجار 2)(زۆرجار 3 ) (بەردەوام 4)

**یەکەم: پێوانەی ڕەفتاری بزێوی:-**

لەبەر نەبوونی پێوانەیەکی گونجاو بەزمانی کوردی بۆپێوانی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە، توێژەر پەنای بردە بەر بەکارهێنانی پێوانەی کونرز تایبەت بەڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە کە لەلایەن (عبد الرقیب احمد البحیری) بەزمانی عەرەبی ئامادەکرابوو (10)برگەی لێ وەرگرت، (10)برگەش لەتوێژینەوەی (موسی،٢٠١٦)وەربگرێت ،هەروەها (38) برگەش کە لە لایەن سەنتەری پسپۆڕی ئەمریکیەوە ئامادەکراوە بۆ شڵەژانەکانی (کەمی ئاگایی و فرەجوڵەیی و بزێوی) وەربگرێت، بەمەش کۆی برگەکان بریتی بوو لە (58) برگە، کە پیشانی (9) پسپۆڕو شارەزایی بواری دەروونی و پەروەردەیی درابوو،هەروەک لە پاشکۆی (2)ناو ژمارەی پسپۆڕان بۆ هەڵسەنگاندنی پێوانەکە خراوەتەڕوو،برگەکانی (4,16,20,)گۆڕانیکاریان تێدا کرا،هەروەها برگەکانی(36,38,46)لابران، دوای گەڕانەوەیپێوەرەکە لەلایەن شارەزایانەوە (55)برگە جێگیرکران،هەروەک لەپاشکۆی ژمارە (2) خراوەتە ڕوو.

**هاوکۆلکەیی جیاکاری برگەکان:**

مەبەست لە هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی هەر پێوانەیەک توانای ئەو برگانە لە جیاکاری لە نێوان ئەو برگانەی کە لاوازن و ئەو برگانەی کە بەهێزن (علام،٢٨٩،٢٠٠٠). توێژەر هاوکۆلکەی جیاوازی بۆ پێوانەی ڕەفتاری بزێوی دەرهێنا،بەپشت بەستن بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

-ڕیزبەندی کردنی ئەو نمرانەی کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستیان هێناوە لە بەرزترین نمرە بۆ نمزترین نمرە.

-دابەشکردنی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ دوو گروپ،گروپێک کەزۆرترین نمرەیان بەدەستهێناوە بەڕێژەی(27%)کە ژمارەیان(77)مامۆستایی باخچە(حکومی-ناحکومی)بوو،وە گروپێک کە کەمترین

نمرەیان بەدەستهێناوە بە ڕێژەی (27%)کە ژمارەیان (77) مامۆستایی باخچە(حکومی-ناحکومی)بوو، وە دوورخستنەوەی ئەوگروپەی کە ناوەندبوون.

-بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ ( Independent Sample T-Test for tow)،بەبەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (spss) بۆ هەر بڕگەیەک، لەئەنجامدا دەرکەوت کە سەرجەم بڕگەکان توانای جیاکارییان هەیە.هەروەک لە خشتەی ژمارە (4) خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (4)**

**هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی ڕەفتاری بزێوی**

| ژمارەی بڕگە | گروپی نمرە بەرزەکان | | گروپی نمرە نزمەکان | | نرخی تائی هەژمارکراو |
|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | |
| 1 | 3.15 | 0.72 | 2.45 | 0.56 | 50.10 |
| 2 | 3.16 | 0.69 | 2.17 | 0.68 | 41.44 |
| 3 | 3.17 | 0.68 | 2.22 | 0.61 | 44.02 |
| 4 | 3.30 | 0.66 | 2.41 | 0.65 | 47.38 |
| 5 | 3.05 | 0.71 | 2.51 | 0.69 | 48.59 |
| 6 | 2.92 | 0.76 | 1.82 | 0.49 | 36.82 |
| 7 | 3.30 | 0.63 | 2.32 | 0.62 | 46.76 |
| 8 | 2.95 | 0.69 | 1.85 | 0.51 | 38.40 |
| 9 | 2.95 | 0.68 | 1.89 | 0.47 | 40.32 |
| 10 | 2.90 | 0.79 | 1.99 | 0.72 | 36.48 |
| 11 | 3.13 | 0.69 | 2.16 | 0.71 | 40.88 |
| 12 | 3.24 | 0.76 | 2.06 | 0.59 | 38.63 |
| 13 | 2.94 | 0.65 | 1.67 | 0.60 | 33.93 |
| 14 | 2.83 | 0.61 | 1.79 | 0.53 | 39.45 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 41.66 | 0.51 | 1.89 | 0.60 | 2.91 | 15 |
| 38.32 | 0.48 | 1.79 | 0.70 | 2.82 | 16 |
| 35.06 | 0.69 | 1.82 | 0.68 | 3.00 | 17 |
| 40.23 | 0.62 | 2.09 | 0.73 | 3.14 | 18 |
| 39.12 | 0.45 | 2.02 | 0.86 | 2.99 | 19 |
| 36.01 | 0.57 | 1.79 | 0.67 | 3.06 | 20 |
| 42.70 | 0.53 | 2.00 | 0.70 | 2.83 | 21 |
| 39.13 | 0.69 | 2.01 | 0.72 | 2.80 | 22 |
| 39.86 | 0.71 | 2.17 | 0.76 | 3.08 | 23 |
| 36.27 | 0.67 | 1.94 | 0.73 | 3.16 | 24 |
| 44.57 | 0.64 | 2.23 | 0.68 | 3.06 | 25 |
| 35.48 | 0.59 | 1.75 | 0.74 | 2.70 | 26 |
| 36.43 | 0.67 | 1.87 | 0.66 | 3.05 | 27 |
| 28.17 | 0.62 | 1.49 | 0.92 | 2.48 | 28 |
| 35.48 | 0.62 | 1.87 | 0.81 | 2.87 | 29 |
| 29.26 | 0.62 | 1.52 | 0.83 | 2.76 | 30 |
| 32.73 | 0.51 | 1.62 | 0.73 | 2.98 | 31 |
| 35.34 | 0.49 | 1.82 | 0.72 | 3.23 | 32 |
| 40.36 | 0.70 | 2.18 | 0.78 | 2.97 | 33 |
| 38.67 | 0.56 | 2.09 | 0.91 | 2.70 | 34 |
| 33.89 | 0.59 | 1.69 | 0.65 | 3.03 | 35 |
| 41.55 | 0.65 | 2.11 | 0.67 | 3.11 | 36 |
| 30.86 | 0.56 | 1.60 | 0.73 | 3.16 | 37 |
| 36.93 | 0.48 | 1.80 | 0.74 | 2.95 | 38 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 41.82 | 0.59 | 2.06 | 0.60 | 3.20 | 39 |
| 34.48 | 0.55 | 1.83 | 0.79 | 3.16 | 40 |
| 29.34 | 0.60 | 1.56 | 0.81 | 3.07 | 41 |
| 45.92 | 0.75 | 2.45 | 0.54 | 3.56 | 42 |
| 36.67 | 0.63 | 1.92 | 0.70 | 3.17 | 43 |
| 37.34 | 0.55 | 1.86 | 0.63 | 3.18 | 44 |
| 32.39 | 0.63 | 1.70 | 0.74 | 3.07 | 45 |
| 31.55 | 0.69 | 1.68 | 0.69 | 3.15 | 46 |
| 30.52 | 0.64 | 1.64 | 0.77 | 3.15 | 47 |
| 33.43 | 0.69 | 1.85 | 0.72 | 3.32 | 48 |
| 30.04 | 0.79 | 2.61 | 0.85 | 1.69 | 49 |
| 34.09 | 0.55 | 1.83 | 0.90 | 2.83 | 50 |
| 37.74 | 0.65 | 2.01 | 0.70 | 3.25 | 51 |
| 36.15 | 0.58 | 1.84 | 0.77 | 2.87 | 52 |
| 35.80 | 0.61 | 1.89 | 0.67 | 3.28 | 53 |
| 44.92 | 0.77 | 2.46 | 0.72 | 3.15 | 54 |
| 32.21 | 0.61 | 1.75 | 0.72 | 3.33 | 55 |

**-پەیوەندی نمرەی هەربڕگەیەک بە کۆی نمرەی گشتی پێوانەکە:**

**بەمەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە نمرەی گشتی پێوانەی ڕەفتاری بزێوی، توێژەر هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسون(person) بەکار هێنا.لەئەنجامدا دەرکەوت سەرجەم بڕگەکان بەڵگەداری ئامارییان هەبووە،لەسەرئاستی بەڵگەداری(0.05)هەروەک لەخشتەی ژمارە(5)خراوەتەڕوو.**

**خشتەی (5)**

**هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بەکۆی گشتی نمرەکانی ڕەفتاری بزێوی.**

| ژمارەی بڕگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی | ژمارەی بڕگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی |
|---|---|---|---|
| 1 | .548** | 29 | .688** |
| 2 | .646** | 30 | .767** |
| 3 | .664** | 31 | .811** |
| 4 | .585** | 32 | .841** |
| 5 | .387** | 33 | .528** |
| 6 | .726** | 34 | .409** |
| 7 | .633** | 35 | .778** |
| 8 | .743** | 36 | .673** |
| 9 | .680** | 37 | .806** |
| 10 | .558** | 38 | .737** |
| 11 | .593** | 39 | .730** |
| 12 | .653** | 40 | .781** |
| 13 | .750** | 41 | .798** |
| 14 | .741** | 42 | .666** |
| 15 | .721** | 43 | .736** |
| 16 | .726** | 44 | .796** |
| 17 | .717** | 45 | .758** |
| 18 | .668** | 46 | .774** |
| 19 | .607** | 47 | .780** |
| 20 | .788** | 48 | .803** |
| 21 | .594** | 49 | -.498** |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 22 | .531** | 50 | .675** |
| 23 | .604** | 51 | .754** |
| 24 | .711** | 52 | .735** |
| 25 | .630** | 53 | .806** |
| 26 | .686** | 54 | .447** |
| 27 | .752** | 55 | .823** |
| 28 | .644** | | |

**ڕاستگۆیی:** validity

**بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستی ئامرازی توێژینەوەوە توێژەر چەند ڕێگایەکی گرتە بەر بۆ دەرهێنانی ڕاستی کە بریتی بوون لە ڕاستی وەرگێڕان و ڕواڵەتی وڕاستی بنیادنان .**

**ڕاستگۆیی وەرگێڕان:**(Trancelate validity)

**بەمەبەستی دیاریکردنی ڕاستگۆیی وەرگێڕان بۆ پێوانەکە توێژەر پێوانەکەی پێشانی شارەزایەکی زمانی عەرەبی دا کە کوردی بەباشی دەزانێت بۆ ئەوەی پێوانەکە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی هەروەک لە پاشکۆی ژمارە(٤) ئاماژەی پێدراوە، پاشان پێوانەکە پیشانی شارەزایەکی زمانی کوردی درا بۆ ئەوەی پێوانەکە وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی. هەروەک لە پاشکۆی ژمارە (3) ئاماژەی پێکراوە.**

**ڕاستی ڕواڵەتی:**(Face-Vaildity)

**مەبەست لە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی،ئامرازی توێژینەوەکە ئایا ئامرازەکە لە ڕوکەش و ڕواڵەتدا،تاچەند دیاردەکە دەپێوێت، وە ڕادەی بڕگەکانی پێوانەکە تەنها ئەو گۆڕاوەی بۆی دانراوە پێوانە دەکات.(بۆکانی، ٢٠١٦ل:١٧٤)بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی توێژەرپەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان،بۆ ئەومەبەستە بڕگەکانی پێوانەکە خرانە بەردەستی(9)شارەزا لە بواری( پەروەردە و دەروونزانی) هەروەک لە پاشکۆی(2)ڕوونکراوەتەوە داوایان لێکراوە ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی بڕگەکان وبژاردەکان دەرببڕن و هەرگۆڕانکاریەکیان پێ باشە پێشنیازی بکەن،دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان بەپێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو بڕگانە چاککران کەڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرچاککردنیان (88%) بوو بەم شێوەیە لەکۆی (58)بڕگە تەنها بڕگەی(3)چاککران کەبریتیبوون لە بڕگەکانی(4,16,20)بەپێی**

پێشنیاری پسپۆڕان وشارەزایان گۆڕانکاریان تێدا کراو چاککران.هەروەها (3) بڕگە لابران کە بریتین لە بڕگەی (36، 38,46) هەروەک لە پاشکۆی (7)ڕوونکراوەتەوە.

### جێگیری:Reliability

ئەگەر پێوانەیەک بەسەر کۆمەڵێک تاکدا جێبەجێ کراو چاودێری نمرەکانی هەر تاکێک بکرێت تیایدا.وە دووبارە پێوانەکەبەسەر هەمان تاکەکانی ئەو گروپەدا لەهەمان بارودۆخدا دوبارە کرایەوە هەمان ئەنجام دەست کەوت ئەوا دەردەکەوێت پێوانەکە بەتەواوی جێگیرە.(القصاص،٢٠٠٧ل:٣٢٧)

## ڕێگەی دووبارەجێبەجێکردن: Test-retest

لەم ڕێگەیەدائامرازی توێژینەوەکە،دووجار بەسەرهەمان نموونەدا جێبەجێ دەکرێتەوە، بەمەرجێک ماوەی زەمەنی نێوان هەردووتاقیکردنەوەکە لە(21)ڕۆژ کەمترنەبێت پاشان لەڕێی ئامرازی ئامارییەوە هاوکۆلکەی پەیوەستبوون لەنێوان هەردوو وەڵامەکەدا دەردەهێنرێت وبەپێی بەهاکەی بڕیاری بەسەرداەدرێت. (بۆکانی،٢٠١٦ل:١٧٨).بەمەبەستی دەرهێنانی جێگیریی توێژەر بەشێوازی(-Test retest)ئاشکرا کرد، بۆجاری دووەم دوای تێپەڕبوونی مانگێک لەڕێکەوتی(25/6/2021)دووبارە پێوانەکە بەسەر(30) مامۆستای نموونەیی توێژینەوەکە جێبەجێکرایەوە، دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم لە ڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون(Person) دۆزرایەوە.لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم بۆ (ڕەفتاری بزێوی )بریتیەلە(924.)وەک لەخشتەی ژمارە(6)ڕونکراوەتەوە ئەمەش پەیوەندییەکی بەهێزو ئاماژەیە بۆئەوەی کەجێگیری پێوانەکە بەرزە.

## ڕێگەی ئەلفا-کرۆنباخ(Cronbachs,Alpha):

ڕێگەی(Cronbachs,Alpha) بۆ دیاریکردنی جێگیری ناوەکی بەکاردێت ئەم ڕێگەیە ئاستی گونجاوی بڕگەکان لەگەڵ یەکتریدا دەردەخات تاچەند بڕگەکان هەمان بابەت پێوانەدەکەن(کشرود،٢٠٠٧ل:١٢٥) توێژەر پێوانەی ڕەفتاری بزێوی بەسەر(30)مامۆستای نموونەی سەرەتایی دابەشکرد و ڕێژەی جێگیری بەم ڕێگەیە بریتی بوو (879.)کەئەمەش جێگیریەکی پەسەندە.

**خشتەی(5)**

**جێگیری پێوانەی ڕەفتاری بزێوی**

| ئەنجامدان | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| جاری یەکەم | 30 | 131.9439 | 25.27268 | .924 | .000 |
| جاری دووەم | 30 | | | | |

**دووەم:- پێوانەی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل:-**

لەبەرنەبوونی پێوانەیەکی گونجاو بۆ شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان، توێژەر هەستا بەئامادەکردنی پێوەری تایبەت بە شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی ئەنجامدا:

**-هەنگاوی یەکەم : وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی شارەزاو پسپۆڕان و ئەزموونی توێژەر:-**

توێژەر بۆ ئامادەکردنی پێوەری تایبەت بە شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان. پشتی بەست بە وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی شارەزایان و هەروەها ئەزموونی توێژەر، بەوپێیەی توێژەر ساڵانێک وەک بەڕێوبەر و مامۆستا لە باخچەدا کار دەکات و ئەزموونێکی باشی هەیە لە کارکردن لەگەڵ منداڵداو لە نزیکەوە شارەزایی دنیای منداڵە و ئاشنایە بە ڕەفتارە جۆراوجۆرەکانی منداڵ.

**هەنگاوی دووەم:گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژەر بۆ ئامادەکردنی بڕگەکانی پێوەرەکە گەڕایەوە بۆ توێژینەوەکانی پێشوو توانی سوود لە سێ پێوانە وەربگرێت کە بریتی بوون لە :

توێژینەوەی (موسى،٢٠١٦)کە توانی (12) بڕگەی لێوەربگرێت و هەروەها توانی (10)بڕگە لە پێوەری کونرز وەربگرێت کە لە لایەن (الحريري)ئامادەکراوە، هەروەها توانی (39) بڕگەش وەربگرێت کە لە لایەن سەنتەری پسپۆڕی ئەمریکییەوە ئامادەکراوە بۆ شڵەژانەکانی (کەمی ئاگایی و فرەجوڵەیی و بزێوی).

**هەنگاوی سێیەم: ئامادەکردنی پرسیارەکان:**

دوای ئەوەی توێژەرهەنگاوەکانی تری ئەنجامدا بە سود وەرگرتن لە بۆچوونی شارەزایان و ئەزموونی توێژەر و هەروەها کەڵک وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو، دواتر توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی (40) پرسیار بۆ شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچە ، بۆ هەر پرسیارێکیش چوار بژاردەی هەبوو،کە بریتیبوولە ( سزادانی بەڕاستەوخۆیی، لێی خۆش دەبێت، گوێی نادەیتێ کاتێک هەڵدەستێ

بەوكارە، ئامۆژگاری دەكەیت لە دووبارە نەبوونەوەی ئەو كارە)كە بۆ هەر بژاردەیەك نمرەی تایبەت بەخۆی هەبوو كە بریتیبوو لە (گوێی نادەیتێ كاتێك هەڵدەستێ بەوكارە 1)،( لێی خۆش دەبێت 2)، ( سزادانی بەڕاستەوخۆیی 3)،( ئامۆژگاری دەكەیت لە دووبارە نەبوونەوەی ئەو كارە 4)

**هاوكۆلكەیی جیاكاری بڕگەكان:**

مەبەست لە هاوكۆلكەی جیاكاری بۆ بڕگەكانی هەر پێوانەیەك توانای ئەو بڕگانە لە جیاكاری لە نێوان ئەو بڕگانەی كە لاوازن و ئەو بڕگانەی كە بەهێزن (علام،٢٨٩:٢٠٠٠). توێژەر هاوكۆلكەی جیاوازی بۆ پێوانەی كۆنترۆڵی پۆل دەرهێنا،بەپشت بەستن بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

-ڕیزبەندی كردنی ئەو نمرانەی كە تاكەكانی نموونەی توێژینەوەكە بەدەستیان هێناوە لە بەرزترین نمرە بۆ نمزترین نمرە.

-دابەشكردنی نمرەكانی نموونەی توێژینەوەكە بۆ دوو گروپ،گروپێك كەزۆرترین نمرەیان بەدەستهێناوە بەڕێژەی(27%)كە ژمارەیان(77)مامۆستایی باخچە(حكومی-ناحكومی)بوو،وە گروپێك كە كەمترین نمرەیان بەدەستهێناوە بە ڕێژەی (27%)كە ژمارەیان (77) مامۆستایی باخچە(حكومی-ناحكومی)بوو، وە دوورخستنەوەی ئەوگروپەی كە ناوەندبوون.

-بەكارهێنانی تاقیكردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ ( Independent Sample T-Test for tow)،بەبەكارهێنانی ئامرازی ئاماری (spss) بۆ هەر بڕگەیەك، لەئەنجامدا دەركەوت كە سەرجەم بڕگەكان توانای جیاكارییان هەیە.هەروەك لە خشتەی ژمارە (6) خراوەتە ڕوو.

***خشتەی(6)***

**هاوكۆلكەی جیاكاری بۆ بڕگەكانی پێوانەی كۆنترۆڵی پۆل**

| ژمارەی بڕگە | گروپی نمرە بەرزەكان | | گروپی نمرە نزمەكان | | نرخی تائی هەژماركراو |
|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | |
| 1 | 3.72 | 3.98 | 3.76 | 0.76 | 91.35 |
| 2 | 3.72 | 3.95 | 3.54 | 0.97 | 65.38 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 75.50 | 0.84 | 3.54 | 3.97 | 3.72 | 3 |
| 81.65 | 0.74 | 3.43 | 3.99 | 3.72 | 4 |
| 57.72 | 1.00 | 3.18 | 3.99 | 3.72 | 5 |
| 56.34 | 1.09 | 3.29 | 4.00 | 3.72 | 6 |
| 52.26 | 1.09 | 3.18 | 3.92 | 3.72 | 7 |
| 40.90 | 1.23 | 2.77 | 3.92 | 3.72 | 8 |
| 73.21 | 0.82 | 3.36 | 4.00 | 3.72 | 9 |
| 41.35 | 1.22 | 2.84 | 3.86 | 3.70 | 10 |
| 63.44 | 0.91 | 3.25 | 3.97 | 3.70 | 11 |
| 78.07 | 0.77 | 3.43 | 3.95 | 3.70 | 12 |
| 45.97 | 1.25 | 3.09 | 3.97 | 3.70 | 13 |
| 78.69 | 0.80 | 3.49 | 3.98 | 3.70 | 14 |
| 56.80 | 1.06 | 3.25 | 4.00 | 3.70 | 15 |
| 73.69 | 0.87 | 3.59 | 3.95 | 3.70 | 16 |
| 59.40 | 1.02 | 3.33 | 3.97 | 3.70 | 17 |
| 54.41 | 1.05 | 3.20 | 3.97 | 3.70 | 18 |
| 35.53 | 1.30 | 2.52 | 3.94 | 3.70 | 19 |
| 66.42 | 0.83 | 3.24 | 3.94 | 3.70 | 20 |
| 44.72 | 1.24 | 2.94 | 4.00 | 3.70 | 21 |
| 55.56 | 1.01 | 3.10 | 4.00 | 3.67 | 22 |
| 61.43 | 0.98 | 3.29 | 4.00 | 3.67 | 23 |
| 70.90 | 0.74 | 3.20 | 3.95 | 3.67 | 24 |
| 33.19 | 1.02 | 2.18 | 3.80 | 3.67 | 25 |
| 58.56 | 1.01 | 3.32 | 3.95 | 3.67 | 26 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 27 | 3.67 | 3.95 | 3.16 | 1.14 | 50.58 |
| 28 | 3.67 | 3.99 | 3.28 | 1.01 | 59.43 |
| 29 | 3.67 | 3.98 | 2.52 | 1.29 | 36.34 |
| 30 | 3.67 | 4.00 | 2.20 | 1.25 | 32.27 |
| 31 | 3.67 | 4.00 | 3.21 | 1.12 | 53.68 |
| 32 | 3.67 | 3.98 | 3.33 | 0.91 | 65.65 |
| 33 | 3.67 | 4.00 | 3.49 | 1.05 | 62.89 |
| 34 | 3.67 | 4.00 | 3.06 | 1.26 | 45.97 |
| 35 | 3.67 | 3.87 | 2.87 | 1.28 | 39.94 |
| 36 | 3.67 | 3.93 | 3.51 | 0.93 | 64.13 |
| 37 | 3.67 | 3.98 | 3.45 | 0.72 | 83.41 |
| 38 | 3.67 | 3.92 | 3.48 | 0.64 | 85.46 |
| 39 | 3.67 | 3.82 | 2.82 | 1.15 | 41.35 |
| 40 | 3.67 | 3.97 | 3.77 | 0.71 | 94.94 |

**-پەیوەندی نمرەی هەربڕگەیەک بە کۆی نمرەی گشتی پێوانەکە:**

**بەمەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە نمرەی گشتی پێوانەی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل، توێژەر هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسون(person) بەکار هێنا.لەئەنجامدا دەرکەوت سەرجەم بڕگەکان بەڵگەداری ئامارییان هەبووە،لەسەرئاستی بەڵگەداری(0.05)هەروەک لەخشتەی ژمارە(7)خراوەتەڕوو.**

**خشتەی(7)**

**هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە کۆی گشتی نمرەکانی پێوانەی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل.**

| ژمارەی بڕگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی | ژمارەی بڕگە | هاوکۆلکەی پەیوەندی |
|---|---|---|---|
| 1 | .291** | 21 | .481** |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2 | .362** | 22 | .505** |
| 3 | .374** | 23 | .529** |
| 4 | .567** | 24 | .586** |
| 5 | .522** | 25 | .642** |
| 6 | .396** | 26 | .463** |
| 7 | .445** | 27 | .445** |
| 8 | .597** | 28 | .443** |
| 9 | .593** | 29 | .659** |
| 10 | .492** | 30 | .711** |
| 11 | .502** | 31 | .494** |
| 12 | .509** | 32 | .494** |
| 13 | .466** | 33 | .317** |
| 14 | .467** | 34 | .477** |
| 15 | .497** | 35 | .471** |
| 16 | .352** | 36 | .400** |
| 17 | .405** | 37 | .507** |
| 18 | .550** | 38 | .396** |
| 19 | .592** | 39 | .502** |
| 20 | .588** | 40 | .314** |

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی:(Face-Vaildity)**

بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بۆ پێوانەی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچە، توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان، بۆ ئەومەبەستە بڕگەکانی پێوانەکە خرانە بەردەستی(9)شارەزا لەبواری( پەروەردە و دەروونزانی)، کۆی بڕگەکان بریتیی بوو لە (40)بڕگە هەروەک لەپاشکۆی( )ڕوونکراوەتەوە، داوایان لێکراوە ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان

دەربڕین و هەرگۆڕانکاریەکیان پێ باشە پێشنیازی بکەن،هەروەک لەپاشکۆی(2)ڕوونکراوەتەوە. دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان بەپێی بۆچوونی شارەزایان سەرجەم بڕگەکان وەک خۆیان مانەوە بەبێ گۆڕانکاری.هەروەک لە پاشکۆی ژمارە (13) ئاماژەی پێکراوە.

## ڕێگەی دووبارەجێبەجێکردن: Test-retest

لەم ڕێگەیەدا ئامرازی توێژینەوەکە،دووجار بەسەرهەمان سەمپڵدا،جێبەجێ دەکرێتەوە،بەمەرجێک ماوەی زەمەنی نێوان هەردووتاقیکردنەوەکەدا لە(21)ڕۆژ کەمترنەبێت پاشان لەڕێی ئامارییەوە هاوکۆلکەی پەیوەستبوون لەنێوان هەردوو وەڵامەکەدا دەردەهێنرێت وبەپێی بەهاکەی بڕیاری بەسەر دادەدرێت.(بۆکانی،٢٠١٦ل:١٧٨).بەمەبەستی دەرهێنانی جێگری توێژەر بەشێوازی(Test-retest)ئاشکرا کرد، بۆجاری دووەم دوای تێپەڕبوونی مانگێک لەڕێکەوتی(25/6/2021)دووبارە پێوانەکە بەسەر(30) مامۆستای نموونەی توێژینەوەکە جێبەجێکرایەوە، دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم لە ڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(Person) دۆزرایەوە.لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم بۆ (شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل) بریتیبوو لە(936.) هەروەک لە خشتەی ژمارە(6) ڕونکراوەتەوە ئەمەش پەیوەندیەکی بەهێزەو ئاماژەیە بۆئەوەی کەجێگیری پێوانەکە بەرزە.

## ڕێگەی ئەلفا-کرۆنباخ(Cronbachs,Alpha):

ڕێگەی(Cronbachs,Alpha) بۆ دیاریکردنی جێگیری ناوەکی بەکاردێت ئەم ڕێگەیە ئاستی گونجاوی بڕگەکان لەگەڵ یەکتریدا دەردەخات تاچەند بڕگەکان هەمان بابەت پێوانەدەکەن(کشرود،٢٠٠٧ل:١٢٥) توێژەر پێوانەی کۆنترۆڵی پۆلی بەسەر(30)مامۆستای نموونەی سەرەتایی دابەشکرد و ڕێژەی جێگیری بەم ڕێگەیە بریتی بوو (964.)کەئەمەش جێگیریەکی پەسەندە.هەروەک لەخشتیە ژمارە(8)خراوەتەڕوو.

**خشتەی(8)**

**جێگیری بۆ پێوانەی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل**

| ئەنجامدان | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| جاری یەکەم | 30 | 144.2782 | 13.60667 | .936 | .000 |
| جاری دووەم | 30 | | | | |

## جێبەجێکردنی پێوانەکە:

**توێژەر توانی لە ڕێکەوتی (25/5/2021-31/3/2021) کە دەکاتە (55) ڕۆژ، بۆ جێبەجێکردنی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە، کە توانی سەرجەم باخچەکانی منداڵانی (حکومی و ناحکومی )ناو شاری سلێمانی وەربگرێت.**

## ئامرازە ئامارییەکان:

**سوود لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان ڤێرژنی(22)، بە بەکار هێنانی ئەم ئامرازە ئامارییانەی خوارەوە:**

**1-هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (معامل الارتباط بيرسون- Person Correlation Coefficient)بۆئەژمارکردنی جێگیری بەڕێگەی دووبارەجێبەجێکردن و ڕاستگۆیی بونیادنان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان بەکار هات.**

**2-هاوکێشەی جیتمان(Guttman) و سپێرمان براون(Sperman-Brown) بەکار هات بۆڕاستکردنەوەی جێگیری پێوانەکان.**

**3-بەکارهێنانی(Independent Sample T-Test) بۆ دۆزینەوەی توانای جیاکاری بڕگەکان لەنێوان نمرە بەرز ونزمەکاندا.**

**4-ئەزموونی(t)تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست(Independent Sample T-Test)ئەزموونی(t)بۆیەک نموونە(One Sample T-Test).**

**5-بەکارهێنانی هاوکێشەی ئەنۆڤا(One way ANOVA).**

# بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

## ئەنجامەکان

## دەرئەنجامەکان

## ڕاسپاردەکان

## پێشنیازەکان

# بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

لەم بەشەدا توێژەر ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو هەروەک لەخوارەوەدا هاتووە:-

## ئەنجامەکان:

١ : ئامانجی یەکەم بریتی بوو لە(دەستنیشانکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچەی (حکومی و ناحکومی) لای مامۆستاکانیانەوە.

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی (spss) و ئامرازی ئاماریی (one sample T-Test)بۆ بەراورد کردنی ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە بە ناوەندی گریمانەیی، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (131.9439) نزمترە لە ناوەندی گریمانەی کە بریتییە لە(137.5)، بەلادانی پێوەری (25.27268)،هەروەها دەرکەوتووە کە بەهای (t) بریتییە لە (3.711)، لە ئاستی بەڵگەداری (.001)،بە نمرەی ئازاد(284)، کەواتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە بەرئەوەی ئاستی بەڵگەداری بچوکترە و هەروەها بەهای(T) گەورەترە لە (Tخشتەیی)،ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لە ئاستێکی نزمدایە،لەبەر ئەوەی ناوەندی ژمێرەیی بچوکترە لە ناوەندی گریمانەیی، هەروەک لە خشتەی ژمارە (9) ئاماژەی پێکراوە.

**خشتەی(9)**

**دەستنیشانکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە**

| پێوانە | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەی | نمرەی ئازادی | T خشتەیی | بەهای T | ئاستی بەڵگەداری | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەست نیشانکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵی باخچە | 285 | 131.94 | 25.272 | 137.5 | 284 | 1.96 | 3.711 | .001 | 1.497 |

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە پێچەوانەی توێژینەوەکانی(موسی و حسین،٢٠١٦ ، شعلان ،٢٠١٤، کاظم،٢٠١٤)بە بۆچوونی توێژەر بەشێک لە هۆکاری نزمی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگییە زۆرەی لەم قۆناغەدا بە منداڵ دەدرێت لەلایەن خێزان و دەزگا پەروەردەییەکان بەتایبەتی باخچەی منداڵان، هەروەها کردنەوەی چەندین خولی ڕاهێنان بۆ باوان و مامۆستایان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی تاکو بتوانن بە شێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ ئەو منداڵانە بکەن کە ڕەفتاری بزێویان هەیە، هەوڵدانی باوان بۆ چارەسەرکردنی ئەو منداڵانەی ڕەفتاری بزێویان هەیە لە ڕێگەی سەردانکردنی پزیشک و کەسانی پسپۆڕ لە بوارەکەدا، هەروەها بوونی توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی لە باخچەکاندا کە هاوکاری ئەو منداڵانە دەکات کە کێشەی ڕەفتارییان هەیە.

**٢- ئامانجی دووەم:- دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی :- ٢-١:ڕەگەز**

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماریی (Independent Sample T.test) لەئەنجامدا دەرکەوت ، کە ناوەندی ژمێرەیی ئاست و جۆری ڕەفتاری بزێوی لای منداڵی باخچە لای مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، لە ڕەگەزی نێردا بریتییە لە(124.6000) بەلادانی پێوەری (27.46558)، بەڵام لای ڕەگەزی مێ ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە (132.4981) بەلادانی پێوەری(25.06811)،هەروەها بەهای (T) بریتییە لە (1.350) لەئاستی بەڵگەداری (.671) بە نمرەی ئازادی (283) هەروەک لە خشتەی ژمارە (10) ئاماژەی پێکراوە.

**خشتەی(10)**

**دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز)**

| پێوانە | ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | T خشتەیی | بەهای T | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە | نێر | 20 | 124.6000 | 27.46558 | 283 | 1.96 | 1.350 | .671 |
| | مێ | 265 | 132.49 | 25.068 | | | | |

لێرەدا دەردەکەوێت،هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵی باخچە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز،لەبەر ئەوەی بەهای (T) بچوکترە لە (Tخشتەیی) و ئاستی بەڵگەداری ئاماری گەورەترە لە (0.05).

ئەم تـــــوێژینەوەیە پـــــێچەوانەی تـــــوێژینەوەی (کـــــاظم،٢٠١٤، کـــــاتیبی والمغـــــوش،٢٠١٥) بەبۆچـــوونی تـــوێژەر بەشـــێک لە هۆکـــاری نەبـــوونی جیـــاوازی بەڵـــگەداری ئامـــاریی بەپێـــی گـــۆڕاوی ڕەگەز دەگەڕێـــتەوە بـــۆ کەمـــی ڕێـــژەی مامۆســـتایانی پیـــاو لە باخچەکاندا،بەشـــێک لە هۆکـــاری ئەمەش تێڕوانینـــی هەڵەی کۆمەڵگـــایە بەرامـــبەر بە پیشـــەی مامۆســـتایانی پیـــاو لە باخچەکانـــدا ،ئەمەش خـــۆی لەخۆیـــدا کەم و کـــوڕییە لە باخچەکانـــدا ،چـــونکە پێویســـتە منـــداڵ لەم قۆنـــاغەوە مامەڵەیـــان لەگەڵ بکـــات و ئاشـــنای هەردوو ڕەگەزببێـــت نەک بەتەنها ڕەگەزی مێ.

٢- ئامانجی دووەم:- دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی :

٢-٢:جۆری باخچە:

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (Independent Sample T. test) لەئەنجامـدا دەرکەوت، کە ناوەنـدی ژمێرەیـی ئاسـت و جـۆری ڕەفتـاری بزێـوی لای منـداڵی بـاخچە لای مامۆســتایانەوە بەپێــی گــۆڕاوی جــۆری بــاخچە، لە بــاخچەی حکــومی دا بــریتییە لە (126.8068) بەلادانـــــی پێـــــوەریی (20.89947) بەڵام لە بـــــاخچەی نـــــاحکومی گەیشـــتە(145.5769)،بە لادانـــی پێـــوەری(30.46289)بەهـــای (T)بـــریتییە لە (5.915) بە نمـــرەی ئازادی (283)لەئاستی بەڵگەداری(001.).هەروەک لەخشتەی ژمارە (11) ئاماژەی پێکراوە.

**خشتەی( 11 )**

**دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی**

**(جۆری باخچە)**

| پێوانە | جۆری باخچە | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | T خشتەیی | بەهای T | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە . | حکومی | 207 | 126.8068 | 20.89947 | 283 | 1.96 | 5.915 | .001 |
| | ناحکومی | 78 | 145.5769 | 30.46289 | | | | |

**لێرەدا دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە، لەئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە، لەبەرئەوەی بەهای (T)گەورەترە لە (Tخشتەیی)و ئاستی بەڵگەداری ئاماری بچوکترە لە(0.05)،جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی باخچەی ناحکومیدایە.**

**توێژەر پێی وایە بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە :جیاوازی پڕۆگرامی خوێندن لە باخچەی ناحکومی بەو هۆیەشەوە منداڵ زیاتر سەرقاڵی وانە و چالاکییەکان دەبێت ،هەروەها کەمی ژمارەی منداڵان لە پۆلدا لەباخچەی ناحکومی بەو هۆیەشەوە مامۆستا باشتر دەتوانێت ئاگاداری ڕەفتاری منداڵەکان بێت،یەکێکی تر لە هۆکارەکان کاتی دەوامکردنە لە باخچە ناحکومییەکاندا درێژخایەنە بەوپێیەش مامۆستا کاتێکی زیاتری هەیە تاوەکو زیاتر ئاشنای ڕەفتاری منداڵ ببێت بە بەراورد لەگەڵ باخچە حکومییەکان.**

**٢- ئامانجی دووەم:- دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی :-**

**٣-٢:بڕوانامە:**

**دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری** (Independent Sample T. test)

لەئەنجامــدا دەرکەوت کە ناوەنــدی ژمێرەیــی ئاســت و جــۆری ڕەفتــاری بزێــوی لای منــداڵی بــاخچە لای مامۆســتایانەوە بەپێــی گــۆڕاوی بڕوانــامە، کە بڕوانــامەی دبلــۆم بــریتییە لە (128.0784) بەلادانــی پێــوەری (21.91865) بەڵام لای بڕوانــامەی بەکــالۆریۆس ناوەنــدی ژمێــرەی گەیشــتە (141.6790) بەلادانــی پێــوەری (30.23691)،هەروەهــا بەهــای (T)بــریتییە لە (4.217) لەئاســتی بەڵــگەداری (.000) بە نمــرەی ئــازادی (283) . هەروەک لە خشتەی ژمارە (12) ئاماژەی پێکراوە.

خشتەی(12)

دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی (بڕوانامە)

| پێوانە | بڕوانامە | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | T خشتەیی | بەهای T | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵی باخچە | دبلۆم | 204 | 128.0784 | 21.91865 | 283 | 1.96 | 4.217 | .000 |
| | بەکالۆریۆس | 81 | 141.6790 | 30.23691 | | | | |

لێرەدا دەردەکەوێت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵی باخچە بە پێی گۆڕاوی بڕوانامە، لەبەرئەوەی بەهای (T) گەورەترە لە (Tخشتەیی) و ئاستی بەڵگەداری ئاماری بچوکترە لە (0.05) جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی بڕوانامەی بەکالۆریۆسدایە.

ئەم توێژینەوە هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (محمد،٢٠١٨)توێژەر پێی وایە بەشێک لە هۆکاری ئەو جیاوازییەش دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاستی فێربوون لە بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەرزترە بە بەراورد بە بڕوانامەی دبلۆم، بەو پێیەی کە پرۆگرامی خوێندن و ماوەی ساڵانی خوێندنیان زیاترە، هەروەها بوونی پرۆگرامی تایبەت بە بنەما دەروونی و پەروەردەییەکان ،ئەمە جگە لەبوونی ماوەیەکی دیاریکراو بۆ پراکتیزەکردنی بابەتەکان لە بڕوانامەی بەکالۆریۆسدا.

٢- ئامــانجی دووەم:- دیــاریکردنی ئاســتی ڕەفتــاری بزێــوی لای منــداڵانی بــاخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی :-

**٤-٢: پسپۆڕی:**

**دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (Independent Sample T. test) دەردەکەوێت کە دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوەبە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی،کە ناوەندی ژمێرەیی لای پسپۆڕی باخچەی منداڵان بریتییە لە (136.4800)بەلادانی پێوەری (29.40822)،بەڵام لای پسپۆڕانی دیکە ناوەندی ژمێرەی گەیشتە (131.5077)بە لادانی پێوەری (24.86046)،هەروەها بەهای (T) بریتییە لە (939.)لەئاستی بەڵگەداری (609.)بەنمرەی ئازادی(283) هەروەک لە خشتەی ژمارە(13) ئاماژەی پێکراوە.**

**خشتەی (13)**

**دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی : (پسپۆڕی)**

| پێوانە | پسپۆڕی | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | T خشتەیی | بەهای T | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاست و جۆری ڕەفتاری بزێوی لای منداڵی باخچە | باخچەی منداڵان | 25 | 136.4800 | 29.40822 | 283 | 1.96 | .939 | .609 |
| | پسپۆڕی تر | 260 | 131.5077 | 24.86046 | | | | |

**لێرەدا دەردەکەوێت کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی،لەبەرئەوەی بەهای (T) بچوکترە لە(Tخشتەیی) و هەروەها ئاستی بەڵگەداری ئاماری گەورەترە لە (0.05).**

**توێژەر پێی وایە بەشێک لە هۆکاری نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی دەگەرێتەوە بۆ کەمی ڕێژەی پسپۆڕانی باخچە لەناو باخچەی منداڵاندا و بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە پسپۆڕییە جیاوازەکان کە وەک مامۆستا لە**

باخچەکاندا کاردەکەن، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا گرفتی پەروەردەیی دروست دەکات،چونکە پسپۆڕانی تر ناتوانن هاوشێوەی پسپۆڕانی باخچە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستیانە مامەڵە لەگەڵ منداڵدا بکەن.

**٢- ئامانجی دووەم:-دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی**

**٥-٢:تەمەن: -**

**تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی تەمەن دابەشکرابوون بەسەر(چوار گروپ)کە بریتی بوون لە (21-31)،(32-43)،(43-53)،(54-64)بۆ دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی منداڵانی باخچە لای مامۆستایانی باخچە، بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستە ( One Way Anova) بەکارهێنا بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری(SPSS) هەروەک لەخشتەی ژمارە(14)خراوەتەڕوو.**

**خشتەی(14)**

**دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی (تەمەن)**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێرەیی Sum of square | نمرەی ئازادی Df | دوجای ناوەندی ژمێرەیی Mean Square | بەهای فائی (F) | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 20864.462 | 3 | 6954.821 | 11.519 | .000 |
| لە ناو کۆمەڵەکاندا | 169663.082 | 281 | 603.783 | | |
| کۆی گشتی | 190527.544 | 284 | | | |

**هەروەک لەخشـــتەی ژمـــارە(14) دەردەکەوێـــت لە بەهـــای فـــائی (F) ئەژمـــارکراو یەکســـانە بە (11.519)بە نمـــــــــرەی ئـــــــــــازادی (284) و لەئاســـــــــــتی بەڵـــــــــــگەداری (0.05)،لەبەرئەوەی بەهـــای فـــائی ئەژمـــارکراو گەورەتـــرە لەبەهـــای خشـــتەی و لەئاســـتی بەڵـــگەداری ئامـــاری بچـــوکترە لە (0.05)بەم جـــۆرە دەردەکەوێـــت کە جیـــاوازی بەڵـــگەداری ئامـــاری هەیە لای تەمەن (21-31) ســـاڵ، بەبۆچـــوونی تـــوێژەر بەشـــێک لەهۆکـــاری ئەم جیـــاوازی دەگێـــڕێتەوە بـــۆ کەمـــی ئەزمـــوون لای تەمەن (21-31)ســـاڵ، وەک ئاشـــکرایە ئەزمـــوونی کـــارکردن بـــایەخێکی زۆری هەیە، بەتـــایبەت لە بـــاخچەدا بـــۆ مـــامەڵەکردن لەگەڵ منداڵـــدا،بەو هـــۆیەوە مامۆســـتا دەتوانێـــت باشـــتر شـــارەزای جۆرەکـــانی ڕەفتـــاری منـــداڵ و تایبەتمەنـــدییەکانی ببێت،یـــاخود دەتـــوانین بڵـــێن بەشـــێکی تـــر لە بـــوونی ئەو جیـــــاوازییە دەگەڕێـــــتەوە بـــــۆ جیـــــاوازی ئەدای کـــــارکردن لای مامۆســـــتایانی تەمەن (21-31).**

**٢- ئامانجی دووەم:- دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی :-**

**٦-٢:ساڵانی خزمەت:**

**تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت دابەشکرابوون بەسەر(چوار گروپ)کە بریتی بوون لە (1-10)،(11-20)،(21-30)،(31-40)بۆ دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی منداڵانی باخچە لای مامۆستایانی باخچە، بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستە (One Way Anova) بەکارهێنا بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری(SPSS) هەروەک لەخشتەی ژمارە(15)خراوەتەڕوو.**

خشتەی(15)

دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری بزێوی لای منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی (ساڵانی خزمەت)

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێرەیی Sum of square | نمرەی ئازادی Df | دوجای ناوەندی ژمێرەیی Mean Square | بەهای فائی (F) | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 14626.739 | 3 | 4875.580 | 7.789 | .001 |
| لە ناو کۆمەڵەکاندا | 175900.804 | 281 | 625.982 | | |
| کۆی گشتی | 190527.544 | 284 | | | |

هەروەک لە خشتەی ژمارە(15) دەردەکەوێت کە بەهای فائی (F)ئەژمارکراو یەکسانی (7.789) ،بەنمرەی ئازادی (284) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) لێرەداجیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە،لەبەرئەوەی بەهای فائی ئەژمارکراو بچووکترە لە لە بەهای خشتەی و ئاستی بەڵگەداری لای گروپی (1-10,11-20,21-30) بچوکترە لە (0.05)

بە بۆچونی توێژەر بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لای گروپی(1-10,11-20,21-30) بەشێک لە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بچوکی تەمەنی مامۆستایانی ئەم گروپانە بەبەراورد بە گروپی(31-40) هەتا تەمەنی مامۆستا گەنجتربێت تواناو حەزی بۆ پیشەکەی زیاترەو چالاکترە و بەکارهێنانی ڕێگاو تەکنیکی نوێ لە وانە وتنەوەدا هەروەها  توانای خۆگونجاندی لەگەڵ منداڵی بزێو زیاترە چونکە منداڵی بزێو پێویستی بە چالاکی زیاتر هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئەو وزە زیادەی هەیەتی.

٣:- دەستنیشانکردنی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی(حکومی و ناحکومی).

دوای کۆکردنەوەی و شیکردنەوەی داتاکان بەبەکار هێنانی بەرنامە (spss) بۆ دەستنیشانکردنی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی(حکومی و ناحکومی) بەشێوەیەکی گشتی،

**بەراوردکردنی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی (حکومی و ناحکومی) دەرکەوت کە ناوەندی گریمانەی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی حکومی بەم شێوەیەیە شێوازی دیموکراسی بریتییەلە(160.6)بەڕێژەی سەدی (77.585%)، هەروەها بۆ شێوازی دیکتاتۆری بریتییەلە (21.23)بەڕێژەی سەدی (10.254%)، شێوازی نەریتخوازی بریتییەلە (14.1)بەڕێژەی سەدی (6.812%)، شێوازی پەشێوی بریتییەلە (11.08)بەڕێژەی سەدی(5.35%)،ئەمە لەکاتێکدا ناوەندی ژمێرەی بۆ شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی ناحکومی بەم شێوایەیە شێوازی دیموکراسی بریتییەلە(61.6)بەڕێژەی سەدی(78.974%)، هەروەها بۆ شێوازی دیکتاتۆری بریتییەلە (7.15)بەڕێژەی سەدی(9.167%)، شێوازی نەریتخوازی بریتییەلە (5.575)بەڕێژەی سەدی (7.147%)، شێوازی پەشێوی بریتییەلە (3.675)بەڕێژەی سەدی(4.712%).هەروەک لەخشتەی ژمارە (16) خراوەتەڕوو.**

**خشتەی(16)**

**دەستنیشانکردنی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی(حکومی و ناحکومی).**

| شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل | ناوەندی ژمێرەیی | | ڕێژەیی سەدی % | |
|---|---|---|---|---|
| | حکومی | ناحکومی | حکومی | ناحکومی |
| دیموکراسی | 160.6 | 61.6 | 77.585 | 78.974 |
| دیکتاتۆری | 21.23 | 7.15 | 10.254 | 9.167 |
| نەریتخوازی | 14.1 | 5.575 | 6.812 | 7.147 |
| پەشێوی | 11.08 | 3.675 | 5.35 | 4.712 |

**لێــــرەدا بەپێــــی ئەو ئەنجــــامەی دەســــتمان کەوتــــووە بــــۆ بەراوردکردنــــی شــــێوازەکانی کــــۆنترۆڵی پــــۆل لای مامۆســــتایانی بــــاخچەی (حکــــومی و نــــاحکومی) دەردەکەوێــــت، کە شــــێوازی دیموکراســــی ڕێــــژەکەی لە بــــاخچەی ناحکومیــــدا بەرزتــــرە بەبەراورد بە بــــاخچەی حکــــومی، هەروەهــــا بــــۆ شــــێوازی دیکتــــاتۆری لە ڕێــــژەکە لە بــــاخچەی حکومیــــدا بەرزتــــرە بەبەراورد بەبــــاخچەی نــــاحکومی،بۆ شــــێوازی نەریتخــــوازی ڕێــــژەکە لە بــــاخچەی ناحکومیــــدا**

بەرزتـــــرە بەبەراورد بە بــــاخچەی حکـــومی، لەشـــێوازی پەشـــێویدا ڕێـــژەکە لە بـــاخچەی حکومیـــدا بەرزتـــرە بەبەراورد بە بــــاخچەی نـــاحکومی.بە بۆچـــوونی تـــوێژەر بەشـــێک لەهۆکـــاری ئەو جیـــاوازییەی کە هەیـــا لەنێـــوان مامۆســـتایانی بـــاخچەی (حکـــومی و نـــاحکومی ) لە شـــێوازەکانی کـــۆنترۆڵکردنی پـــۆل دەگەڕێـــتەوە بـــۆ نەبـــوونی پێـــوەرێکی تـــایبەت بـــۆ وەرگرتنـــی مامۆســـتا لە بـــاخچە حکومییەکانـــدا و گرنگـــی نەدان بە پســـپۆڕی مامۆســـتایان ، چـــونکە بەشـــێکی زۆر لەمامۆســـتایانی بـــاخچەی حکـــومی هەڵگـــری پســـپۆڕی زۆر جیـــاوازن کە هـــیچ پەیوەنـــدییەکیان بە پیشـــەی مامۆســـتای بـــاخچەوە نـــیە و دوورن لە دنیـــا منـــداڵ و زانیاریيـــان کەمتـــرە لەســـەر بنەمـــا پەروەردەیـــی و دەروونـــی منـــداڵ.ئەمە لەکاتێکـــدا وەرگرتنـــی مامۆســـتا لە بـــاخچە ناحکومییەکـــان پێـــوەری تـــایبەت بەخـــۆی هەیەو مەرجە مامۆستا هەڵگری پسپۆڕی پەروەردە بێت.

٤. دۆزینەوەی پەیوەندی ڕەفتاری بزێوی منداڵ لەگەڵ شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی (حکومی و ناحکومی).

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی (spss) بە ئامرازی ئاماریی ( Pearson Correlation) لەئەنجامدا دەرکەوت، بەهای پەیوەندی پێرسون (pearson) لە نێوان ڕەفتاری بزێوی منداڵ لەگەڵ شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی (حکومی و ناحکومی)، لێرەدا دەرکەوت کە بەهای پێرسون بریتییە لە (079.-) لە ئاستی بەڵگەداری (000.)،واتە هیچ پەیوەندییەک نیە لە نێوان ڕەفتاری بزێوی منداڵ لەگەڵ شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی (حکومی و ناحکومی).وەک لە خشتەی ژمارە (17) ئاماژەی پێکراوە.

**خشتەی(17)**

**پەیوەندی ڕەفتاری بزێوی منداڵ لەگەڵ شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی(حکومی و ناحکومی)**

| پێوانە | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداریی |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕەفتاری بزێوی | 285 | 134.2807 | 25.90119 | -.079 | .000 |
| شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل | | 144.2782 | 13.60667 | | |

**-هەرچەندە ژمارەی باخچە ناحکومییەکان زیاترە لە ژمارەی باخچە حکومییەکان، بەڵام ژمارەی مامۆستایانی باخچە حکومییەکان زیاترە لە ژمارەی مامۆستایانی باخچە ناحکومییەکان.**

**توێژەر پێی وایە بەشێک لەهۆکاری نەبوونی پەیوەندی لە نێوان ڕەفتاری بزێوی منداڵ لەگەڵ شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی (حکومی و ناحکومی) دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ڕێژەی پسپۆڕانی باخچە،تاکو بە شێوەیەکی زانستیانە هەڵسەنگاندن بۆ ڕەفتاری منداڵ بکەن، بەو پێیەی کە شارەزایی تەواویان لەلایەنی دەروونی و ڕەفتاری منداڵدا هەیە.**

## دەرئەنجامەکان:-

**لەبەر ڕۆشنای ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر گەیشت بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:**

**1- ئاست وجۆری ڕەفتاری بزێوی لای منداڵی باخچە لە ئاستێکی نزمدایە.**

**2- هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نییە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز لە دیاریکردنی ئاست و جۆری ڕەفتاری بزێوی منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە.**

3- جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە دیاریکردنی ئاست و جۆری ڕەفتاری بزێوی منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی جۆری باخچە و جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی باخچەی ناحکومیدایە.

4- جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە دیاریکردنی ئاست و جۆری ڕەفتاری بزێوی منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی بڕوانامە، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی بڕوانامەی بەکالۆریۆسدایە.

5- هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماریی نیە بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی لە دیاریکردنی ئاست و جۆری ڕەفتاری بزێوی منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە .

6- جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە دیاریکردنی ئاست و جۆری ڕەفتاری بزێوی منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی تەمەن جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی تەمەن (21-31)ساڵدایە.

7- جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە دیاریکردنی ئاست و جۆری ڕەفتاری بزێوی منداڵانی باخچە لای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی(1-10,11-20,21-30 ) ساڵدایە.

8- بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت کە شێوازی دیموکراسی باوترین شێوازی کۆنترۆڵی پۆلە کە لەلایەن مامۆستایانی باخچەوە بەکاردێت.

9- بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت کە پەیوەندییەکی پێچەوانەی نەرێنی هەیە لە نێوان ڕەفتاری بزێوی منداڵ لەگەڵ شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی (حکومی و ناحکومی).

## ڕاسپاردەکان:

لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر چەند ڕاسپاردەیەکی پەروەردەییانەی خستەڕوو ئەوانیش بریتین لە:

١.ئەنجامدانی توێژینەوە هاوشێوەوە بە گۆڕاوی جیاواز وەک تەمەنی منداڵ ،ئاستی ڕۆشنبیری خێزان.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەی تایبەت بە ڕەفتاری زۆری جوڵە لای منداڵانی باخچە.

٣. ئەنجامدانی توێژینەوەی تر تایبەت بە لایەنەکانی تر وەک لایەنی کۆمەڵایەتی و تەندروستی دەروونی و تەندرووستی خۆراکی منداڵ لە قۆناغی باخچەدا.

٤.دووبارەکردنەوەی توێژیینەوەکە بۆئاستێکی زانستی باڵا تر و بە ئامانجی زانستی جیاوازتر.

## پێشنیارەکان:

لەبەر رۆشنایی راسپاردەکان توێژینەوەکە توێژەر چەند پێشنیارێکی پەروەردەییانەی خستەڕوو ئەوانیش بریتیین لە:

١. دامەزراندنی پسپۆڕانی باخچەی منداڵان لەلایەن وەزارەتی پەروەردە لە باخچە حکومییەکاندا.

٢.دانانی یاسایەک لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بۆ بوونی پسپۆڕی باخچەی منداڵان لە باخچە ناحکومییەکاندا.

٣.کردنەوەی خول بەشێوەی (ساڵانە و مانگانە) بۆ مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەلایەن وەزارەتی پەروەردە.

٤. کردنەوەی خولی تایبەت بە ناساندنی جۆرو شێوازەکانی ڕەفتاری منداڵ لە قۆناغی باخچەدا.

٥.زیادکردنی ڕێژەی مامۆستایانی پیاو لە باخچەکاندا.

٦-کردنەوەی خولی تایبەت بەرێگاکانی وانە وتنەوە بۆ مامۆستایانی باخچەی منداڵان.

# لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم:سەرچاوە کوردییەکان**


- بۆکانی،سابیر(2020) ئینسایکلۆپیدیای زانستە دەرونییەکان،سلێمانی :خانەی بڵاوکردنەوەی چوارچرا.
- بۆکانی،سابیر،(٢٠١٦)،میتۆدی توێژینەوەی زانستی، سلێمانی: خانەی بڵاوکردنەوەی چوارچرا.
- حەمەدەمین،ڕەمەزان(2016)سایکۆلۆژیای منداڵ لە باخچەی منداڵان، کۆیە:کتێبخانەی سۆفیا.
- ڕەمەزان،نەرمین،حسێن(٢٠١٤)،ڕابەری مامۆستایانی باخچەی ساوایان،چاپی دووەم، سلێمانی:چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- الزغبي،مروان-طاهر(2019) دەروازەیەک بۆ دەرونزانی،وەرگێڕانی ئازیز میراودەلی،هەولێر:چاپخانەی نارین.
- الصایغ ،لیلی2006)ڕابەری باخچەی ساوایان- وەزارەتی پەروەردە.
- علی،سۆلاف و ئەوانی تر،(٢٠١٣)،ئاسۆی پەرەپێدانی باخچەی ساوایان،سلێمانی :چوارچرا.
- وەزارەتی پەروەردە،(٢٠١٨)،ڕێبەری مامۆستای باخچە،هەولێر :چاپخانەی ماردین.
- مصطفی،یوسف حمەصالح،(٢٠١٩) کەسایەتیی و سروشتی مرۆڤ ،هەولێر:چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین .


**دووەم :سەرچاوە عەرەبییەکان**


- ابو ترکي،الهام محی الدین،(2018)،اثر استخدام الالعاب الحرکة في تخفیض النشاط الزائد لدی عینة من الاطفال الروضة بمدینة الخلیل ،الفلسطین :جامعة الخلیل.
- ابو جادو،صالح محمد علي(2006) علم النفس التربوي ،طبع5 ،الاردن : دار المسرة للنشر و الطباعة ،عمان.
- ابو سعد،مصطفی(2006)،40 سلوکا یزعج الاباء و الامهات الاطفال المزعجون، الکویت :النشر البداع الفکري.

- ابو غزالة ،سميرة علي جعفر و الدلبجي،خالد غازي.(2014).فاعلية برنامج مقترح لخفض السلوك المندفع و النشاط الزائد لدى الاطفال المعاقين عقليا القابلين للتعلم، جامعة القاهرة مصر: مجلة العلوم الانسان و المجتمع.
- اسماعيل،احمد جلال حسن،(2009)،ادارة المدرسية الحديثة في ضوء الاتجاهات العالمية و المعاصرة، مصر:دار العلم و الايمان.
- بدر،سهام،(2012)،مدخل الى رياض الاطفال،دارالمسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة ،عمان.
- بدران،شبل،(2003)،نظم رياض الاطفال في الدول العربية و الاجنبية ،قاهرة دار مصرللبيانات.
- بركات،سناء ايوب،(2015)،دور المعلمة في توفير البيئة الصفية الامنة اجتماعيا لطفل الروضة في ضوء كفاياتها المهنية ،رسالة ماجستير غيره منشور، جامعة دمشق :كلية التربية ،قسم تربية الطفل.
- بطاطية ،زوليخة ، و بوكاسي،فاطيمة ،(2013)،علاقة النشاط الزائد المصحوب بتشتت الانتباه في ظهور عسر القراءة عند التلاميذ السنة الرابعة الابتدائي،رسالة ماجستير ،كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية ،قسم العلوم الاجتماعية ، الجزائير :جامعة اكى محند او لحاج.
- بطرس،حافظ(2010).تعديل و البناء سلوك الاطفال،الاردن: دار المسيرة للنشر و التوزيع عمان.
- الحراشفة ،محمد و الخوالدة، سالم(2009)، انماط لانضباط التي يمارسها المعلمون لحفظ النظام الصفي في مدارس مديرية التربية و التعلم للواء قصبة محافظة المفرق، مجلة جامعة دمشق للعلوم التربوية و النفسية.
- الحريري،رافد(2010)،نشاة و ادارة رياض الاطفال، الاردن :عمان.
- الحمد،خالد،(2010)،مدى معرفة معلمى التربية الخاصة باضطراب نقص الانتباه و النشاط الحركي الزائد،دراسة استطلاعية ،مجلة الارشاد النفسي.
- حمدان،محمد زياد،(1999)،اساليب تدريس انواعها و عناصرها و كفايات قياسها، عمان :دار التربية الحديثة سلسلة التربية حديثة.

- الحياري،غالب محمد (2012)،خصائص الاضطراب السلوكية او الانفعالية للاطفال و المراهقين، الاردن: دار الفكرللنشر و التوزيع،عمان.
- الدويك،تيسير و اخرون(2001).اسس الادارة التربوية و المدارسية والاشراف التربوي، عمان: دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع.
- رضوان،سامر جميل،(2002).الصحة النفسية ، الاردن: دار المسيرة للنشر و التوزيع عمان.
- الزغول،عماد عبدالرحمان،(2012)،مبادئ علم النفس التربوي،طبع الثاني، الامارات :دار الكتابالجامعي.
- الزغول،عماد(2006)الاضطرابات الانفعالية و السلوكية لدى الاطفال ، الاردن: دار الشروق للنشر و التوزيع ،عمان.
- الزيات،فتحى مصطفى(2006)،اليات التدريس العلاجي لذوي صعوبات الانتباه مع فرط الحركة و النشاط، جامعة المنصور- البحرين:كلية التربية.
- الزيدو،نادر فلمي و اخرون(1999)،التعلم و التعليم الصف،طبع 4 ،دار الفكر للطباعة و النشر.
- زينب،معيزة (2019).مفهوم الذات الاكاديمي و علاقتها بالسلوك الاندفاعي،رسالة ماجستيرغير منشوره، جامعة محمد بو ضياف،المسيلة، كلية العلوم الانسانية و الاجتيماعية.
- الشبول،مهند خالد (2017)تصورات معلمي المدارس الاساسية بالاردن حول اضطراب تشتت الانتباه و فرط الحركة ،رسالة ماجستير جامعة ،ام القرى :كلية تربية.
- الشعلان،ايثار منتصر(2014)،اثر الالعاب في خفض السلوك الاندفاعي لدى رياض الاطفال،رسالة ماجستير، جامعة بغداد :كلية التربية للبنات.
- صادق،منصور عادل(1990)،في بيتنا مريض نفسي، جدة : دار السعود للنشر و التوزيع.
- عبدالعظيم،احمد عبدلله (2013) برامج التعديل السلوك، مصر: مكتبة الاولاد الشيخ للتراث.
- عبدالهادي،المزين سلمان و سكيك،سامية اسماعيل(2011)،التواصل الصفي وعلاقته بمشكلات الانضباط في مدارس الثانوية بمحافظة غزة في ضوء بعض المتغيرات.

- عبدلله، عبد المنعم(1993).مستوى مفهوم الذات و التوافق النفسي و علاقتها بالسلوك التاملي والاندفاعي لطلبة مرحلة الثانوية،رسالة دكتوراه،معهد الدراسات العليا للطفولة ، مصر:جامعة عين الشمس،القاهرة.
- عبيد،ماجدة السيد،(2015)،الاضطرابات السلوكية،عمان :دار الصفاء للنشر و التوزيع.
- العشى،نوال،(2008)،ادارة التعليم الصفي ، عمان :دار اليازوردي للنشر و التوزيع.
- العمايرة،محمد حسن ،(2007)، المشكلات الصفية السلوكية- التعلمية – الاكادمية اسبابها مظاهرها علاجها ، عمان:دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة.
- العمراني،عبدالغني محمد اسماعيل(2014)المشكلات اطفال ماقبل المدرسة و اساليب المساعدة فيها، صفاء: الناشر دار الكتابالجامعي.
- غنيم،مصطفى،(2002)،استراتجيات اداء مهام حل المشكلات لدى الطلاب ذوى الاسلوب المعرفي التروى،الاندفاع، جامعة القطر :مجلة العلوم التروى، ص ص:159-196، ع:1.
- القشاعلة ،بديع عبدالعزيز محمد (2016)، المشاكل السلوكية لدى الاطفال، فلسطين: رهط، طباعة و توزيع مركز السيكولوجي للخدمات النفسية.
- قنديل،ياسين عبدالرحمان(1993)التدريس و اعداد المعلم، الرياض :دار النشر ،الدلى.
- الكسواني،مصطفى خليل،(2005)،ادارة التعلم الصفي ،طبع 5،عمان: دار الصفاء للنشر.
- الكيكي،محسن محمود احمد(1991).اساليب الاباء و الامهات في التنشئة كما يدركها ابنائهم المتفوقون و المتاخرون دراسيا.رسالة ماجستير.
- محمد،لحسين و ادجرفور عبد الباسط(2019) الضبط الصفي و علاقته بالتوافق النفسي الاجتماعي للتلميذ،رسالة ماجستير، جامعةاحمد دراية ادرار: كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية و العلوم الاسلامية.
- محمد،لحسين،عبدالباسط،ادجرفور(2018)الضبط الصفي و علاقته بالتوافق النفسي الاجتيماعي للتلميذ، رسالة ماجستير، غير منشوره، جامعة احمد دراية ادرار- الجزائر كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية والعلوم الاسلامية.
- مخامرة،كمال خليل و ابو سمرة محمود احمد،(2012)،انماط الادارة الصفية لدى المعلمين مدارس مديرية التربية و كالة الخوث، غزة:جامعة الازهر مجلة العلوم الانسانية.

- تونس المنظمة العربية للتربية و الثقافة و العلوم ،ادارة برامج التربية.
- مصطفى،اسامه(2010).مدخل الى الاضطرابات السلوكية و الانفعالية،طبع 10، الاردن :دار المسيرة للنشر و التوزيع،عمان.
- معوض،ماريان(2011).فعالية برنامج تدريبي قائم على التعلم الشرطي في خفض اضطراب النشاط الزائد المصحوب بقصور الانتباه لدى الاطفال البينيين،مصر :جامعة بور سعيد، مجلة كلية التربية،ص ص: 821-854، ع:25.
- المقيد،عارف مطر،(2009)،مشكلات الادارة الصفية التي تواجه معلمي المرحلة الابتدائية بمدارس وكالة الغوث الدولية بغزة وسبل التغلب عليها،رسالة ماجستير ،الجامعة الاسلامية.
- ملحم،سامي محمد،(2002)،مشكيلات طفل الروضة،طبع الاول،بيانات النشر دار الفكر،عمان
- منسي،ايمان محمد عارف،(2021)،درجة ممارسة معلمات رياض الاطفال للارشاد النفسي من وجهة نظرهن في ضوء بعض المتغيرات،رسالة ماجستير،جامعة الاسراء:كلية رياض الاطفال.
- منسي،حسن،(1996)،ادارة الصفوف، اربد: دار الكندي للنشر.
- موسى،ميادة اسعد،(2018)السلوك الاندفاعي وعلاقته بالقلق لدى طفل روضة،رسالة ماجستير جامعة بغداد:كلية التربية البنات،قسم رياض الاطفال.
- مونس ،جمال فهمي(2015)درجة ممارسة مدير المدارس الثانويية بمحافظات غزة للضبط المدارس و علاقته بمستوى الضبط الصفي من وجهة نظر المعلمين ،رسالة ماجستير، فلسطين غزة- جامعة الاسلامية بغزة، كلية التربية.
- النابلسي ، ثابت،(2013).فاعلية برنامج تدريبي مستند الى اللعب في تعديل السلوك الاجتيماعي لذوي ذعف الانتباه والنشاط الزائد لدى عينة من الطلبة اليتام،رسالة دكتوراة،جامعة العلوم الاسلامية العالمية ،عمان.
- نادر،علا هيثم،(2014)،فاعلية برنامج تدريبي قائم على العلاج السلوكي المعرفي في تنمية المهارات الاجتماعية لدى الاطفال ذوي صعوبات التعلم،رسالة ماجستير،دمشق:كلية التربية الخاصة.
- النداوي،استبرق داود سالم(2018)،الضبط الصفي لدى معلمات رياض الاطفال رسالة ماجستير، غير منشوره ، جامعة بغداد: كلية التربيةللبنات،قسم رياض الاطفال.

سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:-

- Erickson,M, F,Sroufe ,L.A., & ,(B).(1985),Monographs of the society for research in child development,Egeland.

- Kagan,jerome, et al.(1971).change and contity infancy john wiley and sons, U.S.A.

- The development and treatment of impulsivity(2011),PP: 134-141 https//www.researchgate.net/publication/313791804

-Thomas Rinne,Wim van den Brink,Luuk Wouters, Richard van Dyck (2002)SSRI treatment of borderline personality disorder:a randomized, placebo-controlled clinical trial for female patients with borderline personality disorder,American journal of psychiatry,pp:2048-2054,N:289.

چوارەم :سەرچاوەی ئینتەرنێت:

- الادارة الصفية في روضة ،بەرواری دانان١٤/٤/٢٠٢٠، بەرواری دابەزاندن 2021/2/1. https://alnuhag.com/article/104
- محمود،توبە،بەرواری دانان ، 2019/8/7، .
- ابراهیم، رشید،بەرواری دانان٢٨/٣/٢٠١٨ thttp://www.ibrahimrashidacademy.net/
- خيرية الهنداوي،٢٨/٣/٢٠٢١،علاج فرط النشاط الحركي (الاندفاعية ) عند الاطفال http://www.beta.sayidaty.net

- Legg, timothy.j, 12/5/2020),is impulsive behavior. A disorder https://www.healthline.com/health/mental-health/impulsive-behavior

# پاشکۆکان

## پاشكۆی (1)

## نوسراوی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت بۆ پشتگیریکردنی توێژەر



KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani
College of Basic Education

حكومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

خوێندنی باڵا وکاروباری زانستی
*Postgraduate Unit & Scientific Affairs*

ژمارە: ٢٩١٧/١٥٧١
ڕێکەوت: ١٨/٥/2021 زایینی
/ / 2721 کوردی

بۆ/ بەڕێزان: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات - پەروەردەی ڕۆژئاوا

بابەت/ پشتگیری

سڵاوی زانست...

پشتگیری بەڕێز (ئاشنا ابراهیم سلیم) دەکەین خوێندکاری خوێندنی باڵا / ماستەرە لە بەشی باخچەی منداڵان، کە لە قۆناغی نوسینی توێژینەوەکەیدایە، داواکارین لە بەڕێزتان هاوکاری ناوبراو بکەن لە کاروباری توێژینەوەکەیدا.

لەگەڵ ڕێزدا.

پ.د. علی قادر عثمان
ڕاگر بەوەکالەت

وێنەیەك بۆ/
- نوسینگـــەی ڕاگری کۆلێج ... لەگەڵ ڕێزدا .
دۆسیەی نوسراوی دەرکردە.
دۆسیەی کەسی

Iraqi Kurdistan Region– Sulaimani– University of Sulaimani New camp –Tasluja –Street 1- Zone 501 - Tel: 053-3285809
Faculty's Email: *bedu.sul@univsul.net*
*www.univsul.net*

## پاشكۆی ژماره(2)

**ليستی ناوی شارەزايان بەپێی ڕيزبەندی پلەی زانستييان دەربارەی هەڵسەنگاندنی ڕاستی ئامرازەكانی تويژينەوە**

| ژ | ناوی پسپۆڕان | پسپۆڕی | نازناوی زانستی | شوێنی كاركردن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د. يوسف حمه صالح مصطفى | دەروونزانی كەسايەتی و دروستی دەروونی | پرۆفيسۆر | زانكۆی سەلاحەدين |
| ٢ | د. عمر ابراهيم عزيز | دەرونزانی پەروەردەيی | پرۆفيسۆر | زانكۆی سەلاحەدين |
| ٣ | د. رشدی علی ميرزا جاف | دەروونزانی كلينيكی | پرۆفيسۆر | زانكۆی سلێمانی |
| ٤ | د. كريم شريف قەرەچەتانی | پێوانە و هەڵسەنگاندن | پرۆفيسۆر | زانكۆی سلێمانی |
| ٥ | د.كاوه علی محمد | ڕێگاكانی وانە وتنەوە | پرۆفيسۆر | زانكۆی كۆيە |
| ٦ | د. ڕێزان علی ابراهيم | دەروونزانی پەروەردەيی | پرۆفيسۆری | زانكۆی سەلاحەدين |
| ٧ | د. حسن فخرالدين خاليد | دەروونزانی پەروەردەيی | پرۆفيسۆری ياريدەدەر | زانكۆی سلێمانی |
| ٨ | د.عبد الصمد احمد محمد | دەروونزانی پەروەردەيی | پرۆفيسۆری ياريدەدەر | زانكۆی سلێمانی |
| ٩ | د.محمد طه حسين | دەروونزانی | پرۆفيسۆری ياريدەدەر | زانكۆی سەلاحەدين |

## پاشکۆی(3)

## ناوی پسپۆڕانی وەرگێڕی پێوانەکە

| ژمارە | ناو | پلەی زانستی | پسپۆڕی | شوێنی کارکردن | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | د.سۆلاڤ فائق محمد | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانە وتنەوە | زانکۆی سلێمانی | لە عەرەبییەوە بۆ کوردی |
| ٢ | د.محمد تاتان | پرۆفیسۆر | زمانی کوردی | زانکۆی سلێمانی | لە کوردییەوە بۆ عەرەبی |

## پاشكۆی(4 )

## فۆرمی تایبەت بە وەرگێڕ

زانكۆی سلێمانی

كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی باخچەی منداڵان

خوێندنی باڵا/ماستەر

## بابەت/ وەرگێڕانی پێوانە

بەڕێز

سڵاوی زانست

توێژەر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بە ناونیشانی (ڕەفتاری بزێوی منداڵ وپەیوەندی بە شێوازەكانی كۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان) بەڕێزتان بەو پێیەی شارەزاییتان لەزمانی عەرەبی و كوردی دا هەیە ،داواكارین ئەرك بكێشن بە وەرگێڕانی پێوانەكە بۆ سەر زمانی كوردی .

ناوی سیانی:

نازناوی زانستی:

پسپۆڕی:

شوێنی كار:

خوێندكاری ماستەر

ئاشنا ابراهیم سلیم

سەرپەرشتیار

پ.د.صابر بكر مصطفى

## پاشكۆی(5)

## پێوانەی (ڕەفتاری بزێوی)بەشێوەی سەرەتا

| ز | برگە |
|---|---|
| 1 | يسعى الحصول على مايريد بسرعة دون انتظار. |
| 2 | يتحدث مع الاخرين بسرعة . |
